# سێیەمین راپۆرتی نەشونمای عەرەبو مەترسیەکانی لەسەر کوردستان

**ئازاد عەلی**

□ دوای چوار مانگ لە بگرەو بەردە، رۆژی ٢٠٠٥/٤/٥ لەپایتەختی ئوردندا، سێیەمین راپۆرتی نەشونمای عەرەبی (تقرير التنميه العربيه) لەژێر ناونیشانی: بەرەو ئازادی جیهانی عەرەب.. بڵاوکرایەوە. لەم راپۆرتەداجگەلە توێژینەوەی باری ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، پەروەردەیی، ژینگەو تەندروستی... تاد. لەسەرجەم ئەو لایەنانەدا دۆخی وڵاتانی عەرەب خراپە. ئەوەی لەم سێیەمین راپۆرتەدا جەختی توندی لەسەر کراوە، کراویشەتە کرۆکی راپۆرتەکە، نەبوونی ئازادییە لەسەرجەم وڵاتانی عەرەبیدا، تەنانەت یەک وڵاتیش بە وڵاتی دیموکراسیو ئازادی باس نەکراوە.

ئەم راپۆرتە، هەروەکو دوو راپۆرتەکەی سێ ساڵ لەمەوبەر، ئامادەکران، (١٠٠) پسپۆری توێژینەوەی عەرەب راپۆرتەکەیان دوای توێژینەوەی (١٥) وڵاتی عەرەبی، ئامادە کردووە. توێژینەوەکە، زانستیو بێ لایەن بووە لەسەرجەم ئەو پسپۆرانەی بواری جیاجیای ئابوریوکۆمەڵایەتیوسیاسی... تهد، بۆیان دەرکەوتووە جیهانی عەرەب هێشتا لەژێر باری دواکەوتندا دەناڵێنێت. بەتایبەتی، ناڵەی نەبوونی ئازادی. بۆ نمونە:

لەناو عەرەبدا کە وڵاتەکانیان بەزۆر دەوڵەمەندی دەژمێردرێت، (٣٢) ملیۆن کەس، خواردنیان خراپەکە دەکاتە ١٢٪ی دانیشتوانیان.

٣/١ی پیاوانو نیوەی ژنانی عەرەب نەخوێندەوارن، رێژەی بێکاریش زیاتر لە (٥٠) ملیۆن، کە لە ٢٥٪ یان ١٥-٢٤ ساڵەن. کە ئەمەش وزەی سەرەکی ئەم وڵاتانەیە.

لەبارەی پەروەردەوە، بەوێرانی دەست نیشان کردووەو پێی وایە پرۆگرامی پەروەردەی وڵاتانی عەرەبی گیانی رەخنەو دەست پێشکەری داخوازی داهێنان ناهێڵێ. ئاراستەی ئەم پرۆگرامانەی بەتەڵقین دان لەقەڵەمداوە.. لەسەر مافی ژنان.. واهاتوە کە لەزۆر بارەوە خراپە، بەڵام تارادەیەک پێشکەوتنیش لەم بارەوە هەیە بەتایبەتی لەمەغریبدا.

گرنگترین بەشی راپۆرتەکە، لەسەر ئازادی سیاسیو مەدەنیە. لەم بارەوە دۆخی وڵاتانی عەرەبی بەکارەسات بارەدەست نیشان دەکات، پێی وایە ئازادی لەناو دەوڵەتانی عەرەبیدا نییە، بەئەستەم نەبێ. نەبوونی ئازادی لایەنی هونەرو ئەدەبیشی گرتۆتەوە، تازە کتێبەکانی (جبران خەلیل جبران) و (ئەلف لەیلەو لەیلە) لەهەندێک وڵاتی عەرەبیدا قەدەغە دەکرێت.

## نەبوونی ئازادی لایەنی هونەرو ئەدەبیشی گرتۆتەوە، تازە کتێبەکانی (جبران خەلیل جبران) و (ئەلف لەیلەو لەیلە) لەهەندێک وڵاتی عەرەبیدا قەدەغە دەکرێت

سەرنج دەن بەم زانیارییە سەرەتاییەی راپۆرتەکە، لەسەر هەلومەرجی وڵاتانی عەرەبی، دەیسەلمێنێ کە لە (١٥) ساڵی رابردووی پڕ لەگۆڕانکاریدا وڵاتانی عەرەبی کەمترین پێشکەوتنیان بەخۆیانەوە دیوە. بەڵکو دوجاری تەنگو چەڵەمەی گەورەتریش هاتوون. لەزۆر رووەوە ئەم سیستەمانە، بەهۆی عەقڵیەتی دواکەوتوی ناسۆنالیستیو مەزهەبیو خێڵەکییەوە، گەیشتونەتە بن بەست بەتایبەتی لەدابین کردنی دیموکراتیو ئازادیدا.

ئازادیش.. لەناو دەوری سێ سەد ملیۆن مرۆڤدا نابێ، ئەڵبەتە، بەچەمکە ئابوریە هاوچەرخەکەی، نە بازاڕی ئازادوو نەسەر بەستی ژنو، ناچارە سەرباری کێشەی نەتەوایەتیو ئاینیو کۆمەڵایەتیش دەبێت. ئەمەش لەهەموو بارێکی ژیانەوە رەنگی جۆراوجۆری نالەبار دەداتەوە. لەناو دۆخێکی ئاوادا، کە بەئەستەم ئازادی هەبێت، ئیدی ناکرێ چاوەڕێی چارەسەری کێشە بنچینەییەکان بین، بەکێشەی کوردستانیشەوە ئەگەر گەلانی وەک کورد، خۆیان خاوەن هێزی سیاسیو تەنانەت چەکداریش نەبنو بەهێزی جەماوەری هاوسەنگیەک لەگەڵ نەتەوەی باڵا دەستو دەسەڵاتی ئەو نەتەوەیە دا راگرن، نەک لەم وڵاتانەدا (بەئێرانو تورکیاشەوە) فیدراڵیەتیان پێ رەوا نابینرێت، بەڵکو مەرکەزیشیان پێنادرێت.

هەر ئێستا.. لەم هاوسەنگیەی هێزدا ئەم راستیە دەرکەوتوە. بەدرێژایی مێژووی نوێی عێراق، کورد پێویستی بەعێراق بۆ لایەنی کەمی مافەکان هەبووە، بەتەنگیەوە نەهاتوون، بۆ؟ چونکە نەتەوەی باڵا دەست هێزی بەهێزتری هەبووە. بەڵام دۆخەکە کە گۆڕا، هێزی نەتەوەی باڵا دەست دابەزیە خوار هێزی نەتەوەی ژێر دەستەی کوردەوە، فیدراڵیەت چەسپاو، لەباتی وەزارەتی (چاکسازی شیمال!!) وە، سەرەک کۆمارو چەندین پۆستی سیادیمان دەدەنێ.

باشوری سودانیش هەروایە، ئەگەر هێزیان نەباو بەرگریان نەکردباو هێزی نەتەوەی ئیسلامی عەرەبی باڵا دەستی سودان، لاوازتر نەبوایە، نەسودانو نەوڵاتانی دیکەی عەرەبیش رازی نەبوون فیدراڵیەتیان بدرێتێ.

باشترین بەڵگەش کوشتنی دوو ملیۆن خەڵکی ئازادیخوازی باشوری سودانە، لەم بارودۆخەی وڵاتانی عەرەبیدا، کورد حەق وایە زۆر وریاتر بێت. بەڵکوو زۆریش نیگەران بێ. باشترین دەستەبەریش خۆبەستنەوەیە بەئاڵوگۆڕە جیهانیەکە، بەبێ فەرامۆشکردنی دەوروبەر، عەرەب زۆرتریش.

دەستەبەری.. هەرە گرنگیش تەنهاو تەنها سایسەتو پێشمەرگەی پاراستن نیە، (کە ئەمانە زۆر گرنگن).

بەڵکو لەم رۆژگارەدا، مەسەلەی عەرەبو زانستو زانیاریش زۆر گرنگن. ئابووری بەهێز، یان ژێرخانی ئابووری هاوچەرخ دەتوانێ دەستەبەری زۆر ئامانج بێت، ئەمەش بەوە دەکرێ کەوا: میکانیزمی بازاڕی ئازاد ئاسانکاری زۆری بۆ بکرێ. هەڵسوڕانی نەرمو نیانی هەبێت.

مشەخۆریو بیرۆکراتیەتی، پێشکەوتنی نەهێڵدرێن. مۆنۆپۆلی دەسەڵات لەسەر بازاڕو ئازادی بازاڕ هەڵبوەشێنرێتەوە. هەروا، ئەم ئازادییە، ژنان لەگەڵ پیاوان یەکسان بکات لەهەموو مافەکاندا بێ جیاوازی. ئەمانەش بۆ سەرکەوتنی بەرنامەی دوورو بەردەوامی سەرکەوتنەکە، بەبێ گۆڕینیو پێشخستنی پرۆگرامی خوێندن لەباخچەی ساوایانەوە بۆ خوێندنی باڵا، ستەمە..

لەنەخشەی ئابوری هاوچەرخیشدا.. ناکرێ هەڵەی وڵاتانی عەرەبیو خاوەن نەوتی دواکەوتوو دوپات بکرێتەوە، کەنەوتیان کردۆتە بنچینەی ئابوری. ئەمە هەڵەیەکە زیانی زۆرە کەناشێ بەبیانوی ئەوەی نەوت لەکوردستاندا زۆرەو بەدابین کردنی پشکی نەوتی باش لەدەسەڵاتی مەرکەزی، ئیتر پشتیوانی لێ بکرێتەوە. نەوت لەگەڵ باقی بوارەکانی ئابوری دەبێ بخرێتە بنەماو پرۆژەی ئابورییەوە. هاوسەنگی بەرنامەی ئابوری لەنەوتو پیشەسازی دیکەو کشتوکاڵو تەکنیکی نوێی ئابوری، بەتایبەت تەکنیکی بەرهەمی نوێ چەشن، و باشترین سیاسەتی بانکو مامەڵەی پاشەکەوتی پارە لەبانکەکاندا، و راکێشانی باشترین سیستەمی بانکی جیهانیو ناوچەیی بۆ کوردستان، کورتیەکەی هەرچیەک ئابوریو مۆدێرن بیەوێت، دەبێت وردە وردە ئەنجام بدرێ. دەنا.. بەم بەرنامە ئابورییەی هەتا ئێستا گیراوەتە بەری کەبەزۆری بۆ رازی کردنی خەڵکو ئابوری بەرخۆرەی (ئیستهلاکی) ئەم بەرنامە ئابورییە، نەک پاشەرۆژی نییە، بەڵکو کارەساتیشی لێ دەکەوێتەوە.

کەنازانرێ کارەساتی ئابوری دەسەڵاتی سیاسی بەچ دەردێک دەبات، بەتایبەتی ئەم دەسەڵاتەی کوردستان، بەشی زۆری خەڵکی وا راهێناوە، پشت بەموچەو یارمەتی ببەستن. کەقەیرانی ئابوریش سەری هەڵدا، لەپێشدا، موچەخۆر ژیانی دادەتەپێ. بەتایبەتی بیرمان نەچێ، ئێمە لەناو بازنەیەکی ئیقلیمیداین، ئاسانە پیلانی ئابوریمان لێ بگێڕن. گەمارۆشمان بدەن، بەبێ ئەوەی گەمارۆکەش رابگەیەنن. ئەمە چ بەنیسبەت عێراقەوە، چ کوردستانیش، کەوابێ خوێندنەوەی ئەم راپۆرتەی نشونمای ئابوری، بۆ کوردستانیش، لەهەموو بارێکەوە، زۆر گرنگە، هەتا کوردستانیش نەچێتە ناوهەڵدێری سیاسیو ئابوری ئازاد.■

## بەم بەرنامە ئابورییەی هەتا ئێستا گیراوەتە بەری کەبەزۆری بۆ رازی کردنی خەڵکو ئابوری بەرخۆرەی (ئیستهلاکی) ئەم بەرنامە ئابورییە، نەک پاشەرۆژی نییە، بەڵکو کارەساتیشی لێ دەکەوێتەوە

# ئەردەنو رۆژنامەنووسەکانی بەعس

**دیانا مقلد**

**و/ فەیزوڵا برایم خان**

□ قسەو گۆتەو باسێکی زۆر کرا سەرەتا بەچرپەو دواتریش بەئاشکرا سەبارەت بەپەیوەندییەکانی سەرۆکی لادراوی عێراق سەدام حسێن لەگەڵ توێژێکی گەورەی ئەعلامیەکانو رۆژنامەنووسانی عەرەبو هەندێ لەبیانیەکانو لیستی ئەو کۆبوونەوەانەی شوهرەتیان پەیدا کرد ناوی رۆژنامەنووسە عەرەبەکانی لەخۆ گرتبوو، واپێدەچێت ئەو پەیوەندیانەکە تیایدا قازانجی ماددی تێکەڵ بوو بوو لەگەڵ وەهمە سیاسیو عروبیەکان بەشێوەیەکی تەواو تائێستاش لاپەڕەکەی نەپێچراوەتەوە، تائێستاش هەندێ لە رۆژنامەنووسو نووسەرە عەرەبەکانی دیلی ژێر دەستی ئەو ئەفسانانەن ئەوەی سەبارەت بەکەسایەتی سەدام حسێنو حوکمەکەی هۆنراوەتەوە بەجۆرێک کە ئەو راستیانەی یەک لەدوای یەک ئاشکرا بوون پێش روخانیو هەروەها دوای روخانیشی پاڵنەر بوون بۆ ئەو رۆژنامەنووسو نووسەرانە کە پێداچوونەوەیەک بکەن بەقەناعەتەکانیانو هەڵپەیان بۆ بەرگری کردن لەرژێمی بەعسو سەدام. هەروەها نەبوونی نەریتە دیموکراسیەکان لەوڵاتی ئێمەدا بوونە رێگر لەبەردەم سزادانو لێپرسینەوەی ئەو ئەعلامیو رۆژنامەنووسانەی کلکیان لەگەڵ رژێمی سەدام گرێدابوو.

چەند رۆژێک بەر لەئێستا شای ئەردەن، عەبدوڵای دووەم لەگەڵ نوێنەرانی رۆژنامە ئەردەنیەکان کۆبووەوەو داوای لێکردن پێداچوونەوەیەک سەبارەت بەکارەکانیان بکەن لەسەر باکگراوندی چۆنیەتی مامەڵەی رۆژنامەنووسیی ئەردەنی لەگەڵ هەواڵی عێراقی لەکاتێکدا لەناو ئەردەن قسەو باس لەسەر ئەوە هەیە کەوا ژمارەیەکی بەرچاو لەرۆژنامەنووسە ئەردەنیەکان هەمان ئەو دیدەیان هەیە کە ئەوانە لەکاتی حوکمی رژێمی سەدام حسێن هەیان بوو وکاریان پێ دەکرد کە وروژاندنی هەستی عێراقیەکانو توڕەییان لێکەوتەوە.

رەنگە چیرۆکی خۆکوژی رائید ئەلبەنا کە لە کردەوەیەکدا بەدەیان کەسی کوشتو بریندار کرد چەند هەفتەیەک بەر لەئێستا ئاڵقەی کۆتایی نەبێت دوای ئەوەی یەکێک لەرۆژنامەکانی ئەردەن هەواڵی (زەماوەندی شەهید)ی بڵاوکردەوە کە خانەوادەی ئەو خۆکوژە ئەنجامیاندا لەدەربڕینی شادی بەرامبەر بەکردەوەی ئەنجامدراو.

هەرچەندە خواستو ویستی شاهنشاهی رێگەیەک نیە بۆ پێداچوونەوەی پیشەیی بەتایبەتی ئەو پەیوەندییانەی کە سەدام حسێنو سەفارەتەکەی لەعەمان لەگەڵ رۆژنامەنووسە ئەردەنیەکان دروستی کردوون لەبەرچاوی خودی رژێمی ئەردەن دروستکران، ئەوەی سەرنج راکێشە رۆژنامەنووسی ئەردەنی هیچ پێداچوونەوەیەکی نەکرد لەساڵەکانی حوکمی سەدام حسێندا. پەیوەندی ژمارەیەکی زۆر لەرۆژنامەنووسە ئەردەنیەکان بەرژێمی پێشووی عێراق پەیوەندی ئاشکراو دیارو جێگیر بوونو بەرێکەوت نەبوو کە بینای سەندیکای رۆژنامەنووسانی ئەردەن بەو پارەو پولە کرا سەدام پێشکەشی کردن جگە لەو دەرماڵە داراییەو دیاریو خەڵاتانە کە بەشێوەیەکی رێکو پێک لەلایەن رژێمی عێراقەوە دەدرایە هەندێ لەرۆژنامەنووسەکان.

ئێستاش دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر رووخانی ئەو رژێمە پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ رژێمی سەدام کۆتایی پێ هات بەڵام پەیوەندی چەند توێژێکی فراوانی ئەردەنیەکانو رۆژنامەنووسەکان بەسۆزەوە لەگەڵ ئەو رژێمە تائێستاش لەئارادایەو نیشانەکانی لەزۆر بواردا دەردەکەونو بەرێکەوت نیە کە ژمارەیەکی زۆر لەوانەی کاری خۆکوژی دەکەن، غەیرە عێراقی بنو ئەردەنی بن.

ئەوەی مایەی سەرنجە ژمارەیەکی زۆر لەو نووسەرو رۆژنامەنووسانە لەسەر کەناڵە ئاسمانیەکان دەرکەوتنی یان نووسینیان لەرۆژنامەکان نووسی پێداچوونەوەیەکی فیعلی بارودۆخی رژێمی پێشوو کردەوە دزێوەکانی ئەویان ئەنجام نەدا دوایی بەوێنەو دۆکۆمێنتی روون بووەوە.

ئەو هەنگاوەی شای ئەردەن کە داوا لە رۆژنامەوانی ئەردەنی دەکات پێداچوونەوەیەک بکەن لەمامەڵەیان لەگەڵ بابەتی عێراقی بەرهەمی هەست پێکردنی شای ئەردەنە بەو قەیرانو تەنگژەیەی رۆژنامەوانی وڵاتەکەی دروستی کردووە لەنێوان عێراقیەکانو ئەردەن.

رەنگە رۆژنامەوانی تاکە رووی تەنگژەی نێوان ئەو دوو وڵاتە نەبێت بەڵام مینبەرێکە بۆ هەستە هەڵچووەکانو رەنگدانەوەی. بەخۆداچوونەوەی رۆژنامەوانی ئەردەنی لەمامەڵەکردنی لەم بوارەدا رەنگە دەرگا لەبەردەم پێداچوونەوەی هاوجۆر بکاتەوە کە پەیوەندیەکانی نێوان ئەردەنیەکانو عێراقیەکان پێویستیان پێی هەیە تاکو دراوسێیەتی ئەو دوو گەلە دەچێتە سەر رێگای راستو بەتایبەتی لەکاتێکدا ئەو زەرقاوییانە هەن کە هەوڵی تەقاندنەوەی ئەو پەیوەندییە دەکەن بێ گوێدانە ئەوەی رەنگە بەسەر خوودی ئەردەنیشدا بشکێتەوە.■

www.aawsat.com

# حکومەتی نوێی عێراق لە بەرامبەر پرسێکی ئەخلاقی گەورەدا ..

**خەسرۆ پیربال**



□ حکومەتی عیراق دروستدەبێتەوە و دیسانەوە بەشێوازی جۆراوجۆرەوە ، ووردە ووردە دەگەڕێتەوە نێو کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا ، هێزی هاوپەیمانان و لەسەرەوەی هەمووشیانەوە ئەمریکا و وڵاتانی تری دوونیا ، پێشبڕکێی یەکتردەکەن ، بۆیە دووبارە بنیاتنانەوەی عێڕاق ، پرسی گەورەی عیڕاقی نوێ ، تەنها دووبارە بنیاتنانەوە نابێ ، چوونکە یەکێک لەو گرفتانەی کۆمەڵی عێڕاقی ، تێکچوونی ژێرخانەکانیەتی ، بۆ ماوەیەکی درێژ ، دەسەڵاتە ڕەشەکەی حکومەتی بەعس ، بە شێوازێکی سیستەماتیکی داڕێژراو و بەرنامەیەکی تێکدەرانەی پیسەوە ، گەورەترین و قێزەوەنترین تاوانی دەرهەق بە میللەتانی عیراق بەتایبەتی دەرهەق بە میللەتی کوردستان ئەنجامداوە ، ئازار و ئەشکەنجەیەکی گەورەی مرۆڤی کوردی داوە ، لەو توونڕەویەی پەیڕەو دەکرا ، لەلایەن تاقەکەسێکەوە نەدەکرا ، بەڵکوو سەرجەم داموودەزگا ڕەسمی وعەسکەری و مووخابەڕاتیەکانەوە ئەنجامیان دەدا ، بەواتای ئەوەی کە ئەو تاوانانە قاڵبێکی فەرمی و یاسایی بەرزیان وەرگرتووە ، هەموو ئەو دۆکوومەنتە و بەڵگەنامانەی کە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس بڵاوبوونەوە گەواهی ئەوە دەدەن ، کەگشت ئەوتاوانانەی دەرهەق بە میللەتانی عێڕاق و بەڵکوو وڵاتانی دەوروبەریشەوە ئەنجام دەدرا ، ئەوە دەوڵەتی عیراق وحکومەتی بەعس بەرپرسیارن بەرامبەر مێژووو بەرامبەر کەسوکاری قوربانیانیان...

ئەگەر ئەزموونی وڵاتانی تریش بخوێنینەوە ، بۆ نموونە ، یابان ، فەڕەنسا ، وڵاتانی تری جیهان ، پاش گۆڕانکاریە دیموکراسیەکانیان و پێشکەوتنی سیاسیی و ئابووری و کویمەڵایەتیەکانی ئەو وڵاتانە ،لەگەڵ پێشکەوتنی ڕەوتی سیاسیی و فیکری هێزو لایانە سیاسیەکانی وڵات ، هەموویان هەریەکەو بەگوێرەی ئەزموون ومێژووی خۆیان ، بەشێوەیەکی فەرمی، سەرۆک وەزیران یان سەرۆکی وڵات.

لە لێدووانێکی فەرمی و لەبەردەمی سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و بە نووسراو ، وەکوو دەوڵەت ، داوای لێبوورنیان کردووە لە قووربانیانیان - دووایین ئەزموونیش ، هەڵوێستی سەرۆک وەزیرانی یابان بوو، بەفەرمی داوای لێبووردنی لەگەلانی جیهان کرد ، وە بەتایبەتی داوای لێبووردنی لە چین کرد ، بەرامبەر مێژووی پڕتاوانی یابان کاتێک ، یابان وەکوو وڵاتێکی ئیستیعماری دەسەڵاتی بەسەر چەند وڵاتێکدا هەبوو .. تاوانی گەورەی دەرهەق بە میللەتان کردووە.

بەم هەڵوێستە گەورەیەی یابان ، ڕێزو و گرینگیەکی گەورەی نێودەوڵەتی بۆخۆی دابین دەکات ، ئەمڕۆ کە کاتی شەڕ نەماوە ، کات کاتی درووستکردنی پردی دیالۆگە لەنێوان فەرهەنگە جۆربەجۆرەکانی دوونیا..

ئەمڕۆکە دەوڵەتی عیڕاقی فیدڕاڵی، دەبێت بەشێوەیەکی فەرمی و ئاشکرا ، لەسەرزاری سەرۆکی یاخوود ، سەرۆک وەزیرانی ، داوای لێبوردن لە گەلانی عیڕاق و بەتایبەتی لە گەلی کورد بکات . بەمەش سەرەتایەکی پتەوڕاستەقینە و درووست بوي ئەو دەوڵەتە نوێیە دابین دەکەین و بەهیقیقەت لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەدرێتەوە و مێژووی پڕ تاوانی حکومەتی ڕابردووی عیڕاق ڕیسوا دەبێت و لەسەر بنچینەیەکی نوێش پەیوەندی نێوان هاولاتیان و دەسەڵات درووستدەبێتەوە ، ئەسایش وسەقامگیری کۆمەڵایەتی سیاسیی بەرقەرار دەبێت، ئیدی هاولاتی بیر لەوە دەکاتەوە.

چی بکات بۆ حکومەتەکەی و چی بکات بۆ دەوڵەتەکەی و خۆشەویستی وڵاتی لە دڵ و دەروونیەوە درووستبێت و ڕێز لە حکومەت و یاسا بگرێت ، وەکوو هاوڵاتیەکی بەرپرس هەڵسوکەوت بکات ببێتە ئەندامێکی بەسوود و کارا لە کۆمەڵی عیڕاقی نوێدا .■

## کورتیلە باس

### ئەمریکا پێشنیاری دیالۆگ دەکا لەگەڵ (١٧) ڕێکخراوی ئیسلامی عەرەبی میانڕەو

□ ماوەیەکە حکومەتی ئەمریکی سەرقاڵی چاوخشاندنەوەیەکی سەرتاپایە بەسیاسەتەکانی بەرامبەر حزب و ڕێکخراوە ئیسلامیە میانڕەوەکان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمەش بەپۆلێن کردنیان لەسەر بنچینەی هەڵوێستی ئەم لایەنانە لەدیموکراسی و پرەنسیپی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و دانیان بۆ توندوتیژی سیاسی. سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە سەرەتاکانی ئەم چاوخشاندنەوەیە لەساڵی (٢٠٠٢)ەوە دەسپێدەکا، ئەوکاتەی (کوندولیزا رایس) سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەی بوو، جێگرەکەی ئێستا راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەییە (ستیڤان هاری یوشک) لەقۆناغی کۆتایی ئامادەکردنی راپۆرتێکی دوورو درێژە لەبارەی هەڵوێستی ئەم کۆمەڵانەو قورسایی ڕێکخراوە ئیسلامیە رادیکاڵەکان لەناو کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا ئەمەش بۆ بەرچاو روونی و داڕشتنی سیاسەتێکی نوێ.

شایەنی باسە ولایەتە یەکگرتووەکان لەسەرەتای نەوەتەکانی سەدەی رابروودا، رەوتێکی بەهێزی بەخۆیەوە بینی کە دوای دیالۆگی دەکرد لەگەڵ ئەم هێزانە. بەتایبەت دوای سەرکەوتنی ئیسلامیەکان لەهەڵبژاردنەکانی جەزائیر، کە لەوکاتانەدا ئەمریکا چەندین کەناڵی پەیوەندی هەبوو لەگەڵ ئیسلامیەکانی جەزائیرو تونس، کە ئەمەش لەوکاتەدا فەرەنسیەکانی نیگەران کردبوو. بەڵام گۆڕانکاری لەرووداوەکان و بەتایبەت کردەوە تیرۆریستیەکەی (١١) سبتمبر، ئەم هەوڵانەی توشی بەستەڵەک کرد.

گفتوگۆکانی حکومەتی ئەمریکا لەگەڵ سیستانی لەعێراق، هێزێکی تازەی بەخشیوە بەم هەوڵانە، کەدوانییان دانیشتنی نێوان نوێنەرانی ئەمریکاو نوێنەرانی هەردوو ڕێکخراوی فەلەستینی (حماس) و (جیهاد) بوو.

وا چاوەڕوان دەکرێ لەساڵانی داهاتودا ئەم هەوڵانە گڕوتینی زیاتر بگرنە خۆ، بەتایبەت دوای ئەوەی ئاڵوگۆڕە سیاسیەکان وا پێویست دەکات لەسەر ئیدارەی ئەمریکی، کەچاوخشاندنەوەی جدی بکات لەسیاسەتەکان دا.■

### کوشتاری ئەرمەنی و گەردنی تورکی

□ سەرۆک کۆماری ئەرمەنی وتی "وڵاتەکەی داوای قەرەبوی مادی ناکا، بەڵکو پێویستی بەقەرەبوی مەعنەوییە، کاتێک داوا لەتورکیا دەکات کەدان بەکارەساتی کوشتاری ئەرمەندا بنێت لەساڵی ١٩١٥ ئەم وتانەی (روبرت کوشاریان) لەو ئاهەنگەدا کران کەلەیادی نەوەت ساڵەی ئەم کوشتارەدا ڕێکخرا بوو، کەئەرمینیا لەبارەیەوە دەڵێت تیایدا ملیۆن و نیو ئەرمەنی کوژراوەو، حکومەتی تورکیاش دەڵێ (لەم شەڕەدا سێ سەد هەزار تورک و ئەرمەنی کوژراون) هەرچەندە ئەنکەرە ئەم رووداوە بە بەشێک لەململانێی تایفی تەفسیر دەکات بەوپێیەی ئەرمەنیەکان لەگەڵ لەشکری روسی دا بون لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەم دژی هێزە عوسمانیەکان، بەڵام هاوکات هەندێک ئاماژەی لاواز هەن بۆ ئامادەباشی تورکیا بۆ لێکۆڵینەوە لەم بارەو جێبەجێکردنی هەندێک لەداخوازی ئەرمەنیەکان.

شایەنی باسە ئەم یادکردنەوەیەی ئەم ساڵ لەکاتێکدا دێت کە تورکیا لەهەوڵی بێ وچان دایە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ مەرجەکانی ئەوروپا بۆ قبوڵکردنی بەئەندام تیایدا. شایەنی باسە سەرۆک وەزیرانی تورکیا (رجب تەیب ئەردوغان) لەهەفتەی رابردوودا نامەیەکی بۆ سەرۆکی ئەرمینیا ناردوو تیایدا ئامادەیی حکومەتەکەی دەربڕی بوو بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەشی بۆ لێکۆڵینەوە لەمێژووی هاوبەشی نێوان ئەم دوو وڵاتە جێی ئاماژەیە (کوشاریان) ئەم هەنگاوەی بەئیجابی هەڵنەسەنگاند.

هەر لەم بارەیەوە سەرۆکی فەرەنسی (جاک شیراک) کەوڵاتەکەی زیاتر لەچوار سەد هەزار ئەرمەنی تیادا دەژی، پێشبینینی سەرۆک کۆماری ئەرمەنی بەدوو رۆژ، وتبوی کە (فەرەنسا بەئەندام بوونی تورکیا دەبەستێتەوە بەپابەندبونی ئەنقەرەی تەواو بە بەهاکانی یەکێتی ئەوروپا، وە "پێویستە ڕێز لەیادەوەرەی بگیرێ".■

# تاقەفەزێک هەبێت بۆ باڵندە زیندانێکیش هەیە بۆ مرۆڤ

ریپۆرتاژی/ محەمەد رەزا



□ لەگەڵ ساڵەکانی پێشوتردا، لەبەرئەوەی ئێستا خەڵک نایفرۆشێت رایئەگرێت، چەند ساڵێک لەمەوبەر مەعیشەت گران بوو خەڵکی کۆترەکانی ئەفرۆشت بەڵام ئێستا رایئەگرن و نایفرۆشن، جۆرەکانی کۆتر کە زۆر ئەسڵ بێت ئەمانەن (شامی خەنەر، لەبلەب، پەری، بەلچیکی، عینوان و هاقوی ئەسڵ) ئەمانە هەمووی لە (سێ) هەزار دینار زیاتر ئەکەن، هەروەها کۆترێکی گرانبەها هەیە کەپێی دەوترێت (کۆتری زاجل) ئەم جۆرە کۆترانە وەک نامەبەر ناوبراون و توانایەکی باشیان هەیەو ئەتوانن ٩ سەعات لەئاسماندا بمێننەوە و بفڕن، جاری جاران ئەم کۆترانەیان بۆ گوێزانەوەی پارچە دۆلارو تلیاکو شتی تر بەکاردەهێنا، لەدوای (١٠-١٥) ساڵ ماڵی خاوەنی پێشووی خۆی دەناسێتەوەو ئەتوانێت بڕواتەوە بۆ ئەو ماڵە، ئێستا لەسلێمانی تەنها بۆ (منافسە) کردن رادەگیرێت و چەند کەسێک هەیەتی.

**کارزان محەمەد:**

**×نرخی کەنارییە پلە یەکەکان لە (٥) وەرەقەوەیە تا دەگاتە (٥٠٠) دیناری سویسری، پلە دووەکانیش لە ١٥٠٠-٢٥٠ پلە سێیەکانیش هاکەزاین و زۆر هەرزانن.**

کۆترە عادییەکانیش ئەمانەن (زەردبەڵەک، سوور بەڵەک، سپی رووت، شین بەڵەک، قەلبەڵەک، قەلی، چینکۆیی بەلەک، دەمری، رەش دەمری) ئەم جۆرە کۆترانە نرخیان زۆر هەرزانە کۆترە ئەسڵەکان چەندە دەنوکی بچوکتر بێت زیاتر با شەو مەرغوبترە، عادیەکانیش سیفاتەکانیان تەنها زۆر فڕینەو تەقە لەلێدان و هاتنەوەیانە، پاشان (حەمەخان حەمەجان) سەبارەت بەمریشکو کەڵەشێری قەزەم بۆمان دواو گوتی:-کاتی شەڕی عێراق و کوێت ئەم دوو پەلەوەرە روو لەزیادبوون بوو، دواتر لەبەغداشەوە بەرەو کوردستان بەلێشاو هات، ئەم مریشکوو کەڵەشێرە قەزەمانەش پلە یەکەکانیان زۆر بچوکن یان رەش و گوپن و قەترانین، ئەوانەشی کڵاویان زل و گەورەیە زۆر مەرغوبن، نرخیشیان زۆر زیاترە لەوانی تر، ئەوانەشی (مواصفات)یان لەمانە کەمتر بوو ئەوانە هەموانیان بەعادی حساب دەکرێن و نرخیشیان هەرزانترە.



×دواتر چوینەوە لای کاک کارزان محەمەدو سەبارەت بەنرخی خەیاڵی کەناری گوتی:- لەئێران کەناری کڕدراوە جوتی بە (٢) ملیۆن تمەن کە ١٤-١٥ هەزار دیناری سویسری دەکات، بەڵام لێرە لە (٦-٧) وەرەقە تێپەڕی نەکردووە، سێ ساڵ لەمەوبەریش (٣) جوت کەناری لەجۆری (سکۆج) هاتە کوردستان و لێرەوە برا بۆ بەغدا درا بە ٢٠ هەزار دیناری سویسری، لەسلێمانی بۆ جوتێکیان کەهەڵی بژاردبوو کاک (صلاح سەلیم) (١٠) هەزار دیناری دانێ پێیان نەفرۆشت.

×پاشان (نەریمان ئەحمەد) کە یەکێکە لەو کەسانەی زۆر بەعیشقەوە سەرقاڵی تەیر راگرتن و بەخێوکردنە، سەبارەت بەڤنس و تەیرالحب دواو گوتی:- جۆرەکانی تیر الحب بریتیە لە (هۆڵندی و چیکی) جۆرەکانی کەهۆڵندین باشترین جۆری ئەو تەیرەن، پلەیەکی ئەم تەیرە تا ٧٠٠ دیناری سویسری رۆیشتووەو فرۆشراوە، سەبارەت بەڤنس گوتی:-لەهێلکەو بەچکەدا وەک کەروێشک وان، بۆ هەر جارێک ٦ هێلکە ئەکات، ئەگەر دەستکاری نەکرێت و سەیری هێلکەکانی نەکرێت هەمووی هەڵئەهێنێت، چونکە ئەم جۆرە تەیرە خولقەتیان وایە سەیری بکەیت کاتێک هێلکەی کردبێت و لەسەری هەڵنیشتبێت هەڵی ناهێنێت چونکە ئەترسن.

×سەبارەت بەتەیرێک کەپێی ئەگوترێت بو کەسورە (صلاح سەلیم) گوتی:- تەیرێکی دەشتەکییە، بەڵام حاڵیش دەبێت، بەزۆری بەسیکۆتینی مشک، یان بەتۆڕڕاو ئەکرێن، بوکە سورە بەعارەبی پێی دەڵێن (حسون) بەئێرانیش پێی دەڵێن (سەیرە)، بوکەسورە لەسلێمانی نێرەکانیان زۆر پەسەندە، لەگەڵ کەنارییە مێیەکاندا جوت ئەکرێن و تەیرێک ئەدات کەپێی ئەگوترێت (حسون)، ئەم بەچکانە کاتێک خول ئەبن، بەردەوام ئەخوێنن و توانای خوێندنیان زۆر لەکەناری زیاترە، رەنگەکانیشیان ئەگۆڕدرێت سەرو دەنوکی لەشێوەی بوکە سورەکەدا دەمێنێتەوەو لاشەکەشی هەروەک کەنارییەو بەحەجمی گەورەتر، ئەو مێیانەی لەگەڵ بوکە سورە نێرەکان جوت ئەکرێن رەنگیان چۆن بێت، کەهێلکەکانیان هەڵهێنا بەچکەکانیش هەمانرەنگی مێیەکانیان دەبێت.

**صلاح سەلیم:**

**×توتی (مەکاوی) لاشەیان لەتوتیەکانی تر گەورەترەو کلکیان نزیکەی (٥٠-٦٠) سم درێژە.. کۆترە ئەسڵەکانیش چەندی دەنوکیان بچوکتربێت زیاتر لەوانی تر باشترو پەسەندترن.**

دوا سەرنج

لەکۆتایی ئەم ریپۆرتاژەدا زۆر جەختمان لەسەر ئەو تەیرە کێویانە کرد کەسامانی نەتەوەین و لەکوردستاندا کەسانی هەلپەرست راویان دەکەن، پرسیارەکەمان بۆ ئەوانەی کەدەیانفرۆشت ئەوە بوو کەدەمانگوت حکومەت بڕیاری دەرکردووە راوکردن قەدەغە بکرێت بەڵام بێ گوێدانە ئەو یاسایە راوکردن لەسەرجەم کوردستاندا بەردەوامە هەربۆیە ئێستا لەهەموو جۆرەکانی تەیرو ئاژەڵ بەدیدەکرێت و دەفرۆشرێت ئێمە بەنیاز بوین لایەنی پەیوەندیدار بۆ ئەو مەبەستە لەوەزارەتی ناوخۆ ببینین بەڵام پشوی رەسمی بوو رۆژنامەکەش لە (تصمیم) کردندا بوو بۆیە



نەمانتوانی سەردانیان بکەین، بۆیە داواکارین چاوێک بەو بڕیارەدا بخشێنرێتەوەو بەجدی کار بکەن بۆ قەدەغەکردنی راوو شکار لەگشت کوردستاندا.■

## بەڕێوەبەری کۆمپانیای کوردتێل

## - پارەی مانگی (٧ تا ١٢) مان بەڕێژەی لە ٪٣٠ داشکاندووە

## - پارەی نۆرماڵ بۆ مۆبایل دەقیقەی ٦٠ دینارە هاوڵاتیان قسەی زۆری پێ دەکەن خەتای خۆیانە.

بەدواداچونی - بەهار مستەفا

□ سەرەڕای بێزاری هاووڵاتیان لەگرانی کەلوپەل و شتومەک لەبازاڕدا کەچی خەمێکی گەورەتریشیان بۆ زیاد بووە ئەویش خەرجی زۆری مۆبایل و تەلەفۆنی نۆرماڵە کە گیرفانی زۆرینەی هاوڵاتیانی گرتووە ئەوە یان هەندێک هاوڵاتی پارەی تەلەفۆنی داوە پاش چەند رۆژێک دیسانەوە تەلەفۆنەکەیان بڕاوەتەوە بۆیە ئەم بەدواداچوونەمان لەگەڵ بەڕێز هۆشیار ساڵح رەفعەت بەڕێوەبەری کۆمپانیای کوردتێل ئەنجامداو سەبارەت بەگلەییەکانی هاوڵاتیان وتی:

هاوڵاتیان کەوا گلەیی لەزۆری هاتنەوەی پارەی تەلەفۆن دەکەن گلەییەکی ناهەقەو ئێستا





وەسڵی مانگی (٧-٨-٩-١٠-١١-١٢)مان دەرکردووەو لە ٪٣٠ نرخی قسەکردنمان داشکاندووەو کەم کردۆتەوەو خەریکی دابەشکردنی ئەو لیستانەین و تائێستا هێڵی تەلەفۆنی هیچ ماڵێکمان نەبڕیووەو پارەی ئەو شەش مانگەش زۆر نییە بەتایبەتی پارەی تەلەفۆنی نۆرماڵ بۆ نۆرماڵ زۆر کەمەو نۆرماڵ بۆ مۆبایل زۆر بووە ئەویش خۆی لەخۆیدا گرانەو دەقیقەیەکی (٦٠) دینارە و هاوڵاتیان کەپارەی زۆریان بۆ دێتەوە خۆیان بەشێوەیەکی زۆرزیاد قسەی پێ دەکەن و دەسەڵاتی ئێمەی تیا نییە و خەتای خۆیانە، هەروەها ئەو هاوڵاتیەی کەدەڵێت پارەی تەلەفۆنم داوەو پاش چەند رۆژێک دیسانەوە تەلەفۆنەکەی بڕاوەتەوە دەشێت هەڵەی بچوک بێت چونکە نەهاوڵاتی خۆی رازی دەبێت دووجار پارە بدات نە ئێمەش رازی دەبین دووجار پارە لەهاوڵاتی بسەنین بۆیە خێرا تەلەفۆنەکەیان بۆ چاکدەکەینەوە هەندێ هێڵیشمان هەبوو لەسنوری گەڕەکی سەرچنارو زەرگەتە بۆماوەی شەش مانگ بڕا بوو پێش ئەوەی وەسڵەکانیان دابەش بکەین سەیرێکی لیستەکانمان کردونەتەوە بۆئەوەی بچوکترین هەڵەی تیا نەبێت جگە لەوەی هەموو کارەکانمان بەکۆمپیوتەر دەکرێ و کار ئاسانیمان بۆ ئەو حاڵەتانە کردووە.

-بەنیازن هێڵی تر زیاد بکەن

×لەبەرواری ٤/١٢ دەستمان کردووە





بەگۆڕینی بەدالەی بەختیاری کەبەدالەیەکی ١٥.٠٠٠ هەزارییە لەسنوری بەدالەی بەختیاری هەموو ئەو ژمارانەی کە بە (٣١٥) دەست پێدەکەن دەبن بە (٣١٨) و ئەوەی بە (٣١٦) دەست پێدەکەن دەبن بە (٣١٩)، لەگەڵ ئەمانەش خەریکی زیادکردنی هێڵی تەلەفۆنین بۆ بەکرەجۆو قلیاسان و شەکرەکەو ناوچەی پیشەسازی و ئاوبارەو شەهیدانی سەرچنارو هەندێ بازاڕو دوکان لەنزیک دووڕیانی سەرچنارو.. هتد. وبەنیازی دانانی (١٤) بەدالەی تازەین لەسنوری بەدالەی سلێمانی بۆ نمونە بەدالەی هەوارە بەرزەمان داناوە کە بە (٣٢٤) دەست پێدەکات لەسنوری ئەو بەدالانە بەدوو ماڵ دەتوانێ ٣ تەلەفۆن وەربگرێ.■

laparakan.qxd 4/24/2005 11:02 AM Page 3



# تراژیدیای کیمیابارانی شێخ وەسانان و بالیسان

**ئامادەکردنی: کاکە جوان گەڵاڵەیی و سیروان مینە**

□ گومانی تێدا نییە کەمێژووی حوکمڕانی بەعسی فاشیی مێژوویێکە جگە لەنەهامەتی بۆ گەلانی عێراق بەگشتیو گەلی کورد بەتایبەتی شتێکی تری نەهێنا لەهەمانکاتدا جگە لەتۆمارکردنی مێژوویەکی ڕەش بۆ خۆیان هیچی تریان بۆ نەمایەوە کە بتوانرێت لەریزی بەهایەکی ئینسانی یا کەلێنێکی مرۆڤ دۆستییو ژیاندۆستییەوە حساب بکرێت، دەتوانین بڵێین کە تاوانەکانی ئەم ڕژێمە دڕندەیە ئەوەندە زۆرن هیچ هێزو لایەنێک زەحمەتە بتوانێت وەکو خۆی بیانخاتە ڕوو، بەڵام کارەساتێکی وەک کیمیابارانی هەڵەبجەو شێخ وەسانان و بالیسان و بادینان و چەندین شوێنی تری جیاجیای کوردستان لەسەر ئاستی جیهاندا دەگمەنن، ئەوەی لێرە لەم ریپۆرتاژەدا بەلای ئێمەوە گرنگە لاکردنەوەیە لەو تاوانە مێژووییەی کیمیابارانی شێخ وەسانان و بالیسان لەنزیکەوە، کەئێمە پێمانوایە وەکو خۆی باسی لێوە نەکراوە، لەڕاستیدا دواندنی خەڵکی ناوچەکەو شایەت عەیانەکان دەکرێ بکرێتە بەڵگەیەکی دڵنیا بۆ دادگایکردنی سەرانی ڕژێم، بۆئەم مەبەستە هەوڵمانداوە وێنەی ئەم تراژیدیایە لەسەر پەڕەی کاغەز بخەینە بەرچاوی هەموو لایەک، کەیەکەمین هەنگاوی شاڵاوی کیمیابارانی کوردستان لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، بەو هیوایەی توانیبێتمان کەمێک لەئێش و ئازاری خەڵکی بەرکەوتەی ئەم دەڤەرە بگەیەنین.

لەکاتی سەردانماندا بۆ گوندی شێخ وەسان چاومان بەکاک نەجات کەوت کە هاوڵاتیەکی ناوچەکەیە لەکاتی کیمیابارانەکەدا خۆی لەوێ بووە بۆمان هاتە قسەو گوتی: هۆڵێکمان کردۆتەوە لەشێوەی پیشانگایەکدا لەم دەڤەرە کەوێنەی شەهیدانی ئەم کارەساتەی تیا هەڵواسراوە کە دەگاتە (١٧٨) وێنەی شەهیدان و ئەو وێنەیەی کەدەستمان نەکەوتبێت لەجیاتیدا گوڵێکمان بۆ داناوە ناوەکەشمان لەگەڵ ساڵی لەدایکبوونی شەهیدەکە لەژێرەوەی گوڵەکەدا نووسیوە و چەندین منداڵی تێدایە لەناویاندا منداڵێکی یەک شەوی تێدا بوو کوڕی محەمەد بیکەیسی بوو هەر بەم بۆنەیەوە ناوی نابوو کیمیا محەمەد ئەحمەد، بەڵام بەداخەوە ڕۆژی دوای لەدایکبوونی شەهید بوو بەڵێ هەر لەیەک ڕۆژی تا چوار مانگیی تێدایەو منداڵی زۆری تێدا بوو ئەتوانم بڵێیم کە (٦٥ تا ٧٠) منداڵ بوون بەقوربانی ئەو هێرشەی بەعس هێنانی ١٩٨٧/٤/١٤ بوو ڕژێم ئابڵوقەی ڕێی سەرەکیدا هەم ڕێی خەلیفان و هەم ڕێی بێتواتە، بەنیازی هێرشبوو بۆ ئەم ناوچەیە، کە ئەم ناوچەیە شوێنێکی ئازاد بوو ئەوکات مەڵبەندی (٣)ی لێ بوو پێشمەرگەی لێ بوو، بەڵام لەبەر کەمیو نەبوونی پێشمەرگە

**دکتۆرەکە پرسی بەچی واتان لێهات؟**

**منیش گوتم بەکیمیاباران گوتی: عێراق بوو یان ئێران منیش گوتم چۆن عێراق وا لەخەڵکی خۆی دەکات**

کەئەوکات مەڵبەندی (٣) سەرقاڵی تۆمارکردنی داستانی رزگاری بوو، رژێم ئەو دەرفەتەی قۆستەوەو بۆئەوەی قەرەبووی ئەو زەرەرو زیانە بکاتەوە کەلێیکەوتبوو لەسەر ئەوە بوو سنوری ئەم مەڵبەندەو ئەو ناوچەیە بگرێت بەئاسانی بیگاتێ گوندی شێخ وەسانان زیاتر لە (٦٠) پێشمەرگەی هێزی پشتگیری لێ بوو چەک و تفاقی زۆریان لابوو مەڵبەند ئەوکات یارمەتی زۆریان دەدا لەهەر لایەک رژێم بهاتایە ئەوان پێشیان لێدەگرت، کیمیابارانەکەی شێخ وەسان دەگەڕێنمەوە بۆئەوەی کەخەڵکێکی کوردپەروەرو دڵسۆز بوون لەسەر ئەو بنەمایە بوو، لەڕێکەوتی ١٩٨٧/٤/١٤ جاش و سوپای هێنا، پاشان بۆ ئێوارەکەی کە ١٩٨٧/٤/١٦ سەعات (٧) بوو (١٢) فڕۆکە هاتن شێخ وەسانان و بالیسانیان ژەهرباران کرد بۆئەوەی بەئاسانی بگەنە ئێرە، دەرەنجامی ژەهر بارانەکەش هەڵبەتە کاریگەریی سەلبی لەدەوروبەری گوندەکەو ناو گوندەکە بوو (٥٢) بۆمبی لێدا ئەنجامی ئەم کارەساتەش (١٧٨) شەهیدی لێکەوتەوە کە ئێستاش زیاتر لە (٣٠٠) برینداری توشبووی لێکەوتۆتەوە، دوا بەدوای ئەوە رژێم کە هاتە ئێرە ژن و منداڵ پیرو گەنجی برد بۆ رانیە لەوێش بەرەو هەولێر بەرێیکردن لەهەولێر ماوەی (١٢-١٠) رۆژ لەزیندانەکەی ئەحداس مانەوە دواتر رژێم دەست بژێری کردن پیاوان هەتا گەنجانی (١٠) ساڵیش هەمووی بردو بێ سەرو شوێنیکردن کەژمارەیان (٥٠) کەسبون ژن و منداڵەکانیشیان هێنایە کارگەی قیری خەلیفان فڕێدران و پێیانوتن ئێوە بڕۆنە سنوری موحەرەمە ئیتر خەڵکی خەلیفان هاتن بەهانایانەوە خەڵکەکەیان بۆ ماڵوە بردن و کەسوکاریان بەهانایانەوە هاتن ئەم کارەساتە بەم جۆرە سەعات (٨)ی شەو چوار کۆپتەری دی هاتن

ئەوانیش ژەهریان بەسەر رەهەمووڕێگاسەرەکیەکانیان باراند بەسەر گوندەکەشدا ژەهرەکە رەنگی سپی بوو هەندێک بریندار بەئازایانە چوون خۆیان لەشاخەکان حەشاردا ئەوانی تر برینەکەیان سەخت بوو، هەڵبەتە ژەهرەکان چوار جۆر بوون خەردەل و سیانیت و ئەعساب و خنکێنەریش بوو، دوا وتەشم ئەوەیە کەشێخ وەسان لەبەرئەوەی بەر لەهەموو شوێنێکی تری کوردستان کیمیاباران کراوە بایەخی زیاتری پێبدرێت، ١٩٨٧/٤/١٦ بەنسبەت ئێمە مێژوویەکی رەشە وەکو گوندی شێخ وەسانان ئێستا بەڕاستی زۆربەی زۆری کەسوکاری شەهیدان بێ یارمەتین داواکارین لەوەزارەتی ئاوارەو ئەنفال ئەوانیش تۆمار بکرێن کە ئێستا لەبەر چەند هۆکارێک نەیانتوانیوە شەهیدانەیان



هەبێت داواکارین کەشەهیدانەیان لەڕێی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەستەبەر بکرێت داواکارین چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەم بریندارانە بدۆزێتەوە هەتا ئێستا ئەوە (١٨) ساڵە ململانێ لەگەڵ مەرگدا دەکەن هەتا ئێستا کەدەیان کەسیان پێشمەرگەی دێرین و کۆڵنەدەرو خەبات گێڕ بوون، هەمانە لەداستانە گەورەکان لەگەڵ دابوون و پێشمەرگە بوون، ئەکرێت لەناو ئەو کۆمەڵە بریندارانە هەندێکیان بەرەو ئێران رەوانە بکرێن و هەندێک بەرەو ئەوروپا، چونکە ئێستا ئاسانکاری هەیەو وەکو جاران نییە، کاک رەزا حسێن حەمەد شێخ وەسانی گوتی: باوکم ئەنفالەو (٧) شەهیدمان هەیە لەکاتی کیمیابارانەکەی رژێم شەهیدکران دایکیشم بەو هۆیەوە دوچاری نەخۆشی بووەو ئێستا لەنەخۆشخانەی شەقڵاوە بۆ چارەسەرکردن، بەڵام ئەم نەخۆشیە چارەی نییە، هەروەها باوکم پێشمەرگە بوو لەتیپی (٨٣) هەورێ کاتی کیمیابارانەکە دایک و باوکم بریندار بوون کاتێک ئێمەیان بردە نەخۆشخانە، من مناڵ بووم بیرم نایە کەئێمەیان بەرەو هەولێر یان سەروچاوە برد کاتێک پیاوەکانیان لەئێمە جیاکردەوە کەباوکی منیشی لەگەڵدا بوو لەوکاتەوە نەگەڕاوەتەوەو بێسەروشوێنەو ئەنفالکراوە.

محەمەد عەزیز عەلی گوتی: کاتێک کیمیاباران کراین من تەمەنم کەم بوو خەڵکەکە ئێمەیان برد بۆ سەروچاوە پاشان بۆ رانیەو دوایش بۆ سلێمانی ئینجا بۆ هەولێر من لەگەڵ خێزانەکەمان دا بووم، بەڵام باوکمان لەگەڵ ئێمە نەهات، چوو بۆ شاخ مامیشم لەگەڵ خەڵکەکە ئەنفال کرا دواتر ئێمەیان هێنایە خەلیفان خەڵکەکەش یارمەتیان داین هەتا ساڵی (١٩٨٨) باوکی خۆمان نەدیتەوەو تاکو ئێستاش باوکم هەردوو چاوی لەدەستداو سێ مامو نەنکم و چەند کەسێکی تر.

پیرەژنێک بەناوی عائیشە تەها عەبدوڵا گوتی: کاتێک تەیارەکان هاتن ئێوارە بوو کەرەمیان کرد نەمانزانی کیمیاوییە نزیکەی (٤٠) بۆمبی خستە خوارەوە دونیا بووە تۆزو غوبارو هەرا تا بانگی شێوان خەڵکەکە تێکرا رشانەوە و کۆکەیانگرت، هەتاکو بەیانی خەڵکەکە لەناو خانوی خۆیان مردن و هەندێکیان چوون بۆ شاخ، دواتریش گوتیان وەرن بۆ بیتوێنێ بۆ چارەسەرکردن، بەڵام درۆیان کردو بەرەو هەولێریان بردین بۆ دەستی بەعسی هەر لەوێ زیندانیان کردین تا (١٢) رۆژ هیچیان نەداینێ چەند کەس لەم زیندانەدا مردن. ئێوارەبوو ئێمەیان هێنایە خەلیفان لەوێ فڕێیان داین هەتا ئێستاش کاریگەری

خۆی ماوە لەسەر جەستەی ئێمەو باسکردن لەدڕندایەیتیو خراپەی ئەو رژێمە قەد تەواو نابێت و لەبیری کەس ناچێت و لەبنەماڵەکەشمدا دوو کەس شەهید بووە. حەسەن مەلازادە سەرۆکی شارەوانی

بالیسان گوتی: لەهەژدەمین ساڵیادی کیمیابارانی بالیسان و شێخ وەسان بڕیار درا کەبەردی بناغە لەبۆ چەند پڕۆژەیەک دابندرێت، وەکو بینای زراعەو هۆڵی بۆنەکان لەگەڵ شوقەیەکی (٣) نهۆمی و کۆمەڵێک پڕۆژەی ترو جادەی زینە تیر شەقلاوە، ئەو پڕۆژانەی کە لەنێو بالیسانن مەشروعی شەبەکەی ئاو بۆ دابەش کردنی ئاو، باخچەی گەشتیاری، کۆنکرێتی کۆڵانەکان دیواری راگر بەدرێژی (١٠٠) مەتر وە دروستکردنی (٥٠) خانووکە لەبەرنامەدایەوە (١٠) خانو بۆ فەرمانبەران ئەوە ئیشەکە لە (٧٥٪) تەواو بووە، و (٢٠) دووکان تەواو بووە لەهەمان بۆنە دەکرێنەوەو، نەخۆشخانەیەکی (٤٠) قەڵەوێرەیەو (٨٠٪) ئیشەکانی تەواو بوەو چوار قوتابخانەی تێدایەو لەڕووی خزمەت گوزاری هیچ کەموکوڕێکی نیە، هەروەها باخچەیەکی ساوایان و لەگەڵ یاریگای تۆپی پێو باڵەو باسکەو مەلەوانگەش لەبەرنامەدایە دروست بکرێت مام حسێن حمد شینکۆ ئەو پیاوە بەتەمەنەبوو لەکاتی کیمیابارانەکە لەوێ بوو گوتی: ئێوارە بوو (١٣) فڕۆکە هاتن و خولێکیان کردو پاشان (٦) فڕۆکە گەڕانەوەو کیمیا بارانیان کرد بووە هەراو کەس بەکەس نەبوو نەشمان زانی کەئەوە کیمیاویە تا کاتێک توشی رەشانەوە و چاوکوێریی بووین لەپاشان بەرەو چیاکان رۆشتین شەو لەوێ بوین سبەینێ من هاتمە دەراشی تراکتۆری لێبوو گوتم بەخێرایی ئەم خەڵکە لەم چیایە زرگار بکەن، سەعات (١٠)ی بەیانی پیاوەکانیان هێنایە دەراشی دوای هاتینە سەروچاوە هەندێک قەترەیان لەچاو کردین و پاشان بردنیان بۆ رانیەو دوایی بۆ هەولێر لەپاشان دووکۆستەر بۆ سلێمانی رەوانەکران بۆ ماوەی یەک کاژتمێر لەوێ مانەوە پاشان دووریان خستینەوەو بەرەلایان کردین گوتیان بۆ کوێ دەچن برۆن ئێوە سەر بەسنوری هەولێرن، بەڵام خەڵکی سلێمانی هەریەکەو هەندێکیان بردەوە بۆ ماڵی خۆیان بۆ بەیانی هەندێکیان رۆشتن بۆ هەولێرێ، منیش هەویەی خۆم لەنەخۆشخانەکە بەجێ مابوو بەکابراکەم وت ئەو جێیەی ئێمەیان لێدانا کوێ بوو گوتی: نەخۆشخانەی عەسکەری بوو، چوومە نەخۆشخانە کەو دوو دکتۆری لێ بوو ئەوانیش نوسراویان بۆ کردین بۆ نەخۆشخانەکان دکتۆرەکە پرسی بەچی واتان لێهات؟ منیش گوتم بەکیمیاباران گوتی: عێراق بوو یان ئێران منیش گوتم چۆن عێراق وا لەخەڵکی خۆی دەکات حەتمەن ئەوە ئێران بوو تەواوی (٤٧) رۆژ لەوێ ماینەوە پاش (٤٧) رۆژ یەکیان مرد خەڵکی شێخ وەسان بووە خەڵکی سەرگەڵووی لێبوو ئەوانیش بەر ئەم هێرشە کەوتبون،



دکتۆرێکی میسری زۆر خراپ لەوێ بوو، کچی گوڵاڵەی سەید بابە رەسول زۆر لەگەڵمان باش بوو، هەروەها (٣) جار کیمیاباران کراین لە ١٩٨٧/٤/١٤ بوو وە لەتەموزیشدا لێمان درایەوە جاری دووەم کەلێدراینەوە (٣) ماڵی لێ بوو ئەوانیش (٦) کەسیان لێ شەهید بوو وە جاری سێیەم لەوەرێ پێداهات رۆژی عەرەفە بوو (٣٠) کەسی کوشت، دوا وتەم ئەوەیە کەمام جەلال بوە سەرۆک کۆمار زۆر خۆشحاڵ بووم فەخرو شانازی پێوە ئەکەین یەکەم جارە کەدەبینین کوڕی کورد ئەو دەسەڵاتە بگرێتە دەست. داواکارم کەزەرەرو زیانی خانەوادەی شەهیدان قەرەبوو بکرێتەوەو لەکاتی دادگایکردنی سەدام ئەگەر مام جەلال پێی خۆش بێت ئەوە ئێمە لێی خۆشنابین مافی خۆمانی لێوەردەگرینەوە، چونکە (٧) شەهیدمانداوە خوێنی ئەم (٧) شەهیدە لەکوێ وەرگرم، هەتاکو ئێستاش هیچ لیژنەیەکی پزیشکیی نەهاتوە بۆ ئێرە، کاریگەری ئەم چەکەش هەر لەسەر جەستەم ماوەو بەرەو خراپی دەڕۆم.

عەزیز حسێن گوتی: کوڕی کیمیابارانی ئەم گوندەم کارمەندی بنکەی تەندروستی بالیسانم زۆربەی نەخۆشەکان کەسەردانی ئێمە دەکەن ئەو کەسانەن کەکیمیا بارانکراون هەتا ئێستا هیچ هاوکاریەکی ئەم نەخۆشانە نەکراوە، بۆ نمونە لیژنەیەکی پزیشکیی یان پشکنینی نەوەی نوێمان نەکراوە یان ئاوهەوا یان پشکنینی کێڵگەو ئاژەڵەکان، چونکە ئەمانە کێشەن بۆئێرە، دەرمانی پێویست نیەکە لەگەڵ ئەم نەخۆشیەدا بگونجێت.

ئاڵا حمە زیاد گوتی: لەساڵی (١٩٨٧) کەوتمە بەر شاڵاوی کیمیاباران و ئەنفالی بالیسان ئەوکات من مناڵ بووم کەبنەماڵەکەمان هەموومان کەوتینە بەر کیمیابارانەکە، بەڵام ئەوەی شەهیدببوون دایکم و باوکم بوون، هەروەها بۆ خۆم توشی نەخۆشەیەکی زۆر سەخت بوومە، کاتێک



کیمیابارانەکە تەواو بوو جاشەکان و بەعسیەکان ئێمەیان بردە هەولێرێ لەزینداندا پێش ئەوەی پیاوەکان جیا بکەنەوە دایکم حاڵی زۆر شڕ بوو دایکم بەیەکێ لەخزمەکانمی دەگوت توخواکەی لێ مەگەڕێن ئاڵا بمرێت یان زووزوو دەیگوت ئاوم دەنێ تا بیدەمە کچەکەم، پاش ماوەیەکی تر دایکم مرد پیاوەکانیان لەگەڵ خێزانەکاندا جیاکردەوە و باوکم لەگەڵیاندا بوو، کاتێک باوکم منی لەباوەشی خۆی گرت لەبەرئەوەی یەکەم کۆرپەی ئەو ماڵە بووم لەبەر ئەوەی ئەوەندەی باوەڕی بەکوردایەتیو پێشمەرگەو خوێنی شەهید هەبوو بۆیە منی ناو نا ئاڵا کڵاوێکی سورم لەسەر بوو، کاتێک بەعسیەکان پیاوەکانیان برد، ئەم کڵاوەی بەیادگاری برد.

داواکاریم لەبەڕێز سەرۆک کۆمار ئەوەیە کە ئێمەی لەبیر نەچێت و بەخوێنی شەهیدان گەیشتە ئەو پلە بەرزە وەک چۆن لەشاخ هاوڕێی پێشمەرگایەتی بووە ئاواش ئێستا هاوڕێی کەسوکاری قوربانیان بێت، داواکاریم ئەوەیە کەنەخۆشم هیچ هاریکاریم نەکراوە هیوادارم هاریکاریم بکرێت و نەخۆشیم زۆرە چارەسەر بکرێم کەئێستاکە من خوێندکارم هیچ ژوورێکم نیە کەتیایدا بخوێنم تاکو ئاستی خوێندەواریم بەرز بێت و بگەم بەپلەیەکی واکە خزمەتی کوردی پێ بکەم.

داوام لەبەڕێز مام جەلال ئەوەیە کەزەوی یان خانوو بۆ ئێمە دابین بکات بۆئەوەی ئەگەر هیچ نەبێت دڵۆپەیەک لەخوێنی ئەم شەهیدانە پڕ بکاتەوە ئێمە شەهیدمان داوە بۆئەوەی ئاسودە بین.

من نەخۆشم ئەگەر ئەو موچەیە نەبێت ناتوانم بچمە نەخۆشخانە، ئەگەر شەهیدانەی باوکم بکرێتە (١٠٠٠) دیناریش بۆ من چیە، چونکە بەحەقی خۆم ئەزانم، ئێستا لەگەڵ ماڵی مامم ئەژیم ئەوانیش بەر هێرشی کیمیا بارانەکە کەوتن و کە کەمئەندامن لەبەرئەوەی توانای نیە کە من بەخێو بکات، ئەگەر چاوم لەوەندە یارمەتی شەهیدانە نەبێت، حەقی خۆشمە بڵێم کە باوکم لێهاتووکادیری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو سەربەرزانە خوێنی خۆی بەخشییە ئازادی کورد. تاکو ئێستا ئاورێک لەمن نەدراوەتەوە بۆ ئێمە حەقمان نیە کوردایەتیمان نەکردووە، ئەگەر ئەوە نەبوایە ئێمەش لەگەڵ بەعسیەکان کوردستانمان وێراندەکرد، سەرۆک کۆمار ئاگای لەئێمە بێت دووبارە ئەڵێمەوە کەبەخوێنی شەهیدان گەیشتە ئەو پلە بەرزە.

هەروەها هاوڵاتییەکی تر بەناوی سەدام حسێن عەزیز گوتی: خەڵکی گوندی بالیسانم لە ١٩٨٧/٤/١٦ کیمیابارانی بالیسان کرا ئێوارە بوو خەڵکەکەش نەیزانی کەئەمە کیمیاییە خەڵکەکە کەوتە گۆڕێ چەند

**هەتاکو ئێستاش هیچ لیژنەیەکی پزیشکیی نەهاتوە بۆ ئێرە، کاریگەری ئەم چەکەش هەر لەسەر جەستەم ماوەو بەرەو خراپی دەڕۆم**

پێشمەرگەیەک شارەزابوون گوتیان ئەمە کیمیاوییە ئێمەش بریندارەکانمان بۆ دەرەوەی گوند دەگواستەوە بۆ چیای هەوری کەهەندێکیان مردن و هەندێکیشیان سووتان، بەڵام من لەچیا مامەوە بە برینداری هەتا رەوانەی ئێران کرام خەڵکەکە کەس نەما ئێمەو چەند کەسانێک نەبێت لەگەڵ شەهید جەعفەرو شەهید حمد لەدوری گوندەکە کەپرێکمان هەڵدا بوو لەوێ ماینەوە وامان دەزانی حکومەت ناگاتە ئێرە لەساڵی (١٩٨٨) ئەویش بۆردومان کرا کەئێوارە بوو کیمیا باران کراین منیش گوتم کیمیاوییە، منداڵەکەم لەدایکم وەرگرتو لەباوەشم دابوو مەقەرێک لەولای ئێمەوە بوو مقەری شەهید نەجیم بوو، دەمویست منداڵەکە رزگارکەم ئاگام لەوانی تر نەما خۆشم کەتم هۆشم نەما کاتێک خۆم بینی لەنەخۆشخانەبووم ئەوانیتر شەهید بوون خێزانەکەم و منداڵەکەم.

ئەحمەد مستەفا گوتی: ئەوەی لێرە پێویستە بڵێم دوای پرۆسەی ئازادکردنی کوردستان ئەم ناوچەیە ئاوەدان کراوەتەوە هەر لەدوای ئاوەدان کردنەوەی کرا بەناحیەی بالیسان وە خزمەتگوزاری پێویست لەلایان حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆی کراوە راستە لەئاستی پێویستی کۆمەڵانی هەندێ خەڵک دانەبێت، بەڵام ئەم دەسکەوتە لەپێناو خوێنی شەهیدانەوەیە خوێنی شەهیدانیش بریتی نیە بەتەنها شەهیدانی سەنگەر بەڵکو شەهیدانی ئەنفال و کیمیابارانیش وەکو شەهیدانی کوردستان ئەکرێ حیسابی بۆ بکرێت شتێکی تر کە بەپێویستی ئەزانم باسی بکەم کەدروست کردنی یانەیەکی رۆشنبیرییە بەهەوڵ و کۆششی کۆمەڵێک لاوو گەنجی روناک بیرو رۆشنبیر. ئێستا بالیسان خاوەنی سەنتەری ئەنتەرنێتە کەزۆربەی شارەکان و شوێنەکان نیەتی ئەمەش بۆ کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانە توانیویەتی لەم ماوە کورتەدا خزمەتێکی چاکی خەڵکەکە بکات بەوەی کە لەنزیکەوە ئاشناییان لەگەڵ تەکنەلۆژیای نوێ پەیدا کرد، ئەوەی ماوە لێرەدا لەسەر داواکارییەکانمان ئەوەیە کەخێزانی شەهیدان داوای ئەوە دەکەن کەهاوکاری و موچەکەیان بەرانبەر بێت لەگەڵ هاوکاری و موچەی شەهیدانی سەنگەر، چونکە شەهیدان و قوربانیانی چەکی کیمیایی و ئەنفال لەسەنگەردا بوون بەقوربانی.■

laparakan.qxd 4/24/2005 11:02 AM Page 4



# بڕیارنامەی پشتیوانی لە کوردەکان پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٦ی پارتی سوسیال چەپی نەرویجی

و/ عارف باوەجانی

**□ خوێنەری بەڕێز: ئەم بڕیارنامەی پشتیوانیە لەکوردەکان کە بەشێوەی خوارەوە پێشکەشتان دەکرێت، لەکۆنگرەی ١٦ی پارتی سوسیال چەپی نەرویجی وەک یەکێک لەپرۆژەکانی کاری ئەو پارتە رەسمی کراوەتەوەو بەردەوام کاری لەسەر دەکەن.**

**زۆر پێویستە بۆ ئێمەی کوردی ئاوارەو دانیشتوو لەوڵاتی نەرویج، کە دڵسۆزانی نیشتمانەکەمان بناسین، بۆ ئەوەی پشتیوانی زیاتر بۆ وڵاتەکەمان واتە کوردستان کۆکەینەوە پێویستە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بەگەرمی پشتیان بگرین، پارتی سوسیال چەپی نەرویجی تەنیا پارتێکی نەرویجییە کە هەمیشە گرنگی بەکێشەکانی گەلی کوردستان لەگشت بوارێکدا وەک رامیاریو مرۆڤایەتیو پەنابەری داوە، کێشەکانی گەلی کوردیان بردۆتە نێو کۆبوونەوەکانی خۆیانو کۆبوونەوە گشتییەکانی پەرلەمانی نەرویجو پشتیوانی خۆیان بۆ چارەسەرکردنیان دەربڕیوە. پشتیوانی کردنی کوردەکانی دانیشتووی نەرویج، پشتیوانی کردنە بۆ نەهێشتنی کێشەکانی کوردستانمان.**

کوردەکان گەورەترین نەتەوەی جیهانن کە دەوڵەتی سەربەخۆیان نییە، لەلایەن وڵاتانی داگیرکەری خاکەکەیانەوە لەژێری فشارو ئازاردانو مافەکانیان پێشێل دەکرێت، حیزبی سۆسیالیستی چەپی نەرویج کە چەندین ساڵە پشتیوانی لەمافە رەواکانی گەلی کورد دەکاتو بەئەرکی خۆی دەزانێت بەردەوام پشتیوانیان لێ بکات.

باشترین چارەسەرێ بۆ ئەو وڵاتانە کەکوردیان تێدا دەژی، ئەوەیە کە مافەکانی مرۆڤ بپارێزنو مافەکانی گەلی کورد پێشێل نەکەن. تورکیا هەوڵی داوە برێک گۆڕانکاری لەنێو وڵاتەکەیدا پێک بێنێ بەشێوەی ریفۆرم، بەڵام زۆری ماوە کە مافەکانی کوردی تێدا بپارێزێ، هیواداریـن لەو بەشەدا هەردوولا وازلەچارەسەری نیزامی بێنن، لێبوردنی گشتی بۆ هەموو پێشمەرگەکانو کوردە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستان دەربچێت. دەوڵەتی نەرویج دەبێ مافەکانی گەلی کورد لەساتو سەودای ئابوری ئەو هەموو کارگەو داهاتەی نەوتی نەرویج لەگەڵ وڵاتانی جیهانو ئەو وڵاتانەی کەکوردیان هەیە بپارێزێ.

هەلو مەرجی کوردی تورکیە دەبێ بهێندرێتە نێو ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانەوەو هەردوو وڵاتی تورکیاو نەرویجیش تێیدا بەشدار بکرێن. لەپێوەندی بەدەوڵەتی ئێرانەوە دەبێ دەوڵەتی نەرویج تێبکۆشێ بەدژی بەندکردنو ئازاردانو لەسێدارەدانی کوردەکان، هەروەها پشتیوانی



(کریستین هالڤۆرسن) سکرتێری گشتی پارتی سۆسیال چەپی نەرویجی

تەواو بکات لەمافی مرۆڤی کوردو پەرەپێدانی کولتورەکەی.

لەعێراق: زۆر گرینگە کە ئەو ڕێکخراوانەی لەناوچەکانی کوردستاندان تێدەکۆشن بۆ یارمەتیدەری مافی ژنانی کورد، پشتیوانی تەواویان لێبکرێت. ئەو کوردانەی کە لە سوریا ناسنامەی سوریان پێ نەدراوە دەبێت ناسنامەی سوریان پێ بدرێتو مافی هاوڵاتی تەواویان پێ بدرێت هەموو مافێکیان لەخوێندنگەو شوێنەکانی تر بپارێزێتو بەندییە سیاسییەکان ئازاد بکرێن.

ئاکامی ئەو پرۆژە سیاسییە دەبێ ببێتە هۆی بەدیموکراتیزەبوونی ئەو دەوڵەتانە، هەردوو وڵاتی تورکیاو سوریە دەبێ: بەشێوەی یاسای راستی لەو سیستەمە رەوایەدا بۆ پاراستنی مافی ئەوکوردانە کردەوە نیشان بدەن. بەبۆچوونی پارتی ئێمە لەپێوەندی بەوڵاتانی عێراقو ئێرانەوە بەشێوەی فیدراڵی دەتوانرێت چارەسەری کێشەی کوردەکان بکرێت، حیزبی سۆسیالیستی چەپ: پشتیوانی لەشێوەی بەڕێوەبرنی نێوخۆی عێراق دەکات. بەهەر شێوەو بۆچوونێک کە ئێستا سەیری بەڕێوەبردنی عێراق دەکەین، ئێمە پێمان وایە کە زۆر نابەرامبەری دەبێت، ئەگەر شیعەکان کە زۆرایەتی عێراقن هەوڵ بدەن یاسای شەریعەت بەسەر ناوچەکانی دیکەشدا بسەپێنن بۆ نموونە کوردستان.

دیارە سیستمی فیدراڵی برێک کێشەی تێدایە: وەک سنوورەکان، مافی کەمایەتیەکان، دابەشکردنی کار لەنێو ناوچە ئیداریە ئەسڵیەکانو هاوبەشەکان، هەروەها سەرچاوە سەرەکیەکانی داهاتی وڵات کە دەبێ بەدروستی چارەسەر بکرێنو میکانیزمی گونجاویان بۆ ببینرێتەوە.

حیزبی سۆسیالیستی چەپ: پێی وایە کە باشترین چارەسەر بۆ نەمانی کێشەی عەرەبە هێنراوەکان بۆ ناوچەکانی کوردستان ئەوەیە، کە دەبێ وڵاتانی دیکە بێنە ناو ئەوکێشەو یارمەتی ماڵی بکەن بۆگواستنەوەی ئەوکەسانەی لەلایەن رژێمی پێشوو هێندرابوونە سەر ماڵو خاکی کوردەکانو ناوچەکانی کوردستان، ئێستاکە بەملیارد خەرجی شەڕکراوە، زۆر پێویستە بەو ئەندازەش دابین بکرێت بۆ ئاشتیو هێمنی لەو ناوچەیەدا.

حیزبی سۆسیالتی چەپ: دژی ئەوەیە کە ئەو پەنابەرە کوردانەی کە لە وڵاتی نەرویج مافی پەنابەریان پێنەدراوە بیانگەرێننەوە بۆ وڵاتانی عێراقو ئێران، لەبەر ئەوەی ژیانو گیانیان دەکەوێتە مەترسیەوە، بەهۆی ئەو هەلو مەرجەی کە ئێستا لەو وڵاتانەدا هەیە، پارتی سۆسیالیستی چەپ پشتیوانی لەوە دەکات کە ئەو پەنابەرانەی کە مۆڵەتی کاتیان پێدراوە، قبوولی تەواویان پێ بدرێتو هەروەها بەیاسای پەنابەری یەکگرتنەوەی بنەماڵەش مافی پەنابەریان پێبدرێت.

پارتی سۆسیالیستی چەپ: پشتیوانی لەشۆرانی بەرگری لەمافەکانی گەلی کورد دەکاتو هاوکاریان لەگەڵ دەکات، پارتی سۆسیال چەپ: هەوڵ دەدات گروپی کوردی لەپەرلەمانی نەرویج چالاک بکات، پارتی سوسیال چەپ: زۆر خۆشحاڵە لەهاوکاری لەگەڵ کوردەکانو بەتایبەت لەگەڵ کوردانی ئەندام لەپارتەکەدا، وەهەروەها هاوکاری لەگەڵ گشت رێکخراوەکانی نەرویجیدا.■



ئامادە کردنی: هاوار

## خوێندکارانی کورد: لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێراندا بەشداری ناکەین

لە کۆبوونەوەیەکدا لە ژێر ناوی (رەخنەیەک لە سەر ریفۆرم خوازانی کورد) کە بە بەشداری خوێندکاران وکۆمەڵێک زۆر لە رووناکبیران و رۆژنامەوانان و... رۆژی شەممە(٨٤/١/٢٧) لە زانکۆی کوردستان لە سنە بەڕێوە چوو، خوێندکارانی کورد هاوەنگ لەگەڵ یەکتر هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریان لەئێران تەحریم کرد.

لەم کۆڕەدا خوێندکارانی کورد و چەند کەسێک لە ئامادە بووان بە تیشک خستنە سەر ئەوەی کە لە دارشتنی یاسای بنەڕەتی ئێراندا هیچ پرسیارێک لەکورد نەکراوە ولە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا کورد بەردەوام لە پرۆسە جۆربەجۆرەکاندا لە پەراوێزەدا بووە وبەدەیان وسەدان جارکەلەناوخۆوە کەوتۆتە بەر پەلامار و هەروەها کار بە دەستانی باڵای ئێران هیچ کاتێ بەڵێنەکانی خۆیانیان نەهێناوەتە سەر گووتیان: بە ئاماژە بەوەی کە ئێستەش ئەو کەسانەی کە دەم لە ریفۆرم خوازی ئەدەن و ناوبانگیان بە ریفۆرم خوازانی کورد هەیە رابردوویەکی رەشیان لە ناو خەڵکدا بووە و هەیە و هەر ئەمانە لە پرۆسەی قەتڵە زەنجیرییەکاندا و قەلاچۆ کردنی رووناکبیران و چالاکانی کورددا دەستێکی باڵایان هەبوو و ئێستەش نامەکانی ئەوکاتەیان وەکوو بەڵگەیەک باس لە واقیعی بوونی ئەو کردەوانە دەکات و لە بەردەستدان قەت ناتوانین داهاتوویێکی باش و لەبار لە ئێراندا بۆ کورد رچاو بکەین و بێ گومان هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ٢٧ی جۆزەردانی ئەمساڵیش هەر وەکوو جارانە و گەر ئێستەش پالیۆراوەکانی سەرۆک کۆماری باسێک لە کورد دەکەن لە بەر دەنگدانە و لە خولەکانی پێشتریشدا ئەم باس و بابەتەنەمان بیستووە و ئیتر فریوی دروشمە هەرە گەورەکان ناخۆین، مافی خۆمان دیاری دەکەین.

لەم کۆڕەدا کە (سەید هاشم هیایەتی) و (دکتۆر محەمەدعەلی تەوفێقی) بە نوێنەرایەتی لە ریفۆرم خوازانی کوردەوە وەڵامی پرسیارەکانیان ئەدایەوە، سەرەتا هەریەک کورتەیەکیان سەبارەت بە ئامانجەکانی خۆیان و هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران ئاراستە کرد و بەشداری کردنیان لە هەڵبژاردندا بە ئەرکێکی شەرعی زانی و هەڵوێستی خۆیانیان راگەیاند وتیان: (ئێمە باوەڕمان بەکارکردن وجوولاینەوەیەک هەیە کە لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی ئێراندا بێت و لەم پێناوەدا نامانەوێت بە هیچ جۆرێک لابدەین و هەر چەشنە کردەوەیەک دژ بەکۆماری ئیسلامی مەحکووم دەکەین).

ئەوان لە درێژەدا ئاماژەیان بەوە کرد کە بڕیارنامەیەکیان دەرکردووە و١٥ خاڵی لە خۆی گرتووە و لەم رێبازەدا هەرکام لە پالیۆراوەکان دان بە جێ بەجێ کردنی ئەم ١٥ خاڵە لە داهاتووی ئێراندا بنێن، ئەمان لایەنگری لێ دەکەن.

هەر لەم نێوانەدا خوێندکارێک ئەم پرسیارەی کرد کە ئایا چ دەستە بەربوونێک لە هەمبەر ئەوەدا هەیە کەئەم پالیۆرانە ئەم ١٥ خاڵە لەبەرچاوبگرن؟ سەید هاشمی هیدایەتی لەم بارەوە بەم جۆرە بۆچوونی خۆی دەربڕی و وتی: (ئێمە لە گەڵ مستەفا مۆعین، مەهدی کەڕوبی و ئیراهیمی یەزدیدا دانیشتمان هەبووە و هەروەها بە هاشمی رەفسەنجانیشمان گووتووە کە دانیشتمان ببێت، بەڵام بەداخەوە رەتی کردووەتەوە ودانی پێیا نەناوە وئەگەر هەرکام لەم پالیۆراوانە بەڵێنی ئەوە نەدەن کەئەم ١٥ خاڵە جێ بەجێ بکەن ئێمە پالیۆراوی سەربەخۆی خۆمان رادەگەیێنین).

هەروەها دکتۆر تەوفێقی لەم بابەتەوە وتی: (خۆ چەکی پارەی بانکی نییە تاکوو لەم پێناوەدا دەستەبەربوونێک بێت).

لە درێژەی ئەم دانیشتنەدا یەکێک لە ئامادە بووان لە رەخنەکەی خۆیدا ئاماژە بەوەی کرد کە دکتۆر تەوفێقی لە هەمبەر تیرۆر کردنی باوکیدا (ساڵی ٦٩ هەتاوی) ٧کەسی بێتاوان بە حوکمی دەوڵەت لە سێدارە دراوە؛ چۆن دەبێت بۆ یەک کەس ٧ کەس لە ناو بچن؟ جەنابت سەرەتا پێویستە بنەماڵەی ئەو شەهیدانە رازی بکەیت ئەوجا باس لە ریفۆرم خوازی بکەیت.

هەروەها ئەم کەسە لە درێژەی پرسیارەکانیدا وتی: ئاغای هیدایەتی جەنابتان کە لە دامەزرێنەرانی رۆحانیونی بورکان بوونە و هەوڵتان بۆ قەلاچۆ کردنی رۆشنبیران تیرۆر کردنیان داوەو لە قەتڵە زەنجیرەییەکاندا دەستان هەبووە و ئێستا نامەکانتان لە مەکتەبی قورئاندایە، چۆن دەم لە ریفۆرم خوازی ئەدەن و داوای مافی کورد دەکەن و ئەتانەوێت سەربکەون؟

لە کۆتایی ئەم دانیشتنەدا کە (عەلی ئەشرافی) یەکێکی تر لە ریفۆرم خوازانی کورد چووە و سەرو و وێڕای دەربڕینی راو بۆچوونی خۆی وتی: (گەر یەکێک لەم پالیۆراوانە ئەم ١٥ داواکارییەی ئێمە لە بەرچاو نەگرن، هەڵبژاردن تەحریم دەکەین). لەم کۆڕەدا کە لە لایەن ئەنجوومەنی ئیسلامی زانکۆی کوردستانەوە بەڕێوە چوو، سالار ساکت، حامێد چارداولی، سەعید ساعێدی، ئیجلال قەوامی و... لە رەخنەگەران بوون کە پرسیار و را و بۆچوونی خۆیانیان لەم بابەتەوە دەربڕی.

ئەم کۆڕە سێ کات ژمێری خایاند.■

# (ئەسەد) سەنگەر بەسەنگەر بەرەو پاشەکشێ

ئامادەکردنی: موحەممەد ئیزەدی

□ لەساڵی (١٩٩١) وە کە سوریا لەبەرانبەر چوونە ناو رێزی هاوپەیمانی جیهانی لەدژی عێراق بێدەنگی ویلایەتە یەکگرتووەکانی - ئەمریکاو برێکیش رەزامەندی عەرەبەکانی لەبەرامبەر جێبەجێنەکردنی رێککەوتنی (تایف) بەدەسهێنا تا چەند مانگی رابردوو کەرێکەوتنامەی کۆتایی ١٥٥٩ ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئیستە هیچ بیانوویەکی بۆ سوریا سەبارەت بەپشت گوێ خستنی کشاندنەوەی هێزەکانی لە لوبنان نەهێشتەوە. رێبەرانی ئیسرائیلو ئەمریکا هەوڵێکی فراوانیان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیەکی جیهانی لەدژی دیمەشق وەگڕ خست. وا دەردەکەوێت کە لەهەموو ئەم کاتانەدا رێبەرانی دیمەشق لوبنانیان کردبێتە قەڵخانی خۆیانو شەڕی دژ بەئیسرائیلیان لەخاکی سوریاوە بەرەو خاکی لوبنان گواستبێتەوە. ئەڵبەت ئەم کارەش تارادەیەک لەبەرژەوەندییەکانی لوبنانیشدا بووە بەشێوازێک کەمارۆنیە توندڕەوەکان کەخاوەن دەسەڵاتێکی تۆکمە بوون لەلوبناندا. بەهاتنی دەسەڵاتێکی سەروتر (بەهێزتر) ناچار بەدورکەوتنەوە لەپۆستە سیاسیەکانی خۆیان دەبوون. ئەوە بووکەمیشل عونی سەرۆک وەزیرانی پێشووی لوبنان رەوانەی فەرەنساکراو ئەم گۆڕانو پێشهاتانەش بۆ هێزی دووەم لەو وڵاتەدا گرینگایەتی خۆی هەبوو، رێبەرانی سعودیە کە بۆ ململانێ لەتەک وڵاتانی ناوچەکەدا بەتایبەت سوریا بۆ دەستێوەردانو رۆڵگێڕانی زیاتر لەلوبنان هەوڵیان ئەدا. بەکەڵک وەرگرتن لەو بۆشایی دەسەڵاتە توانیان لەشەپۆلی رووداوەکانەوە سەربکەونو سیمایەکی نزیک بەخۆیان، واتە رەفیق حەریری، بۆ سەرۆک وەزیرانی لوبنان دەستنیشان بکەن.

شرۆڤەکارانی سیاسی لەوبارەیەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم سەرمایەدارە بەئەسڵ لوبنانیە ماوەیەکی دوورودرێژە نیشتەجێی سعودیە بووەو بەپشتگیریو لەسەر راسپاردەی کاربەدەستانی ریاز ئەم ئەرکە واتە سەرۆکایەتی وەزیران لەلوبناندا پەسەند کردووە. هەر هەمان چاودێرانی سیاسی لەدرێژەدا دەڵێ،: رەفیق حەریری تاکۆتایی تەمەنیو تا دەست کێشانەوەی لەپۆستی سەرۆک وەزیری پێوەندی چڕوپڕی خۆی لەگەڵ سعودیەدا پاراست. لەم نێوانەدا کێشەی سەرەکی ئەوە بوو کەرۆڵی سوریا لەلوبنان هێدی هێدی وەک برا گەورەو هاوکاری ئەمنی بووە مەسەلەیەکی جیدی لەو وڵاتەداو تەنانەت هەڵبژاردنی ئەمیل لەحود بۆ سەرۆک کۆماری لوبنان لەسەر رەزامەندیو هاوکاری سوریا بوو هەروەها لەدرێژکردنەوەی ماوەی سەرۆک کۆماری لەحودا سوریا رۆڵێکی گرینگو بەرچاوی بینی.



ساڵی ١٩٨٩ سوریا لەخاکی لوبنان ٤٠ هەزار هێزی سەربازیو چەندین هەزار هێزی ئەمنیو ئیستخباراتی هەبوو. هەرچەندە ئەم وڵاتە لەماوەی ساڵانی رابردوودا نزیک بە ٧٠٪ لە هێزە رەسمیەکانی خۆی بۆ سوریا بانگهێشت کردووەو تارادەیەکیش پابەندی خۆی بەرێککەوتنامەی تایف پێشان ئەدا. بەڵام کردەوە سیاسیەکانی سوریا لەبەیروت بەڕوونی دەریدەخست کە کشانەوەی هێزەکانی سوریا لە لوبنان بەجۆرێک پلانی بۆ دارێژرا کەدزەکردنو نفوزی سیاسی لە لوبناندا هەر بەردەوام بێت. نمونەی هەرە بەرچاو بۆ سەلماندنی ئەم تەحەدایە، دەسەڵاتداریتی عومەر کەرامیو دەست لەکارکێشانەوەی حەریریە. لەماوەی ساڵانی پاش کۆنفرانس تایف بوونی حەریری لەپۆستی سەرۆک وەزیریدا رۆڵێکی بەرچاو و دڵنیای کەری بۆ سعودیە هەبوو. سعودیەکان چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە بەپێی ئەو تێچوونەی کە ئەوان لەکۆنفرانسی تایف دا بەئەستۆوەیان گرتبوو، رۆڵیان لەگۆڕانکارو پێشهاتەکانی ناوچەکەو لوبناندا پارێزراو بێت.

بەڵام سوریا هێدی هێدی وسەنگەر بەسنگەر پێگەی سعودیەکانیان لەلوبنان لێژ کردو ناچاریان کردن پاشەکشێ بکەن. و دەرئەنجام بەوەرگرتنی سەرۆک وەزیری، سعودیەیان بەتەواوەتی گۆڕەپانی سیاسی لوبناندا خستە پەراوێزەوە. ئەڵبەت بێدەنگیو بێ هەڵوێستی سوریا لەلوبنان زیاتر لەهەمووکەس بەزیانی خودی دیمەشق تەواو بووەو هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی سعودیە بێتە دژونەیاری مانەوەی ئەو لە لوبناندا.

چاودێرانی مەسەلە سیاسیەکانی لوبنان بەتایبەتی لەسەر ئەو خاڵە پێداگرن کە بەپێی ئەولەوییەت، کاریگەریتی سعودیە لەسەر رێککەوتنی تایفو دژایەتی ئەم وڵاتە لەگەڵ بوونی سوریا لە لوبناندا لەڕووی سیاسیو ستراتیژیەوە خاوەن گرنگایەتیەکی فراوانەو بۆتە هۆی زیادبوونی گوشارەکانی رای گشتی جیهانی عەرەب بۆ سەر سوریا. لەم چوارچێوەیەدا بێگومان ترۆری رەفیق حەریری یەکەم گورزی لەشەرعیەتی سوریا لەلوبنان وەشاندو هەنوکەش رەوتی گوشارەکان لەسەر ئەو وڵاتە بەشێوازێکە جگە لەکشانەوەی تەواوەتی لەخاکی لوبنان هیچ رێگایەکی تری نابێت و وتەکانی ئەم دوایەی بەشار ئەسەد سەلمێنەری ئەوڕاستیەیە.

لەم میانەدا نەک تەنها دەسەڵاتدارانی هەنوکەیی لوبنان، تەنانەت گروپە شیعەکانیش زیاتر لەهەموو کەس نیگەرانن کە لەدوای کشانەوە سوریا لەلوبنان لەبەرانبەر گوشاری سونەکانو مارۆنیەکاندا توانای بەرەنگاریان نەبێتو لەلوتکەی دەسەڵات لەم وڵاتەدا ئاوەژۆ بن. لەلایەکی ترەوە هەرچەندە توخمە سەرەکیەکانی حیزبوڵای لوبنان لەپشتی پەردەی دانوستانە لەمێژینەکانی عەرەبەکانو ئیسرائیلەوە خۆیان حەشار داوەو دەڵێن، بەپێی ئەم موناقەشەو دانوستانە، بوونی سوریا لەلوبنان زەرورییەو کەمینەی ٤٠٪ ی شیعەکان لە لوبنان زۆر نیگەرانی ئەوەن، کە لەدرێژەی پرۆسەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورەدا ئەمریکا پێکهاتەی سیاسی لوبنان بەرەو گۆڕان دەباتو ئەوانەی کە پێوەندیان بەئەمریکاوە هەیە دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن، لەپەنای ئەم ئەگەرەش دا نیگەرانی بەرزبوونەوەی ئاستی دزەکردنو نفوزی سعودیەش لە لوبناندا لەئارادا هەیە.

بەم پێیەو بەتایبەتی بۆ بەرگری کردن لەبەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن مەسیحییە مارۆنیەکانەوەو چڕوپڕبوونی نفوزی سیما پڕ لایەنگرەکان وەکو میشل عون، پێدەچێ ببێتە هۆی ئەوەی کەلایەنگرانی سوریا لە لوبنان زەمینەی پتەوکردنی نفوزی نهێنی دیمەشق لەخاکی لوبناندا فەراهەم بکەنو بەرگری لەداماڵینی چەک لەحیزبوڵای لوبنان بکەن. بەڵام سوریا بۆ خۆدیزنەوە لەپاشەکشێ کردن بیانوویی گرینگی هەیە، لەدیدارەکەی ئەسەد بۆ سعودیە بەشار ئەسەد کشانەوەی لە لوبنانی بەرۆخانی حکومەتی عەلەویەکان دایە قەڵەمو داوای یارمەتی لەشازادە عەبدوڵلا بۆ کەم کردنەوەی ئەو گوشارانە کرد. چاودێرانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوبارەیەوە رونیانکردەوە کە عەلەویە سورياییەکان کەئێستا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە لەو پرۆژە نوێیە نیگەرانن ولەمەترسیەکی گەورەدان بۆلەدەسدانی پۆستەکانیان. لەسەروی ئەمانیش بەم گروپە شیعەکانی لوبنانو هەم سوریاش کشانەوەی ئەم دوایەی سوریا لەلوبنان بەهەنگاوێک بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە ناودەبەن. و بەپێی ئەم ئاماژەو سەرنجامانە پێدەچێ سوریا لەهەنگاوی یەکەمدا تەنها داوێنگیری پاشەکشێی خاوی هێزە رەسمیەکانی لەلوبنانو پاشانیش دوای ئاسایی بوونەوەی بارودۆخەکە هێزە نارەسمیەکانیش لەلوبنان، بانگهێشت بکاتەوە.■

سەرچاوە: رۆژنامەی شەرق ١١ی ئەپریلی ٢٠٠٥

# پەژارەی هاووڵاتی

## ■ بازاروگرانیو گرفتی هاوپێچ.. (نەوژین)

## ■ هەر ڕۆژەو شەقامێک کاول دەکرێت .. شارەوانی (سەرچناری)

## ■ ناوم بڕیار بێت، لەداخی ئەم حکومەتە دەیگۆڕم!! (سەرسام)

### ■ نەوژین

زۆرمان وتو زۆریش وترا سەبارەت بەبازارو گرانیەکەی، ئەردەدڵی خەڵکیش زۆریان گەیشتنە سەررووپەری ڕۆژنامەکانو شاشەی تەلەفیزیۆنەکان، هەقوایە زیاتریش بگوترێت، هەروەک پێویستە لایەنی پەیوەندیدار قسەیەک لەڕێگە چارەی گونجاویش بکەن بۆ ئەم گرفتە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە تیشکی بخەمە سەر، گرفتێکی دیکەی وابەستەی قەرەباڵغی بازارو هەستنەکردنی بەشێکی زۆر لەفرۆشیارانە بە لێپرسراوێتی لەبەرامبەر خزمەت کردنی شاردا.

سەیرە.. کاکی دوکاندار، ڕۆژێک بەخەیاڵیدا نایەت کە ئایا چ هێزێکی ئەفسوناوییە لەدوای ئێوارەو بەرەو ماڵ بوونەوەی ئەوو هاوپیشەکانیەوە بەکۆکردنەوەو دورخستنەوەو فرێدانی ئەو هەموو پاشەڕۆو خاشاکە هەڵدەستێت، من ناڵێم ئەو لەئەنجامی کارکردنی ڕۆژێکی تەواودا پاشەڕۆو خاشاکی نەبێت، خۆ ئەوان وەک ئەوەی دەمی هەر کەسێکیان دەکەیتەوە، هەمیشە قسەی گەورەو گرانیان ئەوەیە کەلەبەرامبەر پاککردنەوەی بازارو بەردەم دوکانەکانیاندا بڕێک پارە دەدەنە شارەوانی، قسەمان لەوە نییە، ئەوەی لەنێوان دوکاندارو شارەوانیدایە بۆ خۆیان و هەردوو لاش تارادەیەک پێی رازین.

ئەوەی دەمێنێت، قسەیەکە کەلە بەرژەوەندی گشتیدایەو هەر دوکاندارێکی بەرێز دەتوانێت لەدوای تەواوبوونی لەکاری هەر ڕۆژێکی، هەموو ئەو پاشەڕۆو خاشاکەی لەماوەی ئەو ڕۆژەدا لەئەنجامی کارەکەیدا دروست بووە، کۆبکاتەوەو لەناو زەرفێکی گەورەو لەگونجاوترین شوێنی بەردەم دوکانەکەیدا ئامادەی بکات بۆ فرێدان، ئەمە جگەلەوەی هاوکاری ئەو ژینگە پارێزانەیە کەبەردەوام لە خزمەتی شاردان، لەهەمان کاتدا پەرۆشیەکی گەورەشە بۆ سیمای شارو بەپاکیو جوانی هێشتنەوەی، لەهەمووی گرنگ تر، نەهێشتنی ئەو سیما ناشرینو نا دروستەی بازارە لەماوەی چەند کاتژمێرێکی شەودا، کەدەکەوێتە نێوان کاتی بەرەو ماڵبوونەوەی دوکاندارو فرۆشیارەکان لەلایەکو گەیشتنی تیمی ژینگە پارێزەکانی شار بۆ پاککردنەوەی شەقامەکان لەلایەکی تر، ڕەنگە بەکەمێک پەرۆشی فرۆشیارانی ناو بازار بتوانرێت هەم هاوکاریو ئاسانکاری ژینگە پارێزەکان بکرێت، هەمیشە شارو شەقامەکانی لەو سیما ناشرینو نا دروستەی ئەو چەند کاتژمێرەی شەو نەهەڵێدرێت.

بەهیوای پەرۆشیو خەمخۆری هەموان، لەپێناو جوانتر راگرتنی سیمای شاردا.■



### ■ سەرچناری

لەوانەیە ئەوەندەی نمونەی زیندوو هەبێت بۆ هەڵتەکاندنو هەڵوەشاندنی شەقامەکانی شاری سلێمانی، بەتایبەتی شەقامە گشتیەکان، نیو ئەوەندە پاساو نەبێت بەمەبەستی خۆ دەربازکردن لێیانو هەڵخەڵەتاندنی هاوڵاتیان، ڕۆژانە ئەگەر سەرنج بدرێت لەناو پاسو ناو بازارو شوێنە گشتیەکاندا، گازەندەو گلەیی زۆری هاوڵاتیانت گوێ لێ دەبێتو باس لەو داهاتە زۆرەی شارەوانی دەکەن کە وەک پێویست ئەو شەقامانەی پێ چاک ناکرێتەوە، جگەلە هەموو ئەمانەش کاتێک پرۆژەیەک دەدرێت بەبەڵێندەرێکو بەنرخێکی ناگونجاو بۆی دەردەچێت، لەلایەک ئیشەکە بەهەرزانترین نرخ جێبەجێ دەکات بۆ ئەوەی قازانجی تێدا بکات. لەلایەکی تریشەوە کاتێک ئیشەکە تەواو دەبێت، باش بێت یان خراپ، کەسانی شارەزاکە تەرخان دەکرێت وەک ئیشراف کردن تێیدا بێ لێپێچینەوە لێی وەردەگیرێتو ناتوانێت چەندو چوونی لەگەڵدا بکات، چونکە ئەو نرخەی شارەوانی لەڕێگەی تەندەرەوە داویەتی بەو بەڵێندەرە، خودی شارەوانی خۆیشی بێت هەر ئاوا دەتوانێت تەواوی بکات، بەو کارەش تەنها هاوڵاتیان زەرەرمەند دەبن، وەک ئەوە وایە ئەو پارەیە بەفیرۆ بڕوات، لەبەرئەوەی کەمترین نرخ کارەکەی پێ دەدرێ.



شارەوانی هەقوایە باشترین نرخ بداتو شتێکی جوانو باشتر لەو پرۆژانەدا بۆ هاوڵاتیان بێنێتە بەر کە دەیانداتە بەڵێندەر لەڕێگەی تەندەرەوە، نمونەش زۆرن هیچ (مەعقول) نییە، هەموو ساڵێک شەقامەکان هەڵتەکێنرێنو قیرتاو بکرێنەوە، کەسیش نییە بپرسێتو بڵێت کاکە چۆن شەقام قیرتاو کردن وادەبێت، لەبری ئەوەی ئەندازیارو کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەوبان بەنەزانانەو بەبێ موبالاتی تاسەی شەقامەکان چاک دەکەن کە هەمووی وەک تەپۆڵکەو ڕەگەڵەڵێ دەکەنو خراپتری دەکەن، باگرێ بەست لەگەڵ کۆمپانیایەکی وڵاتێکی دراوسێدا بکات، ئەگەر پارەی زۆر تێ دەچێت، ئەی شارەوانی ئەوپارانەی بۆچییە، هەموو دەزانین داهاتی شارەوانی چەندەو چۆن ئاوا بەهەدەر دەڕوات، ئەوەتا شەقامی هەردوو مەساری زیلە سوتاوەکان بۆ خوارەوە، شەقامی لای ڕاستی قۆریو پیاڵەکەی سەرچنارو دەیان شوێنی ترو شەقامی شەهیدانی سەرچنار، شەقامی مەجید بەگ کەهەر زۆر وێرانە، پاشان ئەو چوار ڕیانەی لای فولکەی دەستەکەو ئەو شەقامەی سەردەکەوێت بەرەو مزگەوتی قازی محەمەد، ئەگەر خەمخۆرێک بەڕاستی مشوری بخواردایە، ئاوا ساڵێک بەو شێوەیە دەمایەوە، یان ئەو کۆڵانانەی ئەمدیوو ئەودیوی بارەگای مەکتەبی کۆمەڵایەتی لەنزیک خوێندنگەی ئامادەیی سەلاحەدین، ئەگەر بیانیەک ببینێت، وادەزانێت بەدەست هەڵکەندراوەو بۆ کارێک ئەو هەموو چاڵە لەو گەرەکانەدا دروستکراون، کەواتە شارەوانی سلێمانی ئەرکی سەرشانیەتی هەرچی زووە ئەو شەقامانە چاک بکاتەوە، کاتێکیش چاکیان دەکاتەوە با پارەی باشی تێدا سەرف بکاتو بەچاکی ئیدامەیان بکاتو چاکیان بکاتەوە، چونکە ئەوەندەی شارەوانی دەستکەوتی هەیەو (دخل)ی پارەی دەبێت، هیچ فەرمانگەیەکی (خدمی) ئەوەندە (دخل)ی نییە، بۆیە تکایە بەباشی پارەی شارەوانی سەرف بکەن. با خەڵکی بەچاوی گومانەوە تەماشای کارەکانتان نەکەن.■

### ■ سەرسام

زۆر کەس باوەڕی وایە کەشت بەپێوە هاتنە، چۆن؟ هەندێک دەڵێن: پژمە یان پیاز، پێکەنینێکی زۆر، ڕەنگێک لەجلو بەرگداو شتی تر.. مان پێوە نایەت، چونکە بەدوای خۆیاندا خەمێک دێننو پێوقەدەمیان بەخێر نییە.

ئەم بیروباوەڕە گەر بۆ هیچ ڕاست نەبێت لەیەک شتدا زۆر بەدی دەکرێت، تا ئێستا دڵنیا نەبووبین، ئیتر هەموومان دەزانین ئەم حکومەتەی خۆمان لەگەڵ وشەی (بڕیار)دا، بەینی نییە (پێوەی نایەت).

ئەگەر وانەبێت بۆ هەر بڕیارێک لەلای حکومەتەوە بێت، بەڕو زەردیو دڵشکاوییەوە ڕوو دەکاتەوە ماڵی حکومەت.

خەڵکی پێی وایە پەندی (ماڵی قەڵب سەری ساحێبی) بەس بۆ ئەم حاڵەتە وتراوە، گەر بۆ نمونە باس بکەین، بڕیاری دیاریکردنی نرخی شمەکی بازاڕ، کرێی تەکسیو پاسو نرخی نانو گۆشتو میوەو بڕیاری قەدەغەکردنی زیادەڕەویو سەرپێچیو بڕیارو ڕێنمایی تایبەت بەهاتوچۆو کردنەوە.

داخستنو کردنەوەی زانکۆی ئایندەو تەنانەت بڕیارەکانی بواری پەروەردەو فێرکردنو ... هتد، هیچی جێگیر نەبوون، بەهەمان نرخو سەعاتی خۆی گەڕایەوە.

ئەگەر لەژێر کاریگەری ئامرازی (بۆ) پێشبینی بکەین دەگەینە چەند خاڵێک:

١.لەڕووی زمانەوانیەوە: خەڵکی ئەم وڵاتە بەگشتی حەزی لەوشەی سادە نییە، هەرچۆن بێت خۆی وشەیەکی بۆ زیاد کردووەو کردوویەتی بەلێکدراو وەک کۆترو مۆتر، شتو مت ... هتد. بەشێوەیەکی تر لەگەڵ وشەی بڕیاردا (سزا) هەبێت، خۆشتر دێتە سەر زمانو ئەگەری جێبەجێکردنیشی زیاترە.

٢.وەک لایەنی ئابوری: هەر شتێک خستنەڕووی زۆر بێت خواستی لەسەرکەم دەبێت، کەواتە پێدەچێت زیاد لەمەسرەفی لەبڕیارەکاندا کرابێتو لەئاستی جێبەجێکردن دەرچووبن.

٣.وەک لایەنی کۆمەڵایەتیش: فەرمایشتی سەرەک عێلو پیاو ماقوڵی دێ سەد بڕیاری حکومەت دەخاتە لاوە.

٤.زۆر لەسیاسەت قوڵ نابینەوە، بەڵام ئەوەندەی بزانم ئەو سەردەمەی لەجیاتی بڕیار دەیانووت (القرار) باشتر لەگەڵ سیاسەتدا دەگونجاو خەڵکیش پابەند دەبوون پێوەی، هەیبەتێکی تری هەبوو، جا تەنفیزەکەی چەندە مایەی خۆشحاڵی بوو!!

٥.گومانێکی تر هەیە کەحکومەت خۆی باوەڕی بەبڕیارەکان نەبێت، بەڵام بۆ (اثبات وجود) ببێت باشە.

٦.جالەهەر شوێنێک ئاوا پێشوازی لەو وشەیە بکەن.

ناهەقمە شەرم بکەم ئەگەر ناوم (بڕیار) بێت؟!■

**بەدەست هێنانی هەر مادەیەک لەو بوارەداو بەو شێوەیە، بەهەر ناوو ناونیشانێک بێت، بەکوردیو بەکورتی (سواڵکردنێکی موحتەرەمانەیە).**

ڕەهێڵ عەلی

**باهاوکاری فرۆشیارەکان ئەرکی سەرشانی ژینگە پارێزەکان سوک بکاتو سیما ناشرینو نادروستی شار ئەو چەند سەعاتەی شەو نەهێڵێت.**

نەوژین

**گومانێکی تر هەیە کەحکومەت خۆی باوەڕی بەبڕیارەکان نەبێت، بەڵام بۆ (اثبات وجود) ببێت باشە.**

سەرسام

---

## بواز

### ئەی سواڵکەرەکانی تر؟

□ ماوەیەک لەمەوبەر کوردستانی نوێ، هەواڵێکی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بڵاوکردەوە سەبارەت بە قەدەغەکردنی سواڵکردن لەکوردستاندا، ئەمە بڕیارێکی باشە حکومەت بیری لەوە کردۆتەوە کە ئەو دیاردە ناشرینو ناشارستانیە، لەبازارو کۆڵانەکانی کوردستان نەهێڵێتو هەوڵی دابینکردنی لانیکەم بژێوی ڕۆژانەی ئەو کەسانە بدات کە سواڵ دەکەنو سواڵکردنیان کردۆتە پیشە. بەڵام لەوڵاتی ئێمە تەنها یەک جۆر سواڵکەرمان نییە، بەڵکو جۆرێکی تر لەسواڵکەر هەن، کەئەوانیش جارجارە سواڵ دەکەن، بەڵام بەشێوەیەکی ترو هەرجارەو بۆ مەبەستو ئامانجێک، ئەوانەش ئەو کەسانەن کەبەردەوام لەبەردەم قاپی نوسینگەی بەرپرسەکانی حزبو حکومەت کەوتونو هەر جارەو بەناوێکەوە سواڵ لە حزبو حکومەت دەکەن. بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە پلەو پایەی کۆمەڵایەتی، سیاسیو ئیداری خۆیان.

ژمارەی ئەو سواڵکەرانەش لە سواڵکەرەکانی تر زۆرتر نەبن، کەمتر نینو بەبەشی کەمیش ڕازی نین، هەمیشە بۆ گەیشتنو بەدەستهێنانی بڕی دیاریکراو، زۆر لەسواڵکەرەکانی تر زیاتر دەکرۆزێنەوەو زۆرجاریش تا ئاستی لەکەدار بوونی کەسێتی خۆیان. بەبێ ئەوەی هیچ کاتێک بیر لەوە بکەنەوە کە ئەمە کارە نەک لەکەسێتیو مەکانەی خۆیان، بەڵکو کار لە هاوپیشەو هاوکارەکانیشیان دەکات. چونکە ئەمانەش وەک سواڵکەرەکانی تر، سواڵکردنیان کردووە بە پیشەو سەرچاوەیەکی باش بۆ دابینکردنی بژێوی باشترو چاکتر بۆ خۆیان، هیچ کاتێکیش هەستیان بەو چرکەساتە نەکردووە، کەلەکاتی سواڵکردندا، هیچ جیاوازیەک نییە لەنێوان ئەوانو ئەو سواڵکەرانەی کە جارجار سواڵ لەوان دەکەن.

بۆیە ئەو جۆرە کەسانەی کەبەردەوام دەبن لە سواڵ کردن، گەر گوێ بەکەسێتی خۆیان نادەن، هیچ نەبێت پیرۆزی شوێنو کارەکانیان لەبەرچاو بگرنو پلەو پایەی کۆمەڵایەتی، پیشەیی، ڕێکخراوەییو ئیدارییان هەرزان فرۆش نەکەن، چونکە بەدەست هێنانی هەر مادەیەک لەو بوارەداو بەو شێوەیە، بەهەر ناوو ناونیشانێک بێت، بەکوردیو بەکورتی (سواڵکردنێکی موحتەرەمانەیە).

بۆیە گەر حکومەت، بڕیارێکی هەبێت بۆ نەهێشتنی سواڵکەرە بچوکو گەڕۆکەکانی شەقامو کۆڵانەکان، ئەی چ بڕیارێکی دەبێت بۆ سواڵکەرە گەورەو چاوچنۆکەکانی دەزگا حکومیو حزبیەکان؟■

ڕەهێڵ عەلی



بنوو لەشاری بێخەمان مامەی بێ نەوا...

laparakan.qxd 4/24/2005 11:02 AM Page 6



# کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان.. هەناسەی ڕاستەقینەی سەرجەم خوێندکارانە

**لێدوانی هەڵکەوت عەبدولڕەحمان - لێپرسراوی لقی زانکۆی خوێندکاران**

□ لەمەر مانگرتن و ئەو کێشانەی، لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا، ڕووبەڕووی زانکۆی سلێمانی بۆوە. ئەمیش لەسەر داخستن و دانەخستنی زانکۆی ئایندە بووە، دیارە هەڵوێستەکان جیاوازو، ئاراستەکان جیاوازتر هەندێ جار خۆی دەنواند. ئینجا بۆ زیاتر ڕونکردنەوەو چوونە ناو قوڵایی ڕووداو کێشەکانی دوایی ڕووداوەکان، بەپەسەندمان زانی، لێپرسراوی لقی زانکۆی سلێمانی، هەڤاڵ هەڵکەوت عبدالرحمن بدوێنین. ئەمیش لەوەڵامی پرسیارەکاندا ووتی:

× لەڕاستیدا بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو بارودۆخەی کەلەماوەی ڕابردوودا لەزانکۆی سلێمانی ڕوویدا، سەبارەت بەمانگرتنی چوار کۆلێژ (پزیشکی، پزیشکی دان، ئەندازیاری، یاسا)، وەکو کاردانەوەیەک بەرامبەر کردنەوەی زانکۆی ئاییندە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ کاتی دروست بوون و دامەزراندنی ئەو زانکۆیە لەسلێمانی. پێش دامەزراندن و کاتێک دەنگۆی ئەوە هەبوو کە زانکۆیەکی ئەهلی دەکرێتەوە لەسلێمانی، خوێندکارانی کۆلیژە ناوبراوەکان بەهەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوە وەکو نارەزاییەک بۆ ڕێگرتن لە کردنەوەی زانکۆکە پێشکەش بەوەزارەتی خوێندنی باڵاو سەرۆکایەتی زانکۆ کراوە. بەڵام کردنەوەی ئەم زانکۆیە دواکەوت لەسەروبەندی تاقیکردنەوەکانی نێوەی ساڵدا (مانگی یەک) دامەزرا.

ئیتر لێرەوە نیگەرانی لای خوێندکاران دروست بوو، گوایە حساب بۆ ئیمزاکانیان نەکراوە، وەکو فێڵێکیش زانکۆ دەوامی کرد (بەشێکی زۆر لەو مەرجانەی بۆی دانرابوو، پێشێلکرابوو).

ئەم چەند دێرەی سەرەوە، بەپێویستم زانی وەکو ڕوونکردنەوەیەکی کورت بدەم هەتاوەکو دیدو بۆچوونی خۆمان بەشێوەیەکی ڕاست دیاری بکەین دەربارەی داخستن یان دانەخستنی زانکۆکە.

ئێمە پێمان وابووە کە (کردنەوەی هەر زانکۆیەک لە کوردستان، ڕێوشوێن و مەرجی زانستی و یاسایی خۆی دەوێت، بۆئەوەی بەشێوەیەکی ئاسایی و یاسایی لەدایک بێت و سەرەنجام خزمەتی خوێندن و خوێندەواری بکات لەکوردستاندا، بەبێ بوونی پێوەرە یاسایی و زانستیەکان نابێت هیچ زانکۆیەک هەبێت).

پاش دەستپێکردنی مانگرتنەکە، لەڕۆژی شەممەو یەک شەممە ڕێکەوتی (٢٦-٢/٢٧)، دوای چەند گفتوگۆیەکی نێوان نوێنەرانی خوێندکاران لەگەڵ زانکۆو وەزارەتی خوێندنی باڵاو جێگری سەرۆکی حکومەت، جۆرێک لەنیگەرانی لای خوێندکاران دروست بوو، کەسەرەنجام گەیشتنە ئەو باوەڕەی کەداوای داخستنی زانکۆکە بکەن، لەبەرامبەریشدا حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی بەردەوام لەکۆبونەوەو سەردانەکانیاندا وشەی (دانەخستنی) زانکۆکەیان دووبارە دەکردەوە. هەربۆیە لەو کاتەشدا ئێمە (پێمان وابوو ئەو دۆخە درێژە دەکێشێت و سەرەنجام کێشەی زیاتری لێ دەخوڵقێت).

وەکو هەر چوون ئێمە ئێشمان وابوو کەکاتی ئەوە هاتووە لەم وڵاتە زانکۆی ئەهلی و ئازادمان پێویستە، ئەمیش لەبەر دوو هۆکار:

یەکەم: لەبەرئەوەی زانکۆی حکومی و بەتایبەت (زانکۆی سلێمانی)، تواناو ئیمکانیەتی ئەوتۆ نابێت بۆ داهاتوو، لەبەرامبەر زۆری ژمارەی خوێندکاران کە لە ئامادەییەکانەوە دەردەچن و خوازیاری خوێندنن لە زانکۆ.

دووەم: لەبەرئەوەش کە زانکۆی ئەهلی و ئازاد، ئەقڵی ئازادو پێشکەوتوو بەرهەم دەهێنێت، چونکە خوێندکار بەپێی داهاتی خۆی لەو شوێنە دەخوێنێت کەمەبەستیەتی. لێرەشدا دوپاتی دەکەینەوە زانکۆیەک کە (پێوەرە زانستی و یاساییەکان بنەمای بێت، نەک هەر شتێکی تر!).

× هەڵوێستی ئێمە وەکو لقی زانکۆی سلێمانی کۆمەڵەی خوێندکاران، ڕوون و ئاشکرا بووە، هەروەک حکومەت و خوێندکارانیش هەڵوێستی ئێمەیان بەدڵ نەبووە، چونکە ئێمە خوێندنەوەیەکی جیاوازمان هەبووە بۆ دۆخەکە، پێمان وابوو کە (کردنەوەی زانکۆکە بەو هەموو کەموکوریەوە، پێشێلکردنی یاساکان، خوێندکاری بێ بڕوانامە، کەمی نمرە) کارێکی خراپەو دەبێت ئەمە چارەسەر بکرێت و حکومەتی هەرێمیش بەرپرسیارە لەجێبەجێ کردنی مەرجەکان، لەهەمان کاتدا دڵخۆش نەبووین بەوەی کەزانکۆکە دابخرێت، ئەمەش لەبەر دوو هۆکار:

١.هیچ نەبێت زانکۆکە چەند خوێندکارێکی وەرگرتووە کە تواناو نمرەیان باشەو توانای بەردەوامی خوێندنیان هەیە لەو کۆلیژانەی کەوەرگیراون، هەر بۆیە داخستنی زانکۆکە بێ بەش بوونی ئەوانی لێدەکەوێتەوە.

٢.ئێمە لەڕابردوو، ئێستاو داهاتووشدا ڕامان وایە گەر زانکۆی ئاییندەش دابخرێت، لەکاتێکی ترو شوێنێکی تردا هەر دەبێت زانکۆی ئەهلی و ئازاد بکرێتەوەو سیستەمی کۆنی قبوڵی مەرکەزی کۆتایی پێبێت.

هەر بۆیە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بیروڕایانەمان هەر لە یەکەم ڕۆژەوە من وەکو لێپرسراوی لقی زانکۆو هەڤاڵانی تریش، چوینە ناو خوێندکاران بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان و گەیاندنی بەوەزیری خوێندنی باڵا، هەر بۆیە لەڕۆژی یەکەمی مانگرتنەکە ٢/٢٦ لەکۆلێژی پزیشکی لەگەڵ نوێنەری کۆلیژە ناوبراوەکان کۆبوینەوە، ئەنجامی کۆبونەوەکەش لەڕاستیدا بریتی بوو لە (جێبەجێ کردنی مەرجە زانستی و یاساییەکان لەسەر ئەو زانکۆیە کە لیژنەی پسپۆڕی زانکۆ پێشتر دایناوە)، بۆ گەیاندنی بۆچوونەکان سەردانی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵامان کرد، بەڵام بەداخەوە بەڕێز جەنابی وەزیرە (د. ئەختەر) هیچ وەڵامێکی جدی نەبوو بەو قسانە وەڵامی داینەوە کەلە ڕاگەیاندنەکان لەکاتی مانگرتنەکەدا بەردەوام دەیوتەوە.

هەڵوێستی ڕوونترمان هەر لەزووەوە لەدوو بەیاننامەدا خستۆتە ڕووکە لەڕۆژانی ٣/٦، ٣/١٣دا بڵاو کردۆتەوە بۆ خوێندکاران و حکومەتی هەرێم کە تیایدا بەوردی و لەچەند خاڵێکدا بیروڕاو تێڕوانینی خۆمان ڕوونکردۆتەوە (کەئێمە پشتگیری لەداواکانی خوێندکارانی مانگرتوو دەکەین بۆ جێبەجێ کردنی مەرجە یاسایی و زانستیەکان لەسەر زانکۆی ئاییندە. هەروەها دووپاتی ئەوەشمان کردۆتەوە کە هەبوونی زانکۆی ئەهلی و ئازاد بەپێی پێویست، کارێکی پێویستی سەردەمەکەیە).

بۆ پراکتیزەکردنی بیرۆکەکانمان و خاڵەکانی بەیاننامەکانمان بەجیاو لەکۆبونەوەی فراوان لەگەڵ خوێندکاران کۆبوینەوە لەهۆڵی ڕووناکی، ئەگەرئەوان هەڵوێستی کۆمەڵەیان بەدڵە ئەوا ئێمە هەموو زانکۆ دەهێنینە سەرخەت بۆ جێبەجێکردنی مەرجە زانستی و یاساییەکان. بەڵام ئەگەر خوێندکاران لەو کاتەدا پاش تێپەڕبوونی ماوەی پانزە ڕۆژ بەسەر مانگرتنەکە، نائومێد بووبن لەوەی کەحکومەت مەرجەکان جێبەجێ دەکات. هەربۆیە دروشمی داخستنی زانکۆکەیان کردە مەشخەڵ و سەرەنجام زانکۆکە داخرا (دەوام کردن وەستا!).

هەموو ئەو وەڵامانەی بەرپرسە حزبی و حکومیە بەرزەکان کە هەمیشە هەموویان دەیانوت (داناخرێت) بەپێچەوانەوە شکایەوە.

×دەربارەی ئەوەی کەئێمە لێرەو لەوێ تاوانبار دەکرێین یاخود بانگەشەی ئەوەمان بۆ دەکەن کە بێ هەڵوێست بووین و هیچ هەنگاوێکمان نەناوە بەئاراستەی چارەسەری دۆخەکە، گرنگە چەند ڕوونکردنەوەیەک بخەینە بەردەست:

١.هەروەکو لەسەرەتادا باسم کردووە، هەڵوێستی ئێمە لەیەکەم ڕۆژەوە دیاریکراو بووە، دوو بەیاننامەشمان بۆ خوێندکاران و حکومەت و ڕای گشتی ڕونکردۆتەوەو لە تەلەفیزیۆنیش ڕای خۆمان وتووە.

٢.هەڵوێستی دیاریکراویشمان دەربارەی دۆخەکە ڕوون و ئاشکرابووە، گوزارشتی لە هەڵوێستی تێکرای ئەندامانی لقمان کردووە، بێجگەلە تەنها چوار ئەندام لقی کۆلیژە مانگرتوەکان، لە٢/٢٦ تا داخستنی زانکۆکە بریتی بووە لەوەی (ئێمە نەلەگەڵ داخستنین، نەلەگەڵ پێشێلکردنی یاساو ڕێنماییە زانستیەکانین، نەلەگەڵ حکومەتیش بووبین کەبڵێین نابێت زانکۆکە دابخرێ)، بەڵکو لەگەڵ داوا ڕەواکانین لەگەڵ جێبەجێکردنی یاساکانین، لەگەڵ مانەوەی زانکۆی ئایندەین ئەگەر هەروەکو خۆی بەردەوام بوایە.

٣.ئێمە هیچ کاتێک لەناو زانکۆدا بەنوێنەری خوێندکارە مانگرتوەکانمان نەوتوە (کەنوێنەری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بوون) دەبێت واز بهێنن لەمانگرتنەکە، یاخود دژی مانگرتنەکە بن، بەڵکو پێمان وتون ئێوە ئازادن پێویستە نوێنەرایەتی خۆتان لەدەست نەدەن.

لێرەوە بەپێویستی دەزانم تیشکێک بخەمە سەر ئەو ڕوداوەی کەلە ڕۆژی ٤/١٨ کۆمەڵێک ئەندامی لقەکەمان لەنوسراوێکیاندا دەست لەکارکێشانەوەیان لەکۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، ڕاگەیاندووە. لەگەڵ دەست لەکارکێشانەوەکەیاندا هێما بۆ ئەوە دەکەن کە (ڕێکخراوەکەیان بێ هەڵوێست بووە لەئاست مانگرتنی خوێندکارانی ئەو کۆلیژانە) خوێندکاران و ڕای گشتی و ڕاگەیاندنیان وا تێگەیاندووە کەئەم پۆلە دەست لەکار کێشاوەیە زۆر بەهەڵوێستن و دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ بەسەر مانگرتنەکەدا (کەکار لەکار ترازاوەو هەموو شتێک تەواو بووە)، ئینجا بیریان کەوتۆتەوە کە دەبێت هەڵوێست وەربگرن، لەکاتێکدا:

١.پێش هەر شتێک ئەوە دەڵێم کە وازهێنان و چوونە ناو هەر ڕێکخراوێک مافی سروشتی هەرکەسێکە کەخۆی بیەوێت.

٢.ڕۆژی دەست پێکردنی مانگرتن ٢٠٠٥/٢/٢٦، ئەمان ٤/١٨ کەهەموو شتێک کۆتایی هاتووە خوێندکارانی مانگرتووش مانگرتنیان شکاندووەو دەوام دەکەن، نارەزان و کۆمەڵە بەبێ هەڵوێست دەزانن.

٣.هەرچەندە ئەوان پاش دوو مانگ بیریان کەوتۆتەوە کە هەڵوێستمان نەبووە یان لاواز بووە؟ بەڵام لەکاتی خۆیداو لەهەموو هەوڵەکانماندا کۆبونەوەکان و بەیاننامەکانی ٣/٦ی ٣/١٣) هاوڕا بوون.

٤.لەناو ئەو هاوڕێ دەست لەکارکێشراوانەدا، هەیە کەلەکاتی خۆیدا هەڵوێستی وایان هەبووە کە دژ بە هەڵوێستی خوێندکارانی مانگرتووەکان بووە، بۆنمونە یەک لەهەڤاڵانی ئەندام لق ئیمزای کردووە بۆ خوێندکارانی زانکۆی ئاییندە، کەمن پشتگیریتان دەکەم بۆ دانەخستنی. یەکێکی تریان دەڵێت: ئەگەر کۆمەڵە ڕازی بێت، مان دەگرم دژی کۆلیژە مانگرتوەکانی زانکۆی سلێمانی، چونکە دۆخی زانکۆیان تێکداوە. (جا خوێنەری بەڕێز کورد بەو تێبگە).

٥.لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەڤاڵانەی دەستیان لەکار کێشاوەتەوە بەهاوڕێ و هاوکاری خۆمانیان دەزانین، چونکە لەڕابردوودا بەشێک لەئەرشیف و کاری کۆمەڵەیان پێکهێناوە لەسنوری کاری چالاکی خۆیان.

بەپێویستم زانی ئەو چەند خاڵەی خوارەوە باس بکرێ، بۆئەوەی چیدی خوێنەران و خوێندکاران و خەڵکی تریش چەواشە نەکرێ. ■

# لە ٢٩ هەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکاراندا، لە پەنجەرەی دوێنێ و ئەمڕۆوە چۆن دەڕوانینە سبەینێی ئەو ڕێکخراوە؟

**هێرش ڕەسوڵ - ئەندامی سکرتاریەتی کۆمەڵە:**

□ بەر لەهەر شتێک پێویستە ئەوە بڵێین کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان خاوەن مێژوویەکی پڕ شانازییە، مێژوویەک کە لە شاخ و ڕۆژگاری نوشوستی کوردەوە دەست پێدەکات، لەو ڕۆژانەوەی کە زەمەنی سەخت و دژوار بوون بۆ گەلەکەمان و سەردەمێک کە تازە کورد لەو قۆناغەدا دووچاری هەرەسی شۆڕشەکەی ببوو، کۆمەڵەی خوێندکاران لە ساتەوەختێکدا دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاند کە زمانی کوردی، کلتوری کوردی، فەرهەنگی کوردی بە دەست ڕژێمی بەعسەوە لەژێر تەوژمی ونکردن و بەرەو نەمان بردن دابوو، بواری خوێندن و پەروەردەو فێرکردن بەردەوام دەکەوتە بەر هەڵمەتی بە عەرەبکردن و بەبەعسیکردنەوە، خوێندنگاکان پۆل پۆل و دەستە دەستە داخران، خوێندکارانی کورد لە زانکۆی سلێمانی و پەیمانگاکان و ئامادەییەکان ڕووبەڕووی توندوتیژی زۆر دەبوونەوە، بەکورتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان پێچەوانەی هەموو ڕێکخراوەکانی دیکە زایندەی ئەو سەردەمە تاڵەیە، بۆیە هاتنەئارای ئەو ڕێکخراوە خۆی لە خۆیدا هاتنەکایەی قۆناغێکی نوێ بوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بە گشتی و بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردیی بە تایبەتی.

لەماوەی ٢٩ ساڵەی تەمەنیشیدا ئەوەی جیاوازی بەو ڕێکخراوە دەدات بە بەراورد لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تردا ئەو سەروەرییە گەورانەیە کە لە مێژووی خۆیدا تۆماریکردوون، کە خۆی لە هاوکاریکردنی پێشمەرگەو سازو تەیارکردنی گەنجە خوێنگەرمەکانی خوێندگاکان دەبینێتەوە بۆ ڕاپەڕین و دروستکردنی شانەی وردی نهێنی لەناو شارەکان وەک پاڵپشتی بۆ شۆڕشی چەکداری، لەمەشدا دەرکەوتن و ڕاپەڕینەکانی سەرەتای هەشتاکان باشترین نمونەی گەواهیدەری ئەم ڕاستیەن، دوا بەدوای ئەمەش کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەگەڵ وەرگەڕانی قۆناغەکەدا و پەڕپابوونی ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو، لەو قۆناغەشدا بە گوتارێکی نوێترەوە کەلەگەڵ گیانی سەردەمەکە بگونجێ هاتەوە مەیدانەکەوەو دروشمی (بەرەو بەدیهێنانی خواستە دیموکراتیەکانی خوێندکاران و خوێندنی هاوچەرخ) ی کردە هێڵی گشتی کارکردن و ستراتیژی قۆناغەکەی، ئەمەو لەگەڵ ئەوەی یەکەمین ڕێکخراوی پیشەیی بوو داوای هەڵبژاردنی سەرتاسەری بۆ ئەو توێژە کرد کە ڕێبەرایەتی دەکات و پێی وابوو دەبێ خوێندکاران ڕیزەکانی خۆیان یەکخەن و ببنە خاوەن یەک ڕێکخراوی سەرتاسەریی خوێندکاری، هەربۆیەش لە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاو ئامادەییەکان یەکەمین دەنگ و متمانەی خوێندکارانی کوردستانی بەدەستهێنا، ئەمەو لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵەی خوێندکاران لەماوەی تەمەنی کارکردنیدا چەندین دەستکەوتی گەورەی پیشەیی و ئەکادیمی بۆ خوێندکاران بە دەستهێناوە و خوێندکارانیش لەگەڵ بوونی هەر کێشەو موعاناتێکدا ڕوویان کردۆتە ڕێکخراوەکەی خۆیان، هەروەک لە گرنگترین ئەو هەڵوێستانەی کۆمەڵەی خوێندکاران خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کەوا لە دوای ڕاپەڕینەوە گۆڕینی مەنهەج و فەلسەفەی خوێندنی کردۆتە یەکێک لە گرنگترین ئامانجە دوورو نزیکەکانی خۆی، وێڕای ئەوەی بەردەوام لە مەسەلەی سیستمی قبوڵ مەرکەزی، پەیوەندی ناتەندروستی نێوان مامۆستاو خوێندکار، ئاوەدانکردنەوەی ناوەندەکانی خوێندن بە کۆمپیتەرو ئاشناکردنی خوێندکاران بە زانستەکانی سەردەم، دانانی دەروونناس و توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ خوێندنگاکان، هەڵوەستەکردن لە ئاست دیاردەی خۆسوتاندن و خۆکوشتنی خوێندکاران، قەدەغەکردنی لێدان و توندوتیژی و چەندین ئامانجی تری دیموکراسی و پیشەیی و ئەکادیمی خوێندکاران قسەی هەبووە و لە ڕۆژنامەکەیدا لەسەری وەستاوە و داوای ئەنجامدانی کۆنفرانسی کردووە.



هەنووکەش کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان وەک ڕێکخراوێکی پیشەیی خاوەن مێژووو ئەزموون و سەروەری و دەستکەوت، هەڵگری گوتارێکی خوێندکارییە و ڕێکخراوێکە لەپێناو بە دیهاتنی خواستەکانی خوێندکار هاتۆتە گۆڕێ، بۆیە بڕوای تەواوی بە خۆ نوێکردنەوەو گۆڕان و گۆڕانکاری هەیەو لەم یادەشدا نایەوێ تەنیا بە دەفتەری سەروەرییەکانیدا بچێتەوە، بەڵکو گەرەکیەتی بە گیانێکی سەردەمیانەوە کە لەگەڵ وەزیفەی قۆناغەکە بگونجێت کاری ڕێکخراوەیی خۆی ئەنجام بدات، چونکە سەرەڕای هەموو ئەوانە پێمانوایە ڕێگامان زۆر لەبەر ماوەو کاروانەکەمان درێژەی هەیە لە ڕەوتی خزمەتکردنی توێژی خوێندکاراندا. ■

**لە گرنگترین ئەو هەڵوێستانەی کۆمەڵەی خوێندکاران خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کەوا لە دوای ڕاپەڕینەوە گۆڕینی مەنهەج و فەلسەفەی خوێندنی کردۆتە یەکێک لە گرنگترین ئامانجە دوورو نزیکەکانی خۆی**

**کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان پێچەوانەی هەموو ڕێکخراوەکانی دیکە زادەی ئەو سەردەمە تاڵەیە، بۆیە هاتنەئارای ئەو ڕێکخراوە خۆی لە خۆیدا هاتنەکایەی قۆناغێکی نوێ بوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بە گشتی و بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردیی بەتایبەتی**

laparakan.qxd 4/24/2005 11:02 AM Page 7



ئەپیپرۆن

-١٠-

# ئەفلاتون

ئاوات ئەحمەد

□ ئەفلاتون یەکێکە لە هەرە مەزنترین فەیلەسوفانی جیهان، ئەگەر مەزنترینیان نەبێت. لە ساڵی ٤٢٨ یان ٤٢٧ ی پێش زاینیدا لە ئەسینا (یان ئاگینیا) لەناو خێزانێکی ناسراودا لەدایک بووە. گێڕانەوەکان دەڵێن ناوی خۆی ئەریستۆکلێس بووە، دواتر ئەو ناوەی لێنراوە چونکە پیاوێکی بەشان و شەوکەت و چوارشانە بووە. لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەوترێت پلەیتۆ (لێرەدا بایەخێکی ئەوتۆ بە ژیانی تایبەتی نادەین، خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ بەشی پێنجەمی پرۆژەکەمان کە تەرخانە بۆ ئەم بیریارە و زانیاری چڕی گرتۆتە خۆی. هەوڵ دەدەین لە گۆشەنیگایەکی ترەوە بروانینە ئەم هزرمەندە).

ئەفلاتون ئامادەی دادگاییکردنەکەی سۆکرات بووە. کاتێک سزاکەی سۆکرات ئاشکرا دەکرێت، داوای لێدەکرێت باجێک بدات و خۆی لە سزا رزگار بکات، سۆکرات دەڵێت یەک مینای دەدەم، ئەویش ئەگەر هەمبوو، ئەفلاتون یەکێک دەبێت لەوانەی ئامادەیی دەردەبڕن کە سزاکە بکرێت بە سی میناو سۆکرات ئازاد بکەن. لە رۆژی ژەهرخواردنەوەکەدا نەخۆش دەبێت و ئامادەی دواهەمین دیداری مامۆستاکەی نابێت.

لە ساڵی ٣٨٧ دا، دوای گەشت و گەڕانێکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ ئەسیناو ئەکادیمیا نێودارەکەی دادەمەزرێنێت، ئەکادیمیا دەزگایەکی سیستماتیکی بوو بۆ لێکۆڵینەوەیەکی زانستانەی گرفتە فەلسەفییەکان. ئیتر جگە لە یەک دوو سەردان بۆ سیراکیۆسا بۆ ئەوەی ستەمکارە فەرمانڕەواکەی فێری فەلسەفە بکات، تەواوی ژیانی دواتری لەناو ئەکادیمیادا سەرف دەکات، لە پاڵ فەلسەفەدا بایەخیش دەدات بە ماتماتیک و یاسا. ئەو سەفەرانە بۆ سیراکیۆسا لەسەر داوای دوو هاوڕێی خۆشەویستی بووە: دیۆن و ئارکیتاسی تارینتۆم، دەنا ئەفلاتون خۆی زۆر لەوە گەشبین نەبووکە بتوانێت دایۆنیسیۆسی دووهەم بکات بە فەرمانڕەوایەکی فەیلەسوف.

ئەفلاتون بەشێوەیەکی خۆبەخۆوانەی وتۆتەوەو هیچ شتێکی نوسراوی لەبەردەستدا نەبووە. لە وانەکاندا گرفتی فەلسەفی دەهێنرانە پێشەوەو قوتابییەکانی وەکو گروپێک سەرقاڵی چارەسەرکردن و لێکدانەوەی دەبوون. کێشمەکێشێکی سیاسییانە لە نێوانی قوتابخانەکەی ئەفلاتون و قوتابخانەی ئاسۆکراتێسدا هەبووکە ئەویش قوتابخانەیەکی دیکەی ئەسینا بوو.

بەشێکی زۆر لە کاری ماتماتیکییانەی سەدەی چوارەمی پێش زایین لە لایەنی هاوەڵانی ئەفلاتونەوە نوسراوەو زۆربەشیان ئەندامی ئەکادیمیا بوون، بە تایبەتی سیاتیتۆسی داهێنەری ئەندازەی بەرجەستە، ئیداکسۆسی نیدۆسی کە پسپۆڕ بوو لە ماتنماتیک و فەلەکناسیداو بایەخێکی زۆری دەدا بە سوڕانەوەی هەسارەکان، ئەرەستۆ، یۆکلیدێسی داهێنەری ئەندازەی یۆکلیدێسی، ئارکیتاسی داهێنەری زانستی میکانیک.. زۆری تریش هەموویان هاوکارو هاوڕێی ئەفلاتون بوون. دەتوانین بڵێین ئەکادیمیا ئەڵقەی پێکەوەبەستنی ماتماتیکی سەدەی پێنجەمی فیساگۆراسییەکان و جەبرو ئەندازەی قوتابخانەی ئەسکەندەرییەیە.

زانستەکانی دیکەش پشتگوێ نەخرابوون. سپیوسیپەسی خوشکەزای ئەفلاتون کە دواتر دەبێتە جێنشینیشی، نوسەرێکی بەتوانا بوو لە بواری مێژووی سروشتیدا. ئەرەستۆش سەرقاڵی بایۆلۆژیا بوو (تائەوکاتەی جیاجەبێتەوەو قوتابخانەی خۆی دادەمەزرێنێت)

کارەکانی ئەفلاتون

ئەفلاتون لە شێوەی دیالۆگدا نوسینەکانی خۆی تۆمار کردووە، لەوێدا بیرۆکەی فەلسەفییانە مشتومڕیان لەسەرکراوەو پێشخراون و پەرەیان پێدراوەو رەخنەیان لێگیراوەو پەسەند کراون ورەت کراونەتەوە. زۆربەی توێژەرە ئەفلاتونییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی ٣٥ دیالۆگ و ١٣ نامەی نوسیوە. وەلێ مشتومڕو کێشمەکێش دەربارەی رەسەنایەتی هەندێکیان هەیەو هەندێک چەند دیالۆگ و نامەیەک بە هی ئەفلاتون نازانن. توێژەران سەرجەمی دیالۆگەکانیان کردووە بە سێ گروپەوە: دیالۆگەکانی سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی، لەمەشدا توێژەران بە تەواویی کۆک نین کە کام دیالۆگە سەر بە چ ماوەیەکە.

ئەفلاتون هەرگیز لە هیچ یەکێک لەو دیالۆگانەدا قسەکەر نیەو بەشدارەکانی ئاخاوتنەکان خۆیان هزرەکان ئاڵوگۆڕ دەکەن. سۆکرات سەرەکیترین قسەکەریانەو لە نزیکەی هەموو دیالۆگەکاندا دوبارە دەبێتەوە. هەندێک لە قسەکەرە ناسراوەکانی تریش پارمنییس و پرۆتاگۆراس و تیماوسی فیساگۆریی و گۆرگیاس و زۆری ترن کە هەموویان کەسایەتی راستەقینەن و لەو سەردەمانەدا یان کەمێک پێشتر ژیاون.

تێگەیشتن لە پێڕەوە هزرییەکەی ئەفلاتون، پێویستی بە تێگەیشتنی رەوشی ئاکاریی و سیاسی و سەربازیی سەردەمەکەشی هەیە، کە دەرەنجامی جەنگی پیلۆپۆنیشن، جەنگێکی سەخت کە قەیرانێکی ئاکارییانەی قورسی بەدوای خۆیدا هێنا، بۆیە دەبینین یەکێک لەو چەمکە گرنگانەی سەراپای بیرکردنەوەی ئەفلاتون و سۆکراتی مامۆستاشی داگرتووە، چەمکی دادپەروەرییە.

ئەفلاتون ژنی نەهێناوە، بەڵام بەوپەڕی دڵسۆزیی و خۆشەویستییەوە زەماوەندی لەگەڵ ئەکادیمیاکەیدا کردبوو. کارەکانیشی نەک هەر بە مەزنترین کەلەپوری جیهانی دێرین و بگرە هاوچەرخیش لەقەڵەم دەدرێن، تێکستی ئەدەبی نایابیشن و رەنگە هۆی ئەمەی دواییان بگەڕێتەوە و بۆ ئەوەی لەسەرەتاکانی ژیانیدا ویستوویەتی ببێت بە شانۆنامەنوس و تراژیدیایەکیشی ئامادە کردبوو بۆ پێشبڕکێ، بەڵام ناسینی سۆکرات ژێوانی دەکاتەوەو بڕیار دەدات ببێت بە قوتابی ئەو. رەنگە باشترین وەڵام بۆ پرسیاری فەلسەفە چیە، ئەوە بێت بڵێین کارەکانی ئەفلاتون بخوێنەرەوە. هەر لێرەشەوەیە کە هەندێک پێیان وایە توێژینەوەی فەلسەفی داهێنراوی ئەفلاتونەو ناشێت بە دانایانی پێش ئەفلاتون، بە سۆکراتی مامۆستاشیەوە بڵێین فەیلەسوف.

دڵی فەلسەفەی ئەفلاتون تیوریی فۆرمەکان یاخود ئیدیاڵەکانە. هەموو تیورییە ئێتیکییەکەی، سایکۆلۆژیاکەی، بۆچوونی لەمەڕ دەوڵەت، هموو هزری ئەفلاتون لە رێگەی تیوریی فۆرمەکانەوە تێدەگەین. ئەم تیورییە زیاتر لە دیالۆگەکانی سەرەتاو ناوەڕاستدا بەرجەستە دەبێت، کە پێی وایە زانین بریتیە لە بیرهاتنەوەی شتێک کە پێشتر زانیومانە، هەروەها هەموو چەمکەکانی ئێمە، هەموو شتەکانمان لاساییکردنەوە یان وێنەی ئەو فۆرمە ئەسڵییانەن کە خۆیان بوونیان هەیە. ئەم تیورییە پەیوەندییەکی بەتینی هەیە لەگەڵ تیوریی زانیندا، بەشێوەیەک کە پێویست دەکات پێکەوە لێیان بکۆڵینەوە. ئەفلاتونیش وەکو مامۆستاکەی پێی وابووە کە زانین دوو خەسڵەتی بنەڕەتی هەیە: یەکەم پێویستە زانین بێ هەڵە بێت، دووهەمیش پێویستە زانین پێویستە ئەسڵی و جەوهەریی بێت، نەک روکەش و روخسار.

دوای مردنی ئەفلاتون ئەکادیمیا هەتا ساڵی ٥٢٩ زایینی هەر بە کراوەیی ماوەتەوە، تا ئەو کاتەی حوستینیانی یەکەمی ئیمپراتۆری بێزەنتی لەگەڵ هەموو قوتابخانە فەلسەفییەکانی دیکەدا دایان دەخات.■

# داهێنان و شارەزایی

موعتەسەم ساڵەیی





ئێرنست هەمینگوای



جۆزیف کۆنراد

□ داهێنان، یەکێکە لە دیارترین نیشانەکانی زیرەکی و بلیمەتی. وەها رێدەکەوێت کە هەندێک کەس لەنێو کۆمەڵدا هەڵدەکەون، کە بە شارەزاو چاپوک و لێهاتوویی ناو دەردەکەن. ئیتر گەر لەبواری زانیاریدا بێت یاخود لەمەیدانی ئەدەب و هونەرو فیکرو هەر بابەتێکی تردا بێت. مرۆڤی داهێنەر، کەسێکی نائاساییەو خاوەنی بیرو هۆش و ئەندێشەیەکی قوڵ و ئاسۆیەکی بەربڵاوی رەسەنە. ئەوەی کەپێویست بەمشتومڕ ناکات، ئەوەیە کەداهێنان لە ئاکامی بەهرەو شارەزایی و رۆشنبیری پێک دێت. بەهرە خاڵی سەرەکی و بەردی بناغە پێک دەهێنێت بۆ هاتنە کایەی داهێنان. ئەم بەهرەیەش خۆی لەخۆیدا هەردەم جێی لێکۆڵینەوەو باس و لێدوانی هەمیشەییە. بۆ نمونە (مۆزارت)ی مۆسیقا زان لەتەمەنی دوازدە ساڵیدا پارچە مۆسیقای سەرکەوتووی داناوە. یاخود (رامبۆ)ی شاعیری مەزنی فەرەنسایی لەتەمەنی شازدە ساڵیەوە تاوەکو تەمەنی بیست ساڵی باشترین شیعرو هەڵبەستی خۆی داناوە، ئیتر لەپاش ئەوتەمەنەدا دەستبەرداری شیعر نوسین بووەو وتویەتی (سنانم لەشیعردا..!) پێکاسۆی هونەرمەندی ناسراو، وەک خۆی دەڵێت کەوا لەتەمەنی دوازدە ساڵیدا لە ئاستی (رافائیل)ی هونەرمەندی مەزنی سەردەمی راپەریندا وێنەی کێشاوە. لەیەکێک لەم وێنانەدا چاومان بەتابلۆیەکی پێکاسۆ دەکەوێت بەناونیشانی (خێرخوازیی و زانیاری) کەهونەرمەند لە ساڵی (١٨٧٣)داو لەتەمەنی پازدە ساڵیدا کێشاویەتی. لەتابلۆکەدا چاومان بەئافرەتێکی نەخۆش دەکەوێت کە بەچاو مۆڵەقی راکشاوە، دکتۆرێکیش خەریکی چارەسەرکردنیەتی کەرەمزو هێمایە بۆ زانیاری. بەو دیویشەوە ئافرەتێکی دیانی رەبەن بەدیارییەوەیەتی و منالی ژنە نەخۆشەکەی لەباوەش گرتووە کەرەمزو هێمایە بۆ دونیای رۆحانیەت و هەست و سۆزو بەزەیی.. لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە کەپێویستە ئاماژەی بۆ بکەین، ئەویش ئەوەیە کە پێکاسۆ یەکسەر بازی نەدا بۆ رێبازە تازە بابەت و نوێخوازەکان، بەڵکو لەسەرەتادا رێبازی کلاسیکی گرتەبەر وەک لەم تابلۆیەدا دەردەکەوێت، لەپاشانیشدا بەچەند قۆناغ و رێبازێکی جیاجیادا رەت بوو، کەگرنگترینیان رێبازی (شەش پێلۆیی - کوبیزم)ە. ئەمەش بەپێچەوانەی هەڵوێستی هەندێک لەهونەرمەندانی لای خۆمانەوەیە، کەبەداخەوە ناتوانن وێنەی دەموچاوێک بکێشن و یەکسەر باز دەدەن بۆ رێبازی تەجریدی و رووتەڵەکی و بەناوی

**(لیۆناردۆ دافنشی) لەژێر پەردەی تاریکە شەودا دەچووە گۆڕستانەکان، لاشەی مردوانی لەگۆڕ دەردەهێناو شیتاڵی دەکردنەوە. لەژێر تیشکی مۆمدا ئەندامی لەشی مرۆی دەدایە بەرنیگاو وێنەی بۆ دەکێشا**

تازەگەرییەوە وێنەو نیگاری شەرەپشیلە ئاسا دەکێشن..! لەهەمووی نەنگتر کەسیش پێیان ناوێرێت و زاتی ئەوە ناکات کەپێیان بڵێت بابەتەکەت بێ ماناو ناوەرۆکەو هەموو کەسێکیش دەتوانێت ئەم کارە ساکارەی تۆ بەئەنجام بگەیەنێت..!

رۆچوون بەناخی بەهرەو تواناداو، باس و دووان و لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە بەو ئاسانییە نییە. چەندین رێبازو بۆچوونی جیاجیا هەن سەبارەت بەدیاردەو نهێنی سەرهەڵدانی بەهرەو توانا. نوسین دەربارەی بەهرە پێویستی بەبابەتێکی دوورو درێژ هەیە، بۆ باسکردنی ئەو رێبازو بۆچوونە جیاجیانەی کەهەر یەکەو بەجۆرێک لەبارەی بەهرەوە دەکۆڵنەوە. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە لەوەدا چڕ دەبێتەوە کەبەکورتی هەندێک باسی گرنگی شارەزایی و لێزانی بکەین.

نوسەر لەرێگەی وشەوە، هونەرمەند لەرێگەی رەنگ و بۆیەوە، هەست و نەست و ناخی خۆیان دەردەبرن. گەرچی ئامرازیان جیاوازە، بەڵام سەرچاوەی بابەتیان یەکە کەبریتییە لەواقیع و سروشت و دەوروبەرو ناخی مرۆڤ. گەر چیرۆکنوس بۆ نمونە باسی کورسیەکی بەتاڵ یاخود تاکە پیلاوێکی فرێدراو بکات، بێ گومان بابەتەکەی پەیوەندیەکی پتەوو راستەوخۆی هەیە لەگەڵ مرۆڤدا. بەهەمان شێواز گەر هاتوو هونەرمەندێک بەهێڵ و بەبۆیە وێنەی هەمان شتی کێشا، ئەویش لەو حاڵەتەدا هەر مەبەستی مرۆڤەو پەیامێکی جوانکاریی و مرۆڤ پەروەرانە دەردەبرێت..

گەرچی نوسەران و هونەرمەندان خاوەنی گۆشەنیگای تایبەتی خۆیانن و هەریەکەو سەر بەرێبازو بۆچوون و قوتابخانەی خۆیەتی، بەڵام هەر لەسەردەمی چاخە بەردینەکانەوە تاوەکو رۆژی ئەمرۆمان، پەیامی داهێنەر بریتییە لە جوانکاری لەپێناوی خزمەتی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. ئەرکی سەرەکیی نوسەرو هونەرمەند بریتییە لە کۆشش و هەوڵدانێکی بێوچان لەپێناوی دروستکردنەوەی واقیع، بەو شێوەیەی کە خۆیان لەناخەوە مەبەستیانەو ئاواتە خوازین. داهێنەر هەموو وردو درشتێکی دەوروبەر هەڵناچنێتەوە، بەڵکو لەبێژنگیان دەدات و ئەوەی کەمەبەستیەتی هەڵیدەقۆزێتەوەو دەیخاتە روو.

بۆمان هەیە بڵێین گەر بەهرەو توانا، دارێکی بەردار بێت، ئەوا شارەزایی ئاوو کەش و هەوای گونجاوە لەپێناوی بەردەوام بوونی ژیانی ئەو دارەدا. داهێنەران بەتەنیا پەنا نابەنەبەر بەهرەو تواناییان، بەڵکو هەردەم لەهەوڵ و کۆششی بەردەوامدا بوونە لەپێناوی بەدەست هێنانی شارەزایی و فرەزانی. بلیمەتی سەردەمی رێنیسانس (لیۆناردۆ دافنشی) لەژێر پەردەی تاریکە شەودا دەچووە گۆڕستانەکان، لاشەی مردوانی لەگۆڕ دەردەهێناو شیتاڵی دەکردنەوە. لەژێر تیشکی مۆمدا ئەندامی لەشی مرۆی دەدایە بەرنیگاو وێنەی بۆ دەکێشا. ئەم رەفتارە زانیاری و هونەرییەی گەلێک گێرمەو کێشەی لەگەڵ کلێسەدا بۆ خولقاند.. ئەو هێڵکاریانە بۆ لەشولاری مرۆ بەشێوەیەکی ئەوتۆ لەلایەن هونەرمەندەوە بەئەنجام گەیین، تەنانەت تاوەکو رۆژی ئەمرۆمان لەزانکۆ زانستی و نۆژداریەکان و خوێندنگە هونەرییەکاندا پشتیان پێ دەبەسترێت و دەخوێندرێن. سەرەرای هەموویشی هونەرمەند خاوەنی بەهرەیەکی لەبن نەهاتووی سەرسورهێنەر بوو.

لەسەرەتای ژیانیدا لەلای هونەرمەند (ڤیرۆشیۆ)وە دەستی پێکردو خوێندی. رۆژێک ڤیرۆشیۆ تابلۆیەکی بەناوبانگی دەکێشا بەناوی (پاکمەند جۆن سەروەری مەسیح ئاوباران دەکات - القدیس جون یعمد المسیح). تابلۆکە بەتەنیا وێنەی فریشتەیەکی مایەوە کەهونەرمەند بۆی نەکرا تەواوی بکات. ڤیرۆشیۆ رۆیشت و دافنشی قوتابی مایەوەو دەستی کرد بەتەواوکردنی تابلۆکە. هەرکە ڤیرۆشیۆ گەرایەوەو تەماشای کرد کەبەرادەیەکی زۆر سەرسورهێنەر قوتابیەکەی تابلۆکەی تەواو کردووەو وێنەی فریشتەکەی کێشاوە.. ئەوەبوو ڤیرۆشیۆ بەرامبەر بەو داهێنانەی قوتابیەکەی سوێندی خوارد کەچیتر لەژیانیدا وێنە نەکێشێت و بەتەنیا خۆی بۆ پەیکەرتاشی تەرخان بکات.. بە هەمان شێواز باوکی (پابلۆ بیکاسۆ)ی هونەرمەندی ناسراوی ئیسپانی بوو، بەڵام کاتێک کەبینی کورەکەی لەخۆی بەتواناترو بەهرەدارترە، بریاری دا سەرجەمی کەرەستەی وێنەکێشانی پێشکەش بەکورەکەی بکات و، خۆیشی چیتر ببرای ببر، وێنە نەکێشێت..!

داهێنەری خاوەن بەهرە بێوچان لەهەڵپەدایەو عەودالی بەدەست هێنانی رۆشنبیری و شارەزایی زیاترە. شارەزایی و ئاستی بەرزی رۆشنبیری زیاتر داهێنەر لەدونیای داهێناندا قاڵ دەکات و رێی بەرەو پێشەوە چوونی بۆ دابین دەکات. بۆ نمونە (جۆزیف کۆنراد)ی نوسەر، لەئاکامی بیست ساڵی رەبەقی ژیانی پڕ لەسەرکێشی سەختدا توانی رۆمانە سەرکەوتوەکانی خۆی بنوسێت.. ئێرنست هەمەنگوای بەشداری جەنگی یەکەمی جیهانی کرد، بەرادەیەک جارێکیان (٢٢٧) پڕیشک و پارچەی گوللە تۆپیان لەلەشیدا دەرهێنا. لەئاکامی بەشداری بوونی لەو جەنگە سەختەدا، توانی رۆمانی (ماڵئاوایی لەچەک - وداع للسلاح) بنوسێت. پاشتریش لەساڵانی سیەکاندا بەشداری شەری ناوخۆی وڵاتی ئیسپانیای کردو لەئەنجامدا رۆمانی (بۆکێ زەنگەکان لێدەدرێن)ی بەبەرهەم هێنا، کەناوەرۆکەکەی لەبارەی شەری سەختی ناوخۆی ئیسپانیاوەیە..

ژیانی سەخت و دژوار زۆرجار دەبێتە

**پێکاسۆ یەکسەر بازی نەدا بۆ رێبازە تازە بابەت و نوێخوازەکان، بەڵکو لەسەرەتادا رێبازی کلاسیکی گرتەبەر وەک لەم تابلۆیەدا دەردەکەوێت، لەپاشانیشدا بەچەند قۆناغ و رێبازێکی جیاجیادا رەت بوو، کە گرنگترینیان رێبازی (شەش پێلۆیی - کوبیزم)ە**

مایەی چەکەرەکردن و سەرهەڵدانی داهێنانی رەسەن. یەشار کەمال وەکو خۆی دەیگێرێتەوە لەسەردەمی منالیدا بەبەرچاوییەوە لەلادێدا باوکی دەکوژن. لە ئاکامی ئەو کارەساتە سەختەدا بۆ ماوەی چەند ساڵێک زمانی بەیەکجارەکی دەبەسترێت و قسەی بۆ ناکرێت. داهێنەران دەروانن ژیان و دەوروبەر، وەک سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی بەرهەمی هونەری و ئەدەبی.

هونەرمەند دێلا کروا، دەڵێت کەوا سروشت فەرهەنگی وێنەکێشە. یاخود (گابریێل گارسیا مارکیز) نوسەری ناسراوی ئەمریکای لاتینی، لەچاوپێکەوتنێکدا خۆی بەدز لەقەڵەم دەدات..! دەڵێت کەوا لەپێناوی نوسینی بەرهەمەکانیدا هەردەم لەواقیعەوە دزی دەکات و بابەت و کەرەستەی نوسینەکانی هەڵدەچنێتەوە.. گەر ویستمان زیاتر لەبارەی شارەزایی و دنیا دیتەییەوەو قورسایی بەسەر دیاردەی داهێناندا بدوێین، بێگومان دانامێنین و بەڵکو لەم رووەوە، نمونە گەلێک زۆرن.■



laparakan.qxd 4/24/2005 11:02 AM Page 8



# ئەشق سەمای ژیانە

نوسینی/لوشۆ
و. لەفارسیەوە/سالار فەتاح

**ژان، بەهرەیەکە:**
خاکێکە، گوڵە سورەکانی ئەشق لێیەوە سەر دەردەکەن، ئەشق بۆ خۆی لەخۆیدا زۆر بەنرخە، ئامانج و مەبەستێکی نیە بەڵام کاریگەریەکی قوڵی هەیە، چێژ بەخشە، سەرمەستی خۆی هەیە، بەڵام ئەمانە هیچکام ئامانجی ئەشقیش نین، ئەشق بارزگانیەک نیە ئامانج و مەبەستێک دیاری بکات.

عشق تایبەتمەندیەکی شێتانەی خۆی هەیە
ئەم شەیداییە چییە؟ شێتی ئەوەیە کەئاراستەیەکت بۆ دیاری ناکات لەپێناویدا ئاشق بی بیانویەکت نیە بۆچی ئاشقی، وەلامێکی لوژیکیت نیە.

لەژیانی رۆژانەدا، هەرکارێک ئەنجام ئەدەیت، ئامانجێکی بەدواوەیەو بەڵگەیەکی لۆژیکی بۆ کارەکەت هەیە، بۆ نمونە سەرو سەودا دەکەیت لەبازاڕدا، چونکە پێویستت بەپارەیە، پارەت پێویستە چونکە دەتەوێت ماڵێک بکڕی، ماڵت پێویستە چونکە ژیان بەبێ ماڵ و پەنایەک مەحاڵە.

بەڵام دەربارەی ئەشق، مەسەلەکە جیاوازە، ئەویندارێ و ئەوین بەخشین، بە مەبەستێکی دەرەکی ئاراستە ناکرێ بیانویەکت نیە لەبەرانبەری بگەیەنیت، تاکە شتێک کە دەکرێ بیلێیت "نازانم، تەنها ئەوەندە دەزانم کە ئەویندای تاقیکردنەوەیەکە بەوپەڕی جوانیەکانی دنیای ناوەوەت ئاشنا دەکات، بەڵام ئەمەش ئامانجی عشق نیە، دنیای ناوەوە بونو بەهایەکی مادی نیە، لەڕێیەوە کاڵایەک بەدەس بهێنرێت، لەهەمان کاتدا وەک خونچەیەکی سور وایە کەدڵۆپێک شەونم وەک مرواری بەسەریەوە ئەدرەوشێتەوە، لەگەڵ نەسیمی بەربەیانیدا ئەم خونچەیە لەسایەی خۆرەتاودا سەما دەکا.

عشق، سەمای ژیانە.
بەم پێیە ئەوانەی کە درکیان بەعشق نەکردووە لەم سەمایە بێ بەشن، هەلی پشکوتنی ئەو گوڵە سورەیان لەدەس داوە. هەربۆیە لەتێڕوانینی مادیو پێودانگە دەقاودەق لۆژیکیانەکانی، سیاسەتمەدارو، ماتماتیک کاران و ئابوریناسەکانەوە عشق جۆرێکە لەشێتی.

بەڵام بەلای ئەوانەوە کەعشقیان ناسیوە، سەلامەتی ئەقڵ تەنها لەدنیای ئەشقا بەدەس دەهێنرێ، مرۆڤی بێ عەشق لەوانەیە دەوڵەمەندبێ، تەندروست بێ و ناوبانگ دەربکا، بەڵام هەرگیز ئەقڵی دروست نابێ.

چونکە هیچ شتێ دەربارەی بەهاکانی دنیای ناخی خۆی نازانێ، مرۆڤە ئاشقەکان پێویستیان بەچارەسازی دەرونی نابێت، لەڕاستیدا ئەشق مەزنترین وزەی چارەسەرە لەژیاندا، ئەوانەی ئەشقیان تاقینەکردووەتەوە، خاڵی و دور لەمەرامی مرۆیانەی مەزنن، شێتی ئاسایی، بێ بەرنامەیە، بەڵام ئەم شەیدابونە کەئەشقی پێدەوترێ، بەرنامەی هەیە، شادمانت دەکات، ژیانت پڕ لەئاوازو شکۆت پێ دەبەخشێ.

کاتێک کەسێک شەیدا دەبی پێویست ناکات رابگەیەنێت چونکە لەچاوانیا ئەوینێکی قوڵ بەدی دەکەی لەناخی دڵیەوە هەڵقوڵاوە. لەڕوخساریا شکۆداریەکی جوان دەبینرێ، ڕێ رۆشتنی لەسەمای پەپولەیەک دەبێ، ئەو هەر مرۆڤەکەی جارانە وەک هەر مرۆڤێک لەهەمان کاتدا جیاواز لەجاران، چونکە ئەشق چوەتە ژیانیەوە، سەرابای لەتەراوەتی بەهاری خواردوەتەوە و گوڵەکان دڵ و گیان پشکوتوە.

ئەشق دەبێتە مایەی گۆڕانێکی بەدەستوبرد کەسێک نەتوانێ ئەویندار بێ ناتوانێت هوشیاریش بێ، ناتوانێ شکۆمەند بێت، جوانیش نابێ، ژیانی کەسێکی وا تراژیدیایە، ئەویندار ژیانە چونکە ژیان لەگۆڕاندایەو هەرساتەو رەنگێ دەنوێنێ.

کاتێک هاتیتە ناو ئەم کۆڕەوە کەسێک بووی کەچویتە دەرێ کەسێکی تر دەبێ تەنها لەڕواڵەت وەک خۆی دەمێنێتەوە، ئەو دە کاتژمێرەی لەم کۆڕەدا بەسەری دەبەی، زۆر شت لەتۆدا دەگۆڕێ وەک رەوتی ئاوێک کەلەدوکاتژمێردا چەندین کیلۆمەتر لەشوێنی خۆی دورکەوتوەتەوە ئەگەرچی لەڕواڵەتدا هەمان روبارە، ئاوێک کەلێی بڕوات زۆر جیاوازترە لەکاتەکانی پێشوتری.

هراکلیۆس فەیلەسوفی یۆنانی دەڵێ رەوتی ژیان بەردەوامە وەکو ئاوی روبار وایە، ئەوەی لەبیر بێ تۆ ناتوانی دوجار پێ بخەینە یەک روبارەوە چونکە جاری دوەم ئەو روبارە روبارەکەی پێشوتر نیە".

ئەو مرۆڤانەی کەنهێنیەکانی بەختەوەری دەزانن، ئەو مرۆڤانەن کەلەگەڵ ژیانێکدا کەلەکاتی گۆڕاندایە دەساچێن و پێکدێن تەنانەت لەگەڵ ئەو ژیانەدا کەوەک گلۆپی کەفی سابون وایە ئەویندار ئەبن، ئەم گلۆبانەی کەفی سابون لەسایەی تیشکی هەتا دوا ئەدرەوشێتەوەو پەلکەزێڕینەی پەلک باریک دەخەنەوەو مرۆڤی وا بەر لەهەموو کەسی پەی بەواتاکانی بەختەوەری دەبەن.

سەیری گلۆپەکانی کەفی سابونێک، سەیری باڵی پەپولەیەک سەیری خونچەکان گوڵێک کە بەدەم باوە سەما دەکەن، ئەمانەن کەفرمێسک و شۆڕو شەرت و گۆڕانی ژیان دەخەنەوەو پەیدا دەکەن.■

# بەردەوامی زیندویی دەق

بەختیار نامق

□ لێکۆڵینەوە یان خوێندنەوەی هەر دەقێک دەکرێت زۆر لایەن هەڵبگرێت و زۆر بونیادی شاراوە لەناو بابەتی دەقەکەدا بدۆزرێتەوەو خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت، مەرج نییە خوێندنەوەکان هەمووی لەسەریەک میتۆد بێت و نزیک بن لەیەکەوە، بەڵام کاتێک لەسیاقی دەقێکدا دەتەوێت بۆ خوێندنەوەیەکی فەردیو تێگەیشتنێکی تایبەت بۆ دنیا بینی دەق بچیتە سەر میتۆدێک و یەک پێوەری تایبەتت هەبێت لەوێوە بەرئەنجامی ئەو خوێندنەوەیە دیاری بکەیت ئاستەکانی خوێندنەوەکانی تر دیاری بکەیت.. ئەوکات لەیەک هێڵی دیاریکراودا دەوەستیت.. دەق کاتێک کەبە قوڵترین ماناو دنیا بینی یان ستاتیکیەکی ترت دەداتێ دەکرێت ببێتە بارگەیەک بۆ هەڵگرتنی زۆر خوێندنەوەو زۆر رای جیاواز. ئەمەش لەناو بونیادی دەقەکەدا داینەمۆی کارکراوە لەناو کایەکانی ماناکاندا.. کاتێک ئەم دەقە خۆتازەکردنەوەی لەناو سیاقی ماناکانی فرەماناییدا تازە دەکاتەوە کە چەمکەکانی دەق فراوانتر بێت و هەم تەقسی دەقەکە فراوان دەکات، بەشێوەیەکی مەتاتی تا بتوانرێت جیاوازیەکانی یان رەهەندو مەودای جیاوازیەکانی سەکۆیەکی فراوانتر بێت بۆ تێگەیشتنی خوێنەرێک یان خوێندنەوەیەک. ئیتر ئەم دەقە لەرووی ماناو وێنەو زمان و هەموو بونیادەکانەوە گشتگیری تر دەبێت لەم کاتەدا مێژووی نوسینی ئەم دەقە خۆی وون دەکات، کات یان شوێن بەپێی قۆناغی نوسین یان مێژووی نوسین وون دەبێت، تەنها وەک بەروار نەبێت.. نابێتە دیوارێک لەبەردەم گەرانی خوێنەر تا خوێندنەوەی لەسەر بکات تا خوێندنەوەکە بەردەوام بێت، بواری فراوانتر دەدات بەخوێنەر تا بتوانێت ئازادانە ئەو دەرگایانە بکاتەوە لەودیوی رووکەشی دەقەوە بۆ خوێندنەوەکانی.. ئیتر ئەگەر ئەو خوێندنەوەیە هەڵگری پێوەرێک بێت کە تاک پێوەر بێت، تەنها دەتوانی تا سنورێک پشکنین لەسەر ئەو دەقە بکات کە لەمیتۆدی پێوەرەکەیەوە ئاراستە دەکرێت، ئەم خوێندنەوانە کەیەک میتۆدو یەک پێوەری پێیە، ناتوانێت هەموو لایەنە شاراوەکانی دەقێک بپشکنێت.. حەقیقەتی زیندوی دەق بسەلمێنێت. ناتوانێت زیندویی فرەماناو ئاماژەکان و زمان و وێنەو بونیادەکانی تر بدۆزێتەوە، بۆیە دەکرێت خوێندنەوەش خۆی بۆ خۆی فرە بونیادو رەهەندو میتۆدو سیمۆلۆژیای هەمەلایەنە بێت تا بتوانێت زیندویی دەق بسەلمێنێت بەنیشاندانی رەهەندی تازەی ماناکان.. کاتێک خوێندنەوە لەسیاقی دەقێکدا دەگەڕێت بۆ بابەت تاوەک سەکۆیەک ماناکان دیاری بکات. دیاریەکی وێنەیی مانایی پاشان چەمکەکانی زمان بۆ دەربڕینی هارمۆنیەتی دەق تا چەندێک زمان دەتوانێت دەربری رامانەکانی دەق بێت، لێرەوە دەچێتە سەر ماناکان و هەر مانایەکیش گشتگیری مانای تر بەرهەم دەهێنێت، ئیتر چەمکەکانی نێوان جیاوازییەکان دیاری دەکات و دەگەرێت بۆ مانا دانان بۆ هەموو ئەو دالانەی کەفرە بن لەسەر خاڵێک دەوەستێت و ئەو خوێندنەوەیە دنیایەکی ترت بۆ دیاری دەکات کە زیندوویی ئەو دەقە دەسەلمێنرێت.. ئەمە لەجەوانبێکەوەو مەرج نییە ئەم خوێندنەوەیە دوا خوێندنەوە بێت.. تا هەڵکۆڵینەکان زیاترو مەرجەعی ئەو خوێندنەوانە پڕ ئەبستماتر بن. دەق زیاتر زیندویی خۆی نیشان دەدات.. ئەمەش دەچێتە ناو قوڵترین کایەکە رەهەندی جیاوازی دالەکان لەپەرش بوونی مەدلولەکان دەبینێت و دیاری دەکات پاش کارکردن بۆ دەرخستنی فرە لایەنی وەک وێنەو وێنەکانیش قوڵی ستاتیکیو فرەیی ئەو وێنەیە لەناو ناوکی ماناکاندا کە دەکرێت دنیا لەسەر شاشەیەکی ترو بەمانایەکی تر نمایش بکات، پاشان ئەو مانایانە بدات بەو وێنانەی کە ئاماژەیان دیاری دەکات، ئەوکات چەمکەکانی زمان بەمەودای دوور لەسیاقی ئەو دەقەدا چەندێک توانیویەتی رامان و حەقیقەتی دەق راڤە بکات. لێرەوە گوتاری ئەو دەقەش دیاری دەکرێت و زمان وەک بکەرێکی گەورە دەبێتە نوسین، رەهەندەکانی دیاری دەکات و نوسین دەبێتە پەرشکردنی بونیادەکانی دەق. مەرج نییە کە دەقێک زیندوویی گەورەی بەردەوامی تێدابێت خاوەنی هەمان دەق، هەموو دەقەکانی تری زیندوو بن، یان هەندێ کات لەناو دەقێکدا چەند دێرێک دەبێتە یەکێتیەکی چڕکراوەی ئەو دەقە یان هەندێ کات دێر لەشێوەی پرسیار دروست دەبێت، دەبێتە هەڵگری زۆر مانای جیاواز لەبونیادەکانیدا، ئەو پرسیارانە هەڵگری دەیان وەڵامی مانایی وێنەدار لەسەر سەکۆی بابەتدا کەلەقوڵ بوونەوەدا چەمکەکانی وەڵامی ناوئەو پرسیارانە دەردەکەوێت کەلەسەرووی واقعەوە پرسیار لە وجود دەکات یان رامانەکانی جوانی تر نیشان دەدات، ئیتر بەپێی زیاتر فراوان بوونی چەمکەکانی ئەبستمای مەعریفی خوێندنەوە بونیادەکان زیاتر دەبێت و بینینەکان فرە بینین تر دەبن کەبتوانێت دەق لەزۆر لاوە ببینێت و رای جیاوازو چەمکی جیاوازو خوێندنەوەی جیاوازو لێکۆڵینەوەی جیاواز بکات، تا منی خوێنەر زیاتر چێژ لەو خوێندنەوە و لە مەفهومی دەقەکەش ببینم، هەندێک جار دەق خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت دەتوانین ئەو خوێندنەوەیە ناو بنێین دەقی دووەم، کەشیکارکردنەکە خۆی دەقێکی تازەیەو درێژکراوەی دەقی سەرەکیەو دنیابینیەکی تازە لەسەر گوتاری دەقەکە دەخولقێنێت، کەمنی خوێنەر بەرەو رامانێکی فراوان و گشتگیر تر دەبات، دیدی فرە دیدی تر دروست دەکات، لێرەوە کات و شوێن بەپێی خوێندنەوەکە دەگۆڕێت، رەهابوونی کات و شوێن بەپێی قۆناغێکی مێژوویی دەسرێتەوە، کات و شوێن بەپێی رەهەندە قوڵەکان دەبێت، نەک مێژووی نوسینی دەق، لێرەوە ئەو دەقانەی کەپەرش ترن لە رووی چەمک و ماناو بابەت و زمان و وێنەوە، زیاتر هەڵگری زۆر دالی فرە مەدلولین زیاترو وەک بزووتنەوەیەکی ناوەکی دەق زیندووبونی خۆی نیشان دەدا، زیاد لە چەند خوێندنەوەیەک هەڵدەگرێ ئەمەش ناکاتە ئەوەی کە زمانی قورس مانای دەقی چاک بێت، بەڵکو توانای کایەکانی دەق دەبنە رێچکەی بەدواداچوون بۆ قوڵاییەکان.. بەڵام ئەگەر دەق نەتوانێت زمانی رووکەش بشکێنێت لەودیو ئەو شتانەی کە نابینرێ و هەن یان دەق دەتوانێت بیانخولقێنێت یان توانای ناوەکیەکانی لاواز بێت شتی سادەو ساکار بێت، ئەوا ناتوانێت خۆی تازە بکاتەوە لەناوەوە وەستاوی دەبینرێت و دەبێتە دەقێک لەکاتێکداو لەشوێنێکداو مێژوویەکی تایبەتی دەبێت.. ئیتر ئەو دەقە لەو مێژووە بەدواوە لەبەر نەبوونی چەمکی گشتگیری بونیادەکانی دەمرێت، چوڵەکانی خاو دەبنەوەو دەوەستن. ناتوانێت بەردەوامی بدات بەخۆیو پێوەرەکانی خوێندنەوەش لەسیاقی خۆیدا هەر هەمان واتای دەبێت، ئەگەر هەڵکۆڵینەکانی رای جیاواز هەڵنەگرێت، ئەوا ناتوانرێت خوێندنەویەکی بەردەوام بێت، بۆیە دەق دەتوانێت زیندویەتی بدات بەپێوەرەکانی دنیابینی جیاواز.. لێرەوە ئەمرۆ لە گۆرەپانی رۆشنبیری کوردیدا، زۆر بڵاوکراوەو زۆر دەق هەیە لەبەرامبەر نەبوونی یان لاوازی خوێندنەوە لەکاتێکدا خوێندنەوە دەق جوانتر دەکات، مەتاتیەتی دەق دەردەخات، هەرچەند مایەی خۆشحاڵیەکی سەرەتاییە کە دەقمان زۆرە، بەڵام بەداخەوە کە زۆر کەسی رۆشنبیر هەیە کەلە ئاستی خەیندنەوەی زۆرباشدایە بۆ دەق، کەچی زۆر بەکەمی دەنوسن.. بەڵام تا خوێندنەوەکان زیاتر بێت، دەقە زیندوەکان زیاتر خۆیان نمایش دەکەن.■

# دەپرسیاری بناغەیی لە ڕیچارد ڕۆرتی

و: بابەکر دڕەیی

□ **پرسیار: واتای ژیان چییە؟ ژیان لەپێناوی چیدایەو چ نرخێکی هەیە؟**

**ریچارد رۆڕتی:** رێگای جۆراو جۆر هەن بۆ واتابەخشین بەژیانی ئینسان. ئێمە تیۆرەیەکی هەمەلایەنەمان نییە سەبارەت بەواتای ژیان. خەڵک دەبێ ئازادبن تابەهەر شێوەیەک پێیان خۆشە واتایەک بدەن بەژیانی خۆیان.

**پرسیار: بەختەوەریو بەدبەختی چۆن پێناسەدەکەیت؟ ئەوپەڕی خۆشبەختیو لوتکەی بێبەختی مرۆڤ لەچیدایە؟**

**ریچارد رۆڕتی:** ئەوپەڕی بەختەوەری لەوەدایە کە مرۆڤ دڵنیابێت لە خۆشەویستیو خۆشەویست بون. ئەوپەڕی بەدبەختی ئەشکەنجەدرانە.

**پرسیار: بەزۆر یان بەئارەزوو (جەبر یان ئیختیار)؟ ئایا مرۆڤەکان، چ بەتاک چ بەکۆمەڵ، سازدەری مێژووی خۆیانن یاخود کۆیلەی چارەنوسێکی دیاریکراوو حەتمین؟**

**ریچارد رۆڕتی:** بەدڵنیاییەوە ئێمە خۆمان چارەنوسمان دیاری ئەکەین، لانیکەم هەرکاتێ هاونەژادەکانمان بواری ئەوەمان بدەنێ، بیرۆکەی "چارەنوسی دیاریکراو" بۆهەڵاتنە (لەمەسەلەکان).

**پرسیار: بەئایندەی مرۆڤ گەشبینیت یان رەشبین؟ بەرەوکوێ دەڕۆین؟**

**ریچارد رۆڕتی:** من رەشبینم. پێم وایە درەنگ یان زوو، جەنەڕاڵێکی قۆزاق چەکی ئەتۆمی بە دیکتاتۆرێکی گەمژە دەفرۆشێ و جیهان خۆی دەتەقێنێتەوە.

**پرسیار: لەناو هەموو ئاوات و ئایدیالە ئینسانیەکاندا کامیان فەلسەفەی ژیانی تۆ بەیان دەکات؟**

**ریچارد رۆڕتی:** ئاواتی عەدالەتی کۆمەڵایەتی.

**پرسیار: چۆن مردن ئەبینیت؟**

**ریچارد رۆڕتی:** زۆرتر هەوڵ ئەدەم لە مردن دوربکەومەوە، بەڵام نازانم چۆن ئەتوانم دوربکەومەوە.

**پرسیار: خواچییە؟**

**ریچارد رۆڕتی:** ئەفسانەیەکە بۆ قەرەبوکردنەوەی لەدەستدانی دایک و باوک!

**پرسیار: عەدالەت چییە؟**

**ریچارد رۆڕتی:** کۆمەڵگایەک عادیلانەیە کە لەهیچ کۆششێک درێخی نەکات بۆپێگەیاندن و خۆدروستکردنی ئینسان.(ی تاک).

**پرسیار: ئایا بڕوات بەدیاردەیەک هەیە بەناوی "سروشتی مرۆڤ"؟ تێڕوانینت بۆ ئەو "سروشت"ە چییە؟**

**ریچارد رۆڕتی:** نەخێر. بەشەریەت سروشتێکی لەخۆیدا نییە. لە کۆمەڵگا ئازادەکاندا مرۆڤی نوێ بەردەوام لە حاڵی پەیدا بوندان.

**پرسیار: گەورەترین وانەی ژیان و بەنرخترین راستی کە پەیت پێ بردبێ چییە؟**

**ریچارد رۆڕتی:** لە هەرشتێکی تر زیاتر، خێر لە عیشق و خۆشەویستی ئەبینیت.

ریچارد رۆرتی یەکێکە لە ناسراوترین فەیلەسوفە هاوچەرخەکان. ئەو بە فەیلەسوفی شیکاری ناسراوە، بیرو باوەڕی رۆڕتی لەگەڵ فەلسەفەی هایدیگەرو گلامر بەهاوڕیشە دەناسرێت. رۆڕتی مامۆستایە لە زانکۆی "ستانفۆرد".

کتێبەکانی بریتین لە: "فەلسەفەو ئاوێتەی سروشت ١٩٧٩"، "روداو،کینایەویەکپارچەیی ١٩٨٩

لەگۆڤاری پرسش ژمارە (٢)هاوینی ١٩٩٩■

## نووسین لە خامۆشی



□ فەرهەنگۆک دروستکردن ماوەیەک بووبووبە شتێکی باو لای شاعیرو چیرۆکنووس و نووسەران. لەکۆتایی لاپەڕەیەکدا یاکۆتایی کتێبێکدا هەروا فەرهەنگۆک بوو دەکرایەوە بۆ مانای چەندین وشەی قورس و لەبیرچوو کە لەدەقەکەدا دەهاتن.. بەڵام ئەمە دەقی نوسراویشی بۆ منداڵ گرتۆتەوە.. تەنانەت لە خوێندنەوەی پۆلی یەک و دووی سەرەتاییشدا پەراوێز دەکرێتەوەو مانای وشەی رەقی تیا روندەکرێتەوە. سەیرتر لەوەیش کارەکە بواری وەرگێڕانی ئەدەبی رونیشی گرتۆتەوە.

دەکرێ دەقی سەردەمێکی کۆن بهێنین کە زمان و وشەی سەردەمێکی ئێجگار دووری تیا بەکارهێنراوە، دەشێ بیهێنین و بۆ ئاشناکردنی بەخوێنەری ئەم سەردەمە، فەرهەنگێکی بۆ دروست بکەین و مانای ئەو وشەکۆنانە بدەین، بۆ نموونە ئەدەبی سەردەمی جاهیلی پڕە لەوشەی قەبەو قورس و ئێستا لەنوسینی عەرەبی نوێدا بەکار نابرێن، بەڵکو بەکارهێنانیان بووە بەعەیبە لەنووسینی ئەمڕۆدا، چونکە کۆمەڵێک وشەی بیرکراون لەفەرهەنگی کۆنا پارێزراون، زیندووکردنەوەیان بەبەکارهێنانیان لە دەقی ئەمڕۆدا زەحمەتە فەرهەنگۆک بۆدەقی وەها یا دەقی کوردی دوو سەد ساڵ پێش ئێستا بکرێت شتێکی ئاساییە، بەڵام ئەمە ئاسایی نییە بێین لەسەدەی بیست و یەکدا بەهەوەس لەدەقی نوێدا بەکاریان بهێنین و پاشان هەر خۆیشمان بێین لە پەراوێزدا فەرهەنگۆکی بۆ دروست بکەین.

هەندێک لەو شاعیرو نووسەرانە هەر بیر لە بریسکو باقی دەرەوەی ئەو وشانەدەکەنەوە ئەمە بێ ئەوەی هیچ رۆڵێکی وەها لە تەنسیقی زمانە شعرییەکەدا ببینن. یاهەندێکیان تەمومژ بەبەکارهێنانی ئەو وشە رەقە لەبیرکراوانە دەزانن و لەبیریان دەچێ تەمومژ لەدنیای ئەمڕۆی ئەدەبدا لە زۆر شتی تر سەرچاوەیان گرتووە وەک دیدو بۆچوون و دەروونی چڕو ئاڵۆزیی ژیان و چەندین شتی تر.. سەیری تەمومژی جوانی چەندین دەقی جوانی ئەمڕۆ بکە بەڵام دوورە لەوشەی بریقەدارو فەرهەنگی. یەکێک لەو خیانەتانەی کەلەوەرگێڕاندا دەکرێت ئەوەیە دەقێکی رون بهێنین و بەزمانێکی رەق وەربیگێڕین. بۆ نمونە ئەدەبی نزار قەبانی یا نازم حیکمەت یا مەکسیم گورگی ئەدەبێکی رونە، هەرخۆیان لەزمانی یەکەمدا واهاتوون، بەڵام گرفت لەوەدایە وەرگێڕیان بێت و لەکاتی وەرگێڕانیاندا زمانێکی رەقیان بۆ بدۆزێتەوە، ئەمە جۆرێک لە پشێوی بۆ کەشو هەواکەیان دروستدەکات، هەر خۆی لادانێکە لەشێوازو جیهانی دەقەکانیان.

سەیرتر لەمانە ئەوەیە زۆر لەو وەرگێڕانە، دەچن لەکۆتایی لاپەڕەدا یا لەپەراوێزدا فەرهەنگۆک بۆ نووسینی رونی نزار یا نازم حیکمەت یا لۆرکا ئامادە دەکەن، بشێوی دەخەنە کاری وەرگێڕانی خۆیانەوەو بەمەیش ئەگەر بکرێت بڵێین تاوانێک دەکەن خیانەتێک ئەنجامدەدەن..

ئەدەبی یەشار کەمال ئەدەبێکی کراوەو رەوانە، زمانی کلۆڵ و داماوە، زمانێکی دوور لەگرنجی، ناشێ لەکاتی وەرگێڕاندا قورسترین و نامۆترین وشەی فەرهەنگ بۆ وەرگێڕانی بەکاربهێنین، سەد وشە لەم لەهجەو سەد وشە لە لەهجەیەکی ترو پەنجا وشە لە لەهجەیەکی ترمان بۆ بهێنن و بەمەبەستی زمانی یەکگرتوو لەو دەقە ئاسانانەدا بەکاریانبهێنین.

ئەگەرچی ئەم دیاردەیە خەریکە ئەمڕۆ لەو بوارانەدا کەمدەبێتەوە بەڵام لە بوارێکی ترا سەریهەڵداوەو رەنگە زیانێکی گەورە بەزەوق و دیدو ئەرکەکان بگەیەنێت.

پەرینەوەی ئەم حاڵەتە بۆ ناو ئەدەبی منداڵ و کتێبێکی خوێندنی منداڵان نابەجێیە. منداڵ پێویستە بەدەقی رونە، دەقێک لەجیهان و زمانییەوە نزیک بێت، بەڵام هەندێک لەو برادەرانەی کە بۆ منداڵ دەنووسن وشەی قورس و کۆنی ناو فەرهەنگ ریزدەکەن و هەر خۆیشیان دێن فەرهەنگ بۆ ماناکانیان دروستدەکەن. یاخود کارەکە گەیشتۆتە ئەوەی لەکتێبی خوێندنەوەی قۆناغی یەک و دووی سەرەتاییدا، دەقەکە بریتی دەبێت لەگفتوگۆی نێوان دوو منداڵ لەکاتی پەرینەوەو نزیکبوونەوەیان لەترافیکلایت، کەچی چەندین وشەی دەوروبەری کشتوکاڵی تیا بەکارهێنراوەو پاشان لەپەراوێزیشدا فەرهەنگۆک بۆ مانای ئەو وشە قورس و ناسازانە کراوە.. ئەمە ئەگەر بۆ دەوڵەمەندکردنی زەخیرەی زمانەوانی منداڵ بێت دروستنییە چونکە بەوچەشنە ناکرێت و ئەو پێویستی بەوشەو زمانێک هەیە لەجیهانە ساکارەکەیەوە نزیکبێت. پاشان بەچ مەبەستێک لەبابەتی ترافیکلایتدا وشەی فەرهەنگی سێ سەد ساڵ پێش ئێستا بەکاردەهێنرێت؟

بەکورتی کارێکی چاکە، ئەوانەی کە دەقی کۆن ساغدەکەنەوە یا بابەتی فۆلکلۆر کۆدەکەنەوە لەکۆتایی نوسینەکانیاندا مانای وشە قورسەکان بدەن، ئەمیش بەمەبەستی نزیکبوونەوەیان لەخوێنەر تاخۆی نەگەڕێت بەدوای ماناکانیاندا، بەڵام تەوزیفکردنیان لەدەقی نوێدا شتێکی ترەو دەیەوێ لەسەری بوەستین.■

laparakan.qxd 4/24/2005 11:02 AM Page 9



# (بزوتنەوەی شعوبیەت)
# رەتکردنەوەی پێشێلکاری ئومەویەکان

ئارام سدیق

□ مێژووی ئیسلام، مێژوویەکی پڕ لەململانێیەو دەکرێ زۆرترین قسەی لەسەر بکرێ و زۆرترین رەخنە لەو مێژووە بگیرێ، چونکە بەدرێژایی ئەو مێژووە زۆرترین هەڵچوون و داچوونی لەبواری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی تێیدا رووی داوە، کە ئەمەش بووەتە یەکێک لەو هۆکارانەی کەبزوتنەوەو بزاوتی جیا جیا دژی دەسەڵاتی ئیسلام دروست بێت و هەندێکیشیان تائێستا لەدژایەتیکردنی بەردەوامن. یەکێک لەو بزوتنەوانەی لەئەنجامی زوڵم و زۆری دەسەڵاتی ئومەویەکاندا سەری هەڵدا (بزوتنەوەی شعوبیەت) بوو، ئەم بزوتنەوەیە لە نەتەوەکانی غەیری عەرەب پێکهاتبوون و فارسەکان دروستیان کردو گەورەترین بەشی ئەم بزوتنەوەیان پێکدەهێناو هەوڵ و خەباتی ئەو موسوڵمانە ناعەرەبانە بەناوی خەڵکی یەکسانیخوازەوە دەرکەوتن و داوای یەکسانی و دادپەروەری ئیسلامیان دەکرد.

دەکرێت لێرەوە قسە لەسەر کتێبێکی نوێ بکەین بەناوی (بزوتنەوەی شعوبیەت لەمێژووی ئیسلامدا) کە لە نووسینی بەڕێز (سەلام عەبدولکەریم عەبدوڵڵا)یە باسێکی تێرو تەسەلە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) ئامادە کراوە و پاش گفتوگۆ بەپلەی "نایاب" وەرگیراوە و لەسێ بەش پێکهاتووەو سەرەتا نوسەر لەپێشەکیەکەیدا بۆ ناساندنی کتێبەکە دەنوسێ، بزوتنەوەی شعوبیەت بەشداری سەرەکیان کرد لەسەرخستنی شۆڕشی عەباسی و بەشداریان لەپۆستە گرنگەکاندا کرد، لەڕووی فیکری و رۆشنبیری و شارستانییەوە کاریگەرییان بەجێهێشت لەسەر بیری ئیسلامی و دەوڵەتی عەباسی و نەتەوەکانی غەیری عەرەب، لەسەرەتادا، داوای یەکسانی و دادپەروەرییان دەکرد، بەڵام بەگۆڕانی قۆناغە مێژووییەکان و بەهێزبوونی نەتەوەکانی غەیری عەرەب، بەتایبەتی لەسەردەمی عەباسی یەکەمدا بانگەشەیان بۆ دەمارگیری و شانازی کردن بەکلتورو رۆشنبیری و ئایین و نەتەوەی خۆیانەوە و لەم بوارەشدا چەندین کتێب و نوسراویان لەسەر رەچەڵەک و زمان و ئایینی عەرەبەکان نووسی.

لەبەشی یەکەمدا نوسەر سەرەتا زاراوەی شعوبیەت پێناسە دەکات و دەنوسێت: شعوب گروپێکن کەفەزڵی عەرەب نادات بەسەر عەجەمدا، شعوبی ئەو کەسەیە کە بەسوک سەیری عەرەب دەکات و پێیان وانییە کەهیچ فەزڵێکیان بەسەر خەڵکی ترەوە هەبێت، مەبەست لەزاراوەی شعوبیەت ئەوانەن کە لەهۆزە عەرەبەکانەوە پەلیان هاویشتووە، یاخود مەبەست پێی عەجەمە. شعوبیەت بزوتنەوەیەک بووکە لەحەقیقەتدا گوزارشتی لەهۆشیاری نەتەوەکانی

**ئومەویەکان زۆر جۆر لەئیستیغلال کردن و چەوساندنەوەیەکیان گرتەبەرو کاریان بەخەڵکی دەکردو رقیان لەغەیری خۆیان بوو و ئەو باجانەی کە کەم بوون زیادیان دەکردو لەوانەشیان وەردەگرت کە تەنانەت موسوڵمان بووبوون**

فارس دەکرد. دەکرێ لێرەوە بڵێین بزوتنەوەیەک بوو گوزارشتی لەهۆشیاری نەتەوەکانی غەیری عەرەب دەکرد لەسەرووی هەموشیانەوە نەتەوەی فارس، بەمانایەکی ترزاراوەی شعوبیەت بریتی بوو لەجۆرێک لەدیموکراسیەت کەدژایەتی ئەرستۆکراتیەتی عەرەبی دەکرد، بەڵام ئەم بزوتنەوەیە لەسەردەمی ئومەویەکاندا زیاتر بزاڤێکی نارێکوپێک و شاراوە بوو لەژێر دروشمەکانی ئایینی ئیسلامدا خەباتی خۆیان درێژە پێدەداو بەناوی خەڵکە یەکسانی خوازەکانەوە هاتنە ئاراوەو تەنها لەرەگەزی فارس نەبوون، بەڵکو نەتەوەکانی تریش بەشداربوون وەکو نەبەگی و قطبی و ئەندەلوسیەکان و زوگ و زنجەکان لەئەفریقاو کوردیش لەو بزوتنەوەیەدا بەشداری کردووە، سەرەڕای جیاوازی و رەچەڵەک و رەگەزیان شانازیان بەسەر عەرەبدا دەکردو دژی عەرەب بوون، بەڵام دەکرێ بوترێ فارس لەم بزوتنەوەیەدا رۆڵی بەرچاویان بینیووە.

نوسەر سەبارەت بەسەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوەیە لەسەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) خولەفاکانی راشیدیندا دەنوسێ، بزوتنەوەی شوعبیەت لەنیوەی دووەمی سەدەی یەکەمی کۆچی دەستی پێکردو لەسەردەمی ئومەویەکاندا بەردەوام بوو هەتاکو سەرکەوتنی عەباسیەکان لەبونیادنانی دەوڵەتەکەیاناو موسوڵمانە ناعەرەبەکانیان بەکارەهێناو کاریان پێدەکرد لەناوەندە گرنگەکانی دەوڵەتدا، هەندێکیان بەرپرسیارێتی فەرمانڕەوایەتیان پێدەدرا، دەبینین بزوتنەوەی نەتەوەکانی غەیری عەرەب نە لەسەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) و نە بەسەردەمی خولەفەکانی راشیدیندا سەری هەڵنەدا، ئەم راستیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەدوو سەردەمدا بنەماکانی ئایینی ئیسلام وەکو خۆی پیادە دەکراو کەس مافی نەخوراوەو پێشێل نەکراوە بەپێچەوانەوەو سەرهەڵدانی بزافی شعوبیەت لەسەردەمی ئومەویەکاندا پەیوەندی بەخراپی و زوڵم و ستەمی هەندێ کاربەدەستی ئومەویەکانەوە هەیە دژ بە نەتەوەکانی غەیری عەرەب، چونکە ئەوان کۆڵەکەی دەوڵەتەکەیان لەسەر رەگەزی عەرەبی دامەزراندبوو، هەروەها لەسەردەمی ئەمەویەکاندا تەنانەت ئەوانەی ناعەرەب بوون بەهاوڵاتی پلە دوو ئەژمار دەکران، لەڕووی رۆشنبیرییەوە بزوتنەوەی شعوبیەت لەسەر رۆشنبیرییەکی فارس ئاراستەو رێڕەوە سایسی و کۆمەڵایەتی و شارستانییەکەی دەکرد، هەروەها لێرەدا خاڵی بنەڕەتی و سەرەکی نەبوو بۆ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی نەتەوەکانی غەیری عەرەب، بەڵکو مەسەلەی نایەکسانی نەبوونی دادپەروەری ئیسلامی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی هەندێ خەلیفەو کاربەدەستی ئومەوی لەماوە دوایيەکانی دەوڵەتی ئومەویدا ئەو دەرفەتەی رەخساند، کەبزوتنەوەی شعوبیەت بێتە ئاراوەو سەرەتاش بەناوی خەڵکی یەککسانیخوازەوە دەرکەوتن و داوای پراکتیککردنی دادپەروەری و یەکسانی ئیسلامیان دەکرد.

لەبەشی دووەمدا نوسەر تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی شعوبیەت و بارودۆخی ئەو سەردەمە. نەتەوەکانی غەیرە عەرەب بەدەر لەوەی لەڕووی سیاسیەوە پشتگوێ خرابوون و هیچ دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نەبوو ئومەویەکان هەر لەسەرەتای حوکمڕانی کردنی دەوڵەتەکەیانەوە کۆڵەکەی دەوڵەتەکەیان لەسەر رەگەزی عەرەب بونیاد نابوو هەستی دەمارگیری عەرەبیان هێندە زۆر بووکە لەنیوەی یەکەمی سەدەی یەکەمی کۆچیدا ئەو ناعەرەبانەی کەموسڵمان دەبوون بەبرای خۆیانیان ئەژمارد نەدەکردن لەئاییندەدا، چونکە عەرەب بەچاوی رق و نەتەوەی عەرەبیەوە لەو سەردەمەدا دەیانڕوانییە ئەو بێگانانەی لەئاینەکەدا وەک جیاوازیەک بۆ ئەو پرەنسیپە جوانەی کە محەمەد (د.خ) و هاوەڵانی هێنابوویان لەدادپەروەری و یەکسانی لەئەرک و مافەکاندا لەبرایەتی نێوان هەموو موسوڵماناندا لەسەروی جیاوازی نەتەوەیی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و بارودۆخی کەسێتیان، هەروەها لەڕووی سەربازییەوە قەدەغە بوو لەسەر ئەو موسوڵمانە ناعەرەبانە کەبچنە ناو سوپای نیزامی عەرەبەکانەوە، چونکە لەسەر بنەمایەکی رەگەزی و هۆزایەتی دامەزرا بوو لەکاتی پێویستدا نەبوایە پشتیان بەموسوڵمانە ناعەرەبەکان نەدەبەست، هەروەها لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە چەوسانەوە هەر هەبوو، بەڵام بەشێکی گەورەی گرفت و کێشەی نەتەوەکانی غەیری عەرەب خۆی لەکایە ئابووریەکاندا دەبینێتەوە بۆ هۆی باری زۆرو خراپی رێگەی وەرگرتنی باج و سەپاندنی باجی زیادە، چونکە ئومەویەکان زۆر جۆر لەئیستیغلال کردن و چەوساندنەوەیەکیان گرتەبەرو کاریان بەخەڵکی دەکردو رقیان لەغەیری خۆیان بوو و ئەو باجانەی کەکەم بوون زیادیان دەکردو لەوانەشیان وەردەگرت کە تەنانەت موسوڵمان بووبوون.

هەروەها یەکێک لەفاکتەرە یارمەتیدەرەکانی گەشەسەندنی ئەم بزاڤە لەسەردەمی دەسەڵاتی ئومەویەکاندا وێڕای خراپی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کە کاریگەری گەورەیان هەبوو لەسەر دەرکەوتنی بزاڤی شعوبیەت ئەوا سەرهەڵدانی ناکۆکی هۆزایەتی خوراسان هێندەی تر هۆکاری یارمەتیدەر بوو بۆ گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی نەتەوەکانی غەیری عەرەب، بەتایبەتیش فارسەکان کەرابەرایەتی ئەو بزوتنەوەیەی دەکرد، هەروەها لاوازبوونی هەستی نەتەوە بەوەی کەسەرچاوەی دەسەڵاتەو ئەمیری موسوڵمانان بەرپرسە لەکاروباری ئەو نەتەوەیەو ئەوان هەڵیان بژاردووە، بەڵام فەرمانڕەوایەتی تاک بریتیە لەگەورەیەک کەنفوزو سایەو دەسەڵاتی رەهای هەیەو خەڵکی شوێن کەوتەی ئاماژەکانی ئەو فەرمانڕەوایە تاکەن.

لەبەشی سێیەمدا نوسەر تیشکی خستۆتە سەر کاریگەریەکانی (بزوتنەوەی شعوبیەت) لەسەر بیری ئیسلامی و دەوڵەتی و عەباسی و نەتەوەکانی غەیری عەرەب سەرەتا نووسەر لەمەڕ کاریگەری لەسەر بیری ئیسلامی دەنوسێت، کاریگەری بزوتنەوەی شعوبیەت لەسەر بیری ئیسلامی دەمانگێڕێتەوە بۆ خاڵێکی گرنگتر ئەویش ئەوەیە تا چەند بزوتنەوەی شعوبیەت هەڵگری باکگراوندێکی فیکری بووە؟ بەو مانایە تاچ رادەیەک فیکرو ئایین و شارستانێتی و رۆشنبیری نەتەوەکانی غەیری عەرەب ئامادەییان لەو بزوتنەوەدا هەبووە بۆئەوەی بزانین کاریگەری لەدوای خۆی بەجێهێشتووە یان نا.

خاڵی یەکەمی کاریگەری بزوتنەوەی شعوبیەت لەسەر بیری ئیسلامی نوسەر بۆئەوەی دەگێڕێتەوە کە نەتەوەکانی غەیری عەرەب بەتایبەت فارسەکان کەئەو شۆڕشەیان بەرپاکرد خاوەنی شارستانی و رۆشنبیری و فارسی خۆیان بوون بەتایبەت بنەماو پرنسیپێ فیکری و فەلسەفی و ئاینی زەردەشتی و مانەوەی کەسەردەمێک بوو لەناو فارسەکاندا بڵاوبووبوونەوە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەڕووی لێکچوونی زۆر زانیاریان لەمەڕ گەردوون و مرۆڤ و بابەتەکانی تر، لەلایەکی تریشەوە کاریگەرییان هەبوو لەسەر دەرکەوتنی تەفسیری جیاواز بۆ دەقەکانی قورئان و پەیدابوونی گروپ و ئاینزانەکانی تری وەک موعتەزیلەو تەسەوف و هتد.

دواتر سەبارەت بەکاریگەری ئەم بزوتنەوەیە لەسەر دەوڵەتی عەباسی دەنوسێت: بزوتنەوەی شعوبیەت میکانیزمی سەرکەوتنی شۆڕشی عەباسیەکان بوو، چونکە عەباسیەکان بەدوو هێز توانیان شۆڕشەکەیان سەر بخەن و کۆتایی بەدەسەڵاتی ئومەویەکان بهێنن، یەکەمیان هێزی موسوڵمانە ناعەرەبەکان بوو بەتایبەتی فارسەکان، دووەمیان هێزی شیعەکان بوو کەنفوزی دووەمیش لەو ناوچە فارس نشینەکانیشدا تەشەنەی کردبوو، تەنانەت کاریگەری بزوتنەوەی شعوبیەت لەسەر دەوڵەتی عەباسی گەیشتە ئەو رادەیەی کەشوێنی یەکەم بۆ فارسەکان بێت.

هەروەها ئەم بزوتنەوەیە کاریگەری لەسەر ژیانی فیکری و سیاسی عەباسیەکان هەبوو، چونکە دەکرێت بڵێین بزوتنەوەی وەرگێڕان رۆڵێکی گەورەی گێڕا لەوشیارکردنەوەو ئاراستەکردنی ئەدەبی عەباسی بەشێوەیەک کەپیاداچوونەوەی فیکری و گفتوگۆو لێدوان دروست بوو لەشیعرو ئەدەبدا سەبارەت بەبواری شیعریش هەندی سەرچاوە دەرکەوتنی بزوتنەوەی شعوبیەت و کاریگەری رۆشنبیری بەیەکێک لەهۆکارەکانی بەرەو پێشچوون و تەواو کاملبوونی شیعری عەرەبی دەزانن، هەروەها ئاشناکردنیان بەزانستی پزیشکی نوێ و جوگرافیاوو بیناسازی.. هتد، بەهۆی تێکەڵ بوونی مسوڵمانەکان بەفارس و رۆمەکان، کاریگەری هەبوو لەسەر زانستە عەقڵیەکان وەک زانستی پزیشکی ئەستێرە ناسی و ماتماتیک، هەروەها عەباسیەکان لەجلوبەرگ و بۆنەو جەژنەکاندا لاسایی فارسەکانیان کردۆتەوەو کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەوانەوە وەک جەژنەکانی نەورۆزو میهرەجان و رام، دیاریان پێشکەشی یەکتری کردووە.

یەکێک لەباشیەکانی ئەم بزوتنەوەیە ئەوەبوو کاریگەری بزوتنەوەی شعوبیەت وەهای لەنەتەوەکانی غەیری عەرەب کرد کەبەچاو و تێڕوانینێکی بەرز راگرتن و شکۆمەندییەوە تەماشای کلتورو رۆشنبیری خۆیان بکەن بەتایبەتیش فارسەکان کە کلتوری ساسانیەکان بەرز رادەگرت و لەزۆرێک بەهاو چەمکەکانیتر دەگەڕانەوە بۆ ئەو کلتورە، هاوکات کوردەکانیش گوێڕایەڵی بابەکی خوڕەمیان کردووەو بەشداری بزوتنەوەکەشیان کردووە، لەوانەش (عصمه الکردی) خاوەنی ناوچەی مرندو لێپرسراوی هۆزی کوردی لەئازەربایجان و هەندێ هۆزی تریش لەپشت قەوقازەوە وەک بەشدارییەکی نەتەوەکانی غەیری عەرەب.

لەپاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە خوێنەر هەست دەکات کە لەپاش نەمانی دەسەڵاتی پێغەمبەر (د.خ) و خولەفاکانی راشیدین ئەوانەی هەڵگری ئاڵای ئیسلام بوون زۆرێکیان رەفتاریان زۆر جیاواز بووەو لەخزمەتی ئاینی ئیسلامدا نەبووەو هەر ئەم هۆیەش وایکردووە کەبزوتنەوەی شعوبیەت سەرهەڵبدات، بێگومان ئەم بزوتنەوەیە توانی فشارێکی زۆر بخاتە سەر دەسەڵاتی ئومەویەکان و هەستی شۆڤێنیەتی عەرەب پەرستیان تێدا کاڵ بکاتەوە، ئەمەش بەوەی لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا ریفۆرمیان پەیڕەو کرد هەر ئەمەش بووە هۆی نەمانی دەسەڵاتی ئومەویەکان و هاتنی عەباسیەکان، هەرچەند عەباسیەکان لەئومەویەکان باشتر نەبوون، بەڵام ئەم بزوتنەوەیە سەنگی نەتەوەکانی غەیری عەرەبی زیاتر کرد، یەکێک لەو باسانەی کە لەم کتێبەدا زۆر کەم باس کراوە کاریگەری و پێگەی نەتەوەی کوردە لەم بزوتنەوەیەدا نوسەر لەلاپەڕەکانی (٢٤، ٧٥) دا ئاماژەیەکی کورتی بە بەشداری کورد دەکات لەو بزوتنەوەیەدا، بەڵام چۆنێتی ئەو بەشداری کردنەو پێگەی کورد لەو بزوتنەوەیەدا باس نەکراوە، یان ئەو کەسانەی لەناو کورددا رۆڵی گرنگیان هەبوو ئاماژەی پێنەرداوە، کەبەرای من بۆ توێژەرێکی کورد کارێکی باش نییە کە لە لێکۆڵینەوەیەکی لەم جۆرەدا رۆڵی نەتەوەکەی خۆی پشت گوێ بخات ئیتر بەهەر هۆیەک بێت ئەمە قسەیەکی ترە، بەڵام هیوادارم نوسەر لەلێکۆڵینەوەکانی داهاتویدا گرنگی بەم مەسەلەیە بدات، چونکە کتێبخانەی کوردی لەم جۆرە سەرچاوانە هەژارە.

دواجار دەستخۆشی بۆ برای بەڕێز (سەلام عەبدولکەریم عەبدوڵڵا) و بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە کە ئەرکی چاپکردنی ئەم کتێبەیان گرتە ئەستۆ.■

**شعوبیەت بزوتنەوەیەک بوو کە لەحەقیقەتدا گوزارشتی لەهۆشیاری نەتەوەکانی فارس دەکرد**

# ئاین و چاکسازی!

فەرەیدون صدیق

□ ئاین دیاردەیەکی مرۆییەو بونی پەیوەستە بەبونی مرۆڤەوە، لەبنچینەدا ئایینداری بەشێکە لەژیان، لایەنێکی ئیجابی و سروشتی شارستانیەتەکانە، وە ناکرێ وێنای هیچ قۆناغێکی مێژووی مرۆڤ بکەین بەبێ هەبونی جۆرێک لەئاین و شێوازێک لەئاینداری. تا ئێرە رێسایەکی گشتییە، بەڕای من ئەم پەرەگرافەی سەرەوە دەربڕی دیوی راستەقینەی مرۆڤایەتیە. بەوردکردنەوەی ئەمە، لەناو مێژوودا ئێمە رووبەڕووی چەندین فۆرمی ئاینداری و بیروباوەڕی ئاینی دەبین، کە ئیسلام دوواینیانە. بەڵام ئەگەر ئاین و لێرەشدا بەدیاریکراوی ئیسلام ئاینێکی ئاسمانی و پیرۆز بێت و، لەئاستە گشتیەکەش دا پێویستیەکی ریشەی کۆمەڵگای مرۆڤی بوبێت، ئەوا لەداهاتوی مێژووی ئەم ئاینەدا - وەکو هەموو ئاینەکانی تر - لەئەنجامی ئەوەی کەوتۆتە بەر تەفسیرو لێکدانەوە مرۆییەکان، کە ئەمیش بۆ خۆی پەیوەستە بەرۆشنبیری وشیاری ئەو کەسەی تەفسیرو لێکدانەوە دەکات و پەیوەندارە بەکۆی بەرژەوەندی و مەرامەکانی.. بەواتایەکی ترو رونتر دەمانەوێ بڵێین کێشەی مرۆڤایەتی لەخودی ئاینداری دا نیە، لەوەدا نیە کە کۆمەڵێک بڕوای تەواو دێنێ بەئاینێکی دیاریکراو لەژیانی رۆژانەی خۆیدا وردی دەکاتەوە، بگرە ئەمە وەکو وتمان ئاماژەی دۆخێکی سروشتی و ئاساییە، بەڵام ئەو گرفتەی رووبەڕووی خودی ئاین و لەویشەوە کۆمەڵگا بەگشتی دەبێتەوە، بریتیە لەدەسکاریکردنی ئەم حاڵەتەو رەنێو هێنان و بەکارهێنانی ئاین و ئاینداری لەپرۆسە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا، گرفتەکە لەبەئایدۆلۆژیاکردنی دیاردەیەکدایە، کە خۆی لەبنچینەدا ئەنتی ئایدۆلۆژیایە. بەم مانایە کە قسە لەسەر چاکسازی ئاینی دەکرێت، لەڕاستیدا قسەکردن کورت دەبێتەوە لەڕەخنەکردن و پرسیار دانان لەسەر ئەو کەلتورە مرۆییەی بەناوی ئاینەوە ساغ کراوەتەوە. دووبارە لێرەشدا کە ئاینی ئێمە ئیسلامە، چاکسازی ئاینی مەبەست پێی هەوڵدان بۆ زیندوکردنەوەی جەوهەری ئیسلام و دوورکەوتنەوە لەکۆی ئەو فێرگەو قوتابخانانەی بەناوی ئیسلامەوە دنیایەک کۆت و بەندی هەمەجۆریان خستۆتە سەر شانی کۆمەڵگای ئیسلامی و، بەم کارە بەرژەوەندییە دنیاییەکانی خۆیان خستۆتە پێش بەرژەوەندە ئاسمانی و باڵاکانی ئاین، کەبریتیە لەبەدیهێنان و بەشداری کردن لەدابین کردنی خۆشگوزەرانی و بەرژەوەندیەکانی مرۆڤایەتی لەهەردوو دنیادا. بەڵام هەمیشە ئەو لایەن و کەسانەی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان لەکەلتوری ئیسلامیدا دەبیننەوە نەک لەخودی ئیسلامدا، رەوتی چاکسازی یەکسان دەکەنەوە بەرەوتێکی دژە ئاینی و، رەخنەکانی ئەم بزاوتە رەسەنەی ئیسلام بەرەخنە بۆ خودی ئیسلام دەناسێنن. باشترین فەزاو دنیای بەهێزی ئەم جۆرە گوتارە بەرژەوەندی خوازە، جیهانی عەرەبییە. چونکە لەم جیهانەداو بەپێی بیروباوەڕی بۆماوەییان، کەلتوری ئاینی بەقەد ئەوەی ئیسلامیە، عەرەبیشە، پاراستن و بەرگری کردن لەم رابردوە هەم ئەرکێکی دینییەو هەم ئەرکێکی نەتەوەیشە بۆ عەرەب. کەواتە دەتوانین بڵێین، شەڕی جیهانی عەرەبی لەگەڵ چاکسازی ئاینی، لەڕاستیدا بەر لەهەموو شتێک ململانێیە لەسەر پاراستنی رەسەنایەتی عەرەبی و تەئسیری عەرەبیانە بۆ ئیسلام.

ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لەجیهانی عەرەبی و بەراوردکردنی لەگەڵ کۆمەڵێک نەتەوەی تری جیهانی ئیسلامی، ئەو راستیەمان بیر دێنێتەوە کە نەتەوەی عەرەب بەحوکمی توش بون بەگرێ کوێرەی پابەندبون بەرابردوو قەتیسمان تیایدا، ناتوانێ قبوڵی بچوکترین هەوڵی جدی بکا بۆ دەرچون لەم دۆخە سلبییە، بەپێچەوانەشەوە ئەو نەتەوانەی لەتوانایاندا بووە لەئاستەکانی (ئابوری - سایسی - کۆمەڵایەتی - کەلتوری) بچنە ناو مێژووی مۆدێرن و دنیای تازەوە، جۆرێکی تر سەیری رابردووی کەلتوری ئیسلامی دەکەن و لەوێشەوە ئەقلانیانەتر مامەڵە لەگەڵ خودی ئایندا دەکەن، بۆ نمونە تورکیا. نابێ ئەوەشمان بیر بچێ کە ئاین لەدنیای رۆژئاواداو بەتایبەت لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، کەزۆرجار بەسەدە تاریکەکان ناودەبرێت، بەرهەمی راستەوخۆی بەکارهێنانی ئاینی بوو لەلایەن دەسەڵاتدارو پیاوانی ئاینیەوە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان، بەپێچەوانەشەوە بزوتنەوەی چاکسازی ئاینی لەسەر دەستی کەسانی وەک (کالفین - مارتن لۆپر) لەڕاستیدا گەورەترین خزمەتکردن بووە بەئاین، هاوکات توندترین پرۆسەی رەخنەکاریش بووە لەتەفسیرە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی دەقە ئاینیەکان. بەڵام ئەمڕۆ رۆژئاوا دوای ئەم پرۆسە شاکسازیە ئاینی تیایدا نەک رۆڵێکی سلبی و دژ بەکۆمەڵگا ناگیرێ، بەڵکو هاوشانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەردەوام لەبەرەو پێش چوندایەو هەمان ئەرکی سەرەتای خۆی دەگێڕێتەوە، کەبریتیە لە خزمەتکردنی مرۆڤایەتی و بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی بۆی.■

**ئەو گرفتەی رووبەڕووی خودی ئاین و لەویشەوە کۆمەڵگا بەگشتی دەبێتەوە، بریتیە لەدەسکاریکردنی ئەم حاڵەتەو رەنێو هێنان و بەکارهێنانی ئاین و ئایینداری لەپرۆسە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا**

laparakan.qxd 4/24/2005 11:02 AM Page 10



### سستەمی ئابوری لە نێوان پرۆژەی سۆسیالستی و چاکسازییدا

تا ئێستا چەپەکانی زیاترین دەستەواژە سۆسیالیزمە لە ئەدەبیات و بەرنامەی سیاسیی خۆیان بەکاری دەهێنن ، بەڵام نەیان توانیوە وێنەیەکی کۆنکریت و نزیک لەو سۆسیالیزمە بۆ ئێمە بکێشن جیا لەوەی لە ڕابردوو تاقیکراوەتەوە ، تا بزانیین ئەو سۆسیالیزمەی وا دەمانەوێت دامەزرێت لە داهاتوودا سیماکانی چۆنە ؟؟؟ هەرکۆپی ئەزمونەکانی ڕابردوو دەبێت کە زۆر هەژارە لەبەرامبەر وەڵامدانەوە بە بەها ئازادییەکان و وەڵام بەپێداویستییەکانی مرۆڤ ؟؟ یان جۆرێکی کەیە هێشتا مەتەڵەکەیمان بە ڕونی هەڵنەهێناوە و ژیان تەسکییەی بەرنامە داڕێژراوە دوور لە ڕیالستییەکان ناکات ، پرسیار و وەڵام بۆ داهاتوو دەهێڵێتەوە ، دەرگای پێشکەوتن دانەخراوە بۆیە ئەوپەڕی دالانی مێژوو بینین خەونێکی پوچەڵە ، گیان بەختی بۆ بەهایەک ئەنجامەدەین تەنها سەرەقەڵەمەکانی لە بیرو زەینماندایە ، خەوێک دەبینیین درێژەی هەمان خەونە مەزنەکانی مرۆڤایەتییە لە سپارتاکۆس و ئەخناتونەوە بۆ ئەبوزەڕ وعەماری کوڕی یاسرو... تا دەگاتە پلانکی و برۆدۆنی وسەدان ملیۆن مارکسیی بینییان ، خەونێک باوەڕی بە یەکسانی مرۆڤەکان لە هەموو بوارەکاندا هەبێت ، ئەو جیهانەش بۆ ئێمە سۆسیالیزمە .

لە سەردەمێکدا ژیان بەسەرە بەین جیهان وا بچوک بۆتەوە گۆڕانکاری زۆر بچوک بە خێرایی با بە جیهاندا بڵاو دەبێتەوە ، دامەزراندنی سۆسیالیزم نەک لە وولاتێکی گەورە بگرە مام ناوەندیش بومەلەرزەی سیاسی و ئابوری کاریگەرتر لە هیرۆشیمای لێدەکەوێتەوە . بۆیە شەڕی ئەمجارە چەندە کاردانەوەی لە ڕابردووگەورەترە ئەوەندەش بۆخۆی لە ڕابردوو سەختترە .

لەبەرئەوەی مرۆڤەکان لە سستەمی سۆسیالستیدا لە بەرامبەر ئەو کارەی دەیکەن کرێی جیا وەردەگرن ، هەرکەسە بە گوێرەی ئەو کارەی دەیکات پاداشت وەر دەگرێت ، واتە جیاوازی لە داهاتی تاکەکانی کۆمەڵدا دەمێنێت ، کرێی زێدە لە پێداویستی کەڵەکە دەبێت ، پاشان ئەو زێدە کەڵەکە کراوە دەچێتە بواری سەرمایەگوزارییەوە و لە بازنەی بەرهەم هێناندا بەشدار دەبێت و سەرمایەی زێدە بەرهەم دەهێنێت ..... . کەواتە لە سستەمی سۆسیالستیدا چینەکان و جیاوازی چینایەتی هەر دەمێنێت ، بەڵام جیاوازی ئاسمان وڕێسمانی سستەمی پێشوو دادەبەزێتە سەر زەوی و بەچاوەکان جیادەکرێنەوە . لە سستەمی ئابوری سۆسیالستیدا بازاڕ -دراو-نرخ-کرێ- سەرمایەگوزاری، ئاڵوگۆڕی شمەک دەمێنێت، ئەنجلز پێشبینی وا بوو سۆسیالیزم هەر سستەمی سەرمایەدارییە بەڵام بەبێ سەرمایەدار (حولە مستقبل الصین- د.سمیر امین -پقافه الجدیده عدد ٢٧٧).

ئەگەر لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا بە ووتەی لینیین بنیات نانی سۆسیالیزم ئاڵۆز بوو ، پاش سەرکەوتنی شۆڕش دەیان ساڵی دەویست بۆ گەیشتن پێی ، زۆر گرانتر بوو لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات ، هەرچەندە سستەمی سەرمایەداری چەسپیوە و پرۆلیتاریای هاوچەرخی بەرفراوانی بەرهەم هێناوە و زەمینە مادییەکانی بنیات نانی سۆسیالیزم کامڵ بووە . بە گوێرەی هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی مارکس و ئەنگلز پێشبینیانی دەکرد بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالستی ، ئێستا نەک تەنها زەمینەی دامەزراندنی سۆسیالیزم پێگەیوە لە زۆربەی وولاتان بگرە لە وولاتە پێشکەوتووەکان تێی پەڕاندووە ، تێپەڕاندن لە وەرزیش لە بەرژەوەندی بەردا نییە و گەندەڵ بوونی لێدەکەوێتەوە .

نابێت ئەوە لەیاد بکەین سستەمی ئابوری سەرمایەداری لەگەڵ گەشەی خۆیدا بۆتە سستەمێکی ئاڵۆز و بە ناخی جیهاندا چۆتە خوارێ و وەک تۆڕی جاڵجاڵۆکە لق و پۆپی هاویشتووە ، ناتوانرێت بە ئاسانی پایەکانی تێک بشکێنرێت .

بە بەرفراوان بوونی ڕۆڵی بازاڕی پشک و دراو بازرگانی دەرەکی و سەرمایەگوزاری دەرەکی و ناوەکی لە ئابوریدا ، ئابورییەکی بزێوو عەجولی بەرهەم هێناوە ، دەست لەهەموو شتێک وەردەدات و و خێراتر لە با لە سنورەکان ئەمسەرو ئەوسەر دەکات و کەمتر خۆی دەخاتە بەر سیرە و داوی ڕاوچییەوە . ئەم کەرتانەش لە ئابوری شلەقان و تەکان و شۆڕش تەحەمول ناکەن ، لەگەڵ شلەقاندا دەتەقێتەوە سەرتاپای جیهان لەگەڵ مەرگی خۆی وێرانە کات ، کارەساتی ئابوری گەورە لەگەڵ خۆی دەهێنێت ، نەک تەنها وولات وێرانە کات بەڵکە مرۆڤەکان سەریشی سەقەتەکات . بە دارمانی ژێر خانی ئابوری مرۆڤەکانیش هەموو بەختەوەرییەکانی ڕابردووی خۆیان لەدەستەدەن ، یەکسانی سۆسیالستەکان جگە لە برسێتی هاوبەش هیچی کە لە هەگبەکەیدا نابێت بۆیان . چۆن بۆمبی ناوکی بەدەست بن لادنەوە مەترسیدارە ، ئابوریش بەبێ مامەڵەی زانستیانە لەگەڵی مەترسی لەو بۆمبە کەمتر نییە لە ئێستاماندا .

لەم سەردەمەماندا پشک و دراو زیندان کردنیان مەحاڵە ، وەک زیندان کردنی ئۆکسجین وایە لە گەردوندا ، لە سەردەمی ئەنتەرنێتدا سەرمایەی وولاتێک بە یەک کرتە ئەمسەرو ئەوسەری جیهانەکات ، هەڵاتنی کارەساتە بۆ ئەو وولاتەی لێی هەلدێت ، ئەگەر سەنتێک بە هەڵاتن وولات بەجی بیهێڵێت ئەوا لە

# چین هەواری ڕابردووی ئایدۆلۆژیا و کارخانەی یاری منالانی ئەمڕۆ و گەورە هێزی داهاتوو

## (وەڵامێک بۆ نووسینێکی بەڕێز مەلا بەختیار)

**عەلی مەحمود محەمەد**

**بەشی سێیەم**

دوای خۆیەوە ملوێنان ئەوەندە زیان دەدات و متمانە ناهێڵێت ، بۆیە بیرکردنەوە لە گۆڕینی سستەمی ئابوری لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالستی لەم سەردەمە بەبێ لە بەرچاوگرتنی کاریگەرییە ئابورییەکانی جگە لە خۆکوژی ئابوری و سیاسی هیچکەی لی شین نابێت .

لەم سەردەمەدا ووشەی شۆڕش جێگەی خۆی بۆ گۆڕینی دەسەڵات لە ڕێگەی سندووقی دەنگدان کردۆتەوە ، سندووقی دەنگدانیش شەرعییەت دەداتەوە بە گۆڕان بۆ خولەکانی داهاتوو ، ئەوەش لە گەڵ خەونە شۆڕگێڕییەکان یەک نایاتەوە بۆ ئەنجام دانی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە بواری ئابوری ، ئەوەی تۆ دەیکەیت پاش ٤ ساڵی کە ئەگەری جێبەجێکردنی پێچەوانەی هەیە ، ئابوری بەم هەڵسان و دابەزینە هەناوییە پچڕێت ، ئابوری چەندە درندەیە هەزاران ئەوەندەش ناسکە .

لەوانەیە گۆڕینی سستەمی ئابوری بۆ پاشانشینێکی وەک نیپاڵ سانابێت ، بەڵام بۆ وولاتێکی مام ناوەندی وەک بەرازیلی ماڵوێرانییە ، بۆ وڵاتێکی وەک یابانیش کارەساتە ، لەوانەیە کۆمۆنستێکی کەم سەوادی وولاتانی ژێر دەستە ختوکەی هەستی بێت بە شۆڕش و سۆسیالیزم لە یابان ، بەڵام ووشەی شۆڕش کۆمۆنیستەکانی یابان ڕادەچەڵەکێنێت . یەکسانی سەری ئەخناتونی فیرعەونی خوارد لە شاری ئاسۆ ، لۆلا بیر لە یەکسانی بکاتەوە لە سبەی ڕۆژدا بەهۆی کاریگەری دارمانی ئابوری و هەڵاتنی سەرمایە لە وولاتەکەی نەک تەنها ئەو کرێکارانەی کار لە دەستە دەن دژی دەوەستنەوە ، بەڵکە برسییەکانی ئەمازۆنیش کاتێک دوو ژەم خواردن کەمتریان بەرکەوێت ئەو یەکسانییەکە دەدەنە بەر شەق و تێی هەڵدەن .

لە سەدەی ڕابردوودا لە جیهاندا کۆمەڵێک ئەزموون لە بواری دامەزراندنی ئابوری سۆسیالستی تاقی کرایەوە ، هەرچەندە بەشێکی بەرچاولە مارکسییەکان ئەوئەزمونانەیان پێ سۆسیالستی نییە ، بەڵام ئێمە لەو ئەزمونانەوە قسە دەکەین نەک لە سەرنج و تیبینی نوخبەوە کە لە خەیاڵی خۆیدا سۆسیالزمێکی دارشتووە تەنها لە ژیانی دیمۆندا دەست ناکەوێت بگرە لە ژووری مەکتەبی سیاسییەکەشیدا چاو بە جیهانی ڕیالیست هەڵناهێنێت ، لێکۆڵینەوە لەسەر ئەزمونی بنیات نراو زیاتر ڕیالستییە نەک ئەو نوسینانەی جارێ سنوری کاغەزییان نەبەزاندووە و ژیان بەسکی خۆی تاقییانی نەکردۆتەوە .

لە سستەمی ئابوری سۆسیالستی بنیاتنراودا ، تا ئێستا ئایدۆلۆجیاو بیروباوەڕی سیاسییەکان و حەزو خەونەکانییان ڕۆلییان گێڕاوە لە دیاریکردنی نەخشە ئابورییەکان ، نەک بیردۆزی ئابوری و نەخشەی زانایانی ئابوری . بەکارهێنانی ماتماتیک لە بواری ئابورییدا لە سۆڤییەت لە نێوان ساڵانی چل و پەنجاکان قەدەغەکرابوو ، بۆ نموونە کانتۆروفتش پرۆژەیەکی ئابوری نوسییەوە بە ناوی (ڕێگای ئابوری بۆ ڕێکخستنی بەرهەم و نەخشە) ، ئەم پرۆژەیە لە ساڵی ١٩٣٩ بڵاوکرایەوە ، بەڵام تا سەردەمی چاکسازییەکانی ساڵی ١٩٥٩ بەکار نەهێنرا لە بواری ئابوریدا .

گرنگترین ئەو ئەزمونانەش ئەزمونی سۆڤییەت و چینە بەهۆی بارستایی سیاسی وئابوری و دانیشتوان و جوگرافیایانەوە . هەروەها لەبەر ئەوەی بابەتەکەی خۆشمان لەسەر چینە ، بۆیە زیاتر گرنگی دەدەین بەو ئەزموونە . سەرباری ئەوەی نەک هەموو وولاتە بەناو سۆسیالستەکان لە ژێر کاریگەری ئەم دوو ئەزمونەدا بوون لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو ، بگرە تەواوی پارتە کۆمۆنیست و چەپەکانی جیهانیشییان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد .

### ئەزمونی سۆڤییەت

سۆڤییەت پێوانەی خاکەکەی ٢٢یـ٤ ملیۆن کم٢ بوو ، واتە شەش یەکی قەوارەی ووشکانی هەموو جیهانی پێک دەهێنا ، خاوەند یەدەکی کەرەسەی خاوی زۆر و



دەوڵەمەند لە ڕوی سامانی ژێر زەمینییەوە ، پێش جەنگی جیهانی یەکەم گەورەترین ناردەی خۆراکی جیهانی بوو ، بەڵام لەسەروبەندی هەڵوەشانەوەیدا بووە گەورەترین کڕیار و هاوردەی خۆراک لە جیهاندا ، ئەمەش دەربڕی شکستی ئەزمونییەتی لەبواری کەرتی کیشاوەرزی .

ڕوسیا پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر وڵاتێکی دواکەوتووبوو زۆربەی خەڵکەکەی نەخوێندەوار بوون (الاقتصاد السیاسی للاشترکیه-ص٢٩)، بەڵام کە هەڵوەشایەوە بەرزترین ڕێژەی خوێنەواری هەبوو لە ئاستی جیهاندا ، سەرباری خانوی خۆڕایی و خوێندنی بەزۆرو بە خۆڕایی و بیمەی بێکاریو تەندروستی و دەیان بەهای کە نمونەی لە مێژووی مرۆڤایەتییدا نەبووە . ئەوبەهایانەی تا نەڕوخا ڕۆژئاوا جورئەتی نەکرد لە وولاتەکانی خۆیان هێرش بکاتە سەریان و هەڵییان وەشێنێتەوە .



لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٦-١٩٧٠ ڕێژەی گەشەکردن لە سۆڤییەت بە شێوەی گشتی ٥ی ٤٪ بوو( بول سمیندی-الاستعداد للقرن واحد والعشرین-ترجمە محمد عبدالقادر-١٩٩٣ - ص ٢٩٤).

بەڵام ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٥٩دا ڕێژەی گەشەکردنی ٣یـ٩٢٪ و ساڵی ١٩٦٠ بە ڕێژەی ٤یـ٠٥٪ و لە ساڵی ١٩٧٠ دابەزی بۆ ٢یـ٧٩٪ (بول سمیندی-الاستعداد للقرن واحد والعشرین-ترجمە محمد عبدالقادر -١٩٩٣- ص٣٦٦).

هەروەها ڕێژەی بەشارستانیبوون لە ماوەی ٤ دەیە لە وولاتی سۆڤییەت بەم شێوەیە سەرکەوت .

| ساڵ | شار | لادێ |
|---|---|---|
| ١٩١٦ | ١٨،٥٠٪ | ٨١،٥٠٪ |
| ١٩٤٠ | ٣٣٪ | ٦٧٪ |
| ١٩٥٣ | ٥٧٪ | ٤٣٪ |

( جان ایلنشتاین-ترجمە د.مجید راچی- ڤاهره ستالین-دار المدی-١٩٩٦ ص ٢٢٤).

لە بواری بەشاربووندا سۆڤییەت هەنگاوی باشی نا ، هەندێک جار ئەم پێشکەوتنانە خەڵکی ئاسییای ناوەڕاستی نیگەران و توڕە دەکرد لەوەی کەلەپوری ڕابردوویان کەوتبووە مەترسییەوە و نایانتوانی ئەو گۆڕانکارییە کتوپڕە قەبوڵ بکەن ، کەواتە سۆڤییەتییەکان لە بە مۆدێرنتەکردنی وولات ڕۆڵی ئەکتیڤییان گێڕا توانییان لە ماوەی کورتدا گەلانێکی ڕەشماڵ نشین لە شارە نوێکاندا نیشتەجێ بکەن.

هەرچی بواری دەرهێنانی خەڵوزی بەردین و نەوت و پۆڵایە ئەوا سۆڤییەت کەوتە پێش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە ، لە بەرهەمهێنانی کارەباشدا هەنگاوی گەورەی نا ، بە کارەباکردنی وڵات یەکێک بوو لە ستراتیژییەکانی بەلشەفیکەکان ، لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنییانەوە ئاڵای دروشمی (کارەبا + دیموکراتییەت = بەسۆسیالیزم) بیان بەرزکردەوە.

جیاوازی بەرهەم هێنانی کارەبا لەچاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەم شێوەیە بە قازانجی سۆڤییەت چووە پێشەوە .

| وڵات | ١٩١٣ | ١٩٥١ | ١٩٧٣ |
|---|---|---|---|
| سۆڤییەت | ٢ | ١٠٣ | ٩١٥ |
| ئەمەریکا | ٢٥،٨ | ٣٧٠ | ١،٨٥٤ |

بەملیۆن کیلۆوات .

لە بواری پیشەسازی قورس و ووزەشدا سۆڤییەت هەنگاوی زۆر گەورە و مەزنی نا ، هاوکات بۆمبی ناوکی تەقاندەوە و چووە سەر مانگ ، لە سەرتاسەری وولاتدا ١٥٠٠ کارخانەی نوی دروستکرا . لە نەخشەی پێنج ساڵەی یەکەمدا ڕێژەی گەشەکردنی کەرتی پیشەسازی ٢١٪ و دووەم پێنج ساڵە ١٦٪ بوو (جان ایلنشتاین-ترجمە د.مجید راضی- ظاهرة ستالین-دار المدی-١٩٩٦-ص١١٨).

لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠ بۆ ١٩٦٥ بەرهەمی پیشەسازی لە وڵاتە بەناو سۆسیالستییەکان ٥١٠٪ و لە وڵاتە پەرەستێنەکان ٣٣٠٪ و لە وڵاتە سەرمایەدارییەکان ٢٢٠٪ گەشەی کرد (الاقتصاد السیاسی للاشتراکیة-ص٤٣٢). ئەم ئامارانە ئەو بۆچونانە پوچەڵ دەکەنەوە کە ئابوری کۆنترۆڵ کراو هۆکاری دواکەوتنە.

بەڵام لەبەرهەمهێنانی بەرهەمی کاربوردی تاکەکەسی و ئەو کەلوپەلانەی بۆ بازاڕ بەرهەم دەهێنران زۆر دواکەوت ، لەبەر ئەوەی کەلوپەلی بۆ بازاڕ بەرهەم ناهێنا، بۆیە نایەتوانی وەڵامی پێداویستی بازاڕ بداتەوە ، لەم بوارەدا ئەم کەرتەی بۆ وولاتە سەرمایەدارییەکان بەجێ هێشت و بازاڕەکانی تەسلیم بە ئیرادەی کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکان کرد .

لە ساڵی ١٩٥٥ دا جیاوازی نێوان بەرهەم هێنانی ئەم کەلوپەلانە لە نێوان هەردوو وولاتی سۆڤییەت و ئەمەریکا ئاسمان و ڕێسمان بوو.

| کەلوپەل | سۆڤییەت | ئەمەریکا |
|---|---|---|
| ڕادیۆ | ٦٦ | ٩٧٤(بۆ هەر ١٠٠٠کەس) |
| یەخچاڵ | ٥ | ٢٨٨ |
| تەلەفزیۆن | ٤ | ٣١٨ |
| غەسالە | ١ | ٢١٦ |
| ئۆتۆمۆبێل | ٢ | ٣٠٠ |

(ان ایلنشتاین-ترجمە د.مجید راضي- ظاهرة ستالین-دار المدی-١٩٩٦-ص٢١٨).

لە هەموو ولاتی سۆڤییەت ٧٧٪ بەرهەمهێنانی کەرتی ئۆتۆمۆبێل لە یەک کارخانە بەرهەم دەهێنرا (مستقبل الرأسمالیە-لستر لوپر-ترجە عزیز سباهی- ص٧١) . ئەمەش نیشانەی گرنگی نەدانە بە باشتر کردنی بەرهەم لە ڕوی چەندایەتی و چلۆنایەتییەوە ، یەکێک بوو لەو هۆکارانەی سۆڤییەتی دواخست ، چونکە تا مونافەسە نەبێت بەرهەم چاک نابێت ، سەرنەکەوتویی سۆڤییەتی لە بواری بەڕێوەبەرایەتی دەرخست .

ئەگەر سەرکەوتنێک لە بواری کەرتی پیشەسازی قورسدا بەدی هاتبێت ئەوا لە بواری کەرتی سەربازی و پێویستییە سەرەکییەکانی هاوولاتیان بوو بە تایبەت ووزە .

لە ساڵی ١٩٥٣ دا خەڵوز١٠٠٪ و کارەبا ٣٠٠٪ و پۆڵا٢٠٠٪ و لۆکە ١٠٠٪ گەشەیان کرد.

بەڵام کەرتی کشتوکاڵ لە سۆڤییەت هەرەسی هێنا ، ئەو خاکە پان و بەرین و بەپیت و بەرەکەتە نەیتوانی پێداویستی دانیشتوانەکەی لە بەرهەم هێنانی خۆراک دابین بکات ، تەنانەت سۆڤییەت نایەتوانی لۆکە بە ئەندازەی پێداویستی خۆی بەرهەم بهێنێت ، وولاتێکی وەک کازاخستان بەو پانتایەی ئێستا هەیەتی زۆرترین بەرهەمی لۆکە بەرهەم دەهێنێت .

ئاسایشی خۆراک بۆ هەموو وولاتێک زۆر گرنگە لە ڕوی سیاسییەوە ، هەیبەتی دەرەخات ، بە تایبەت بۆ وولاتێکی وەک سۆڤییەت کە سەرکردایەتی جەمسەرێکی جیهانی دەکرد و خۆی بە مونافسی جەمسەرەکەی کەی جیهان دەزانی ، بە بێ دابین کردنی ئاسایشی خۆراک نایە توانی ئەم پەیامە بە سەرکەوتووانە ئەنجام بگەیەنێت و هەیبەتی سیاسی خۆی بپارێزێت ، هەرواش بوو بووە یەکێک لە گرنگترین خاڵە لاوازەکانی.

ساڵی ١٩٥٢ بەرهەمی کشتوکاڵی کەمێک زیاتر بوو لە ساڵی ١٩١٤، لە کاتێکدا دانیشتوان نزیک ٢٠٪ زیادی کردبوو. لە ماوەی ئەو ١٨ ساڵەدا هۆیەکانی زیادکردنی بەرهەمی کشت وکاڵ لە ئامێر و پەین زۆر چوبووە پێش ، تەکنەلۆژییای نوێ دەیتوانی ئەو وولاتە گەورەیە بە پانی و درێژی بکاتە کێڵگەی بەرهەم هێنان ، کەچی بەرهەم لە شوێن خۆی چەقی.

| ساڵ | ١٩١٤ | ١٩٥٢ |
|---|---|---|
| دانیشتوان | ١٥٩،٢٠٠ | ١٨٨ |
| بەرهەم | ٩٢،٢٠٠ | ٩٥،٦٠٠ |

جان ایلنشتاین-ترجمە د.مجید راضی- ظاهرة ستالین-دار المدی-١٩٩٦-ص٢٠٥).

لە ساڵی ١٩٤٥ سۆڤییەت تەنها ٣٠٠ ،٤٧ملیۆن تەن دانەوێڵەی بەرهەم دەهێنا ، ئێستا ئۆکرانییا بە تەنها نزیک بەو ئەندازەیە دانەوێڵە بەرهەم دەهێنێت ، لە ساڵی ٢٠٠٢ دا ٨١،٣٣ملیۆن تەن دانەوێڵەی بەرهەم هێنا.

لەسەردەمی سۆڤییەتدا ٤٠٪ بەرهەمی کشت وکاڵی بەرهەم هێنراو لە کێڵگەکاندا دەڕزان (مستقبل الرأسمالیە-لستر لوپر-ترجە عزیز سباهی-ص٦٨) ، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەی جوتیاران ئەوبەرهەمەیان بە ماڵی خۆیان نەدەزانی و خۆیان نەدەکرد بە خاوەندی ، بە پەرۆش نەبوون بۆ بەرهەم هێنانی . پاش پاشگەزبوونەوە لە سیاسەتی نیب تێسرەواندنی مەزن کەوت لە سامانی ئاژەڵداری ، ئەم کەرتە بە ئاستێک پوکایەوە ، مێژووکارەساتی کەموێنەی وای بە دگمەن بە خۆوە بینیووە .

| جۆر | ١٩٢٩ | ١٩٣٣ |
|---|---|---|
| گایەل | ٦٧،١ | ٣٨،٤ ملیۆن |
| ئەسپ | ٣٠،٧ | ١٦،٤ |
| مەڕ و بزن | ٢٠،٣ | ١٢،٢ |

(جان ایلنشتاین-ترجمە د.مجید راضي- ظاهرة ستالین-دار المدی-١٩٩٦-ص١٠٣).

لە ساڵی ١٩٣٥دا جوتیارانی کۆڵخۆزەکان سەرو پارچە زەوییەکی بچوکییان پێدرا ، بۆ ئەوەی بیکێڵن و کەڵکی لێ وەربگرن . سەرجەمی ئەو زەوییانە بەسەر یەکەوە دران بە جوتیاران دەیکردە تەنها ٤٪ زەوی کشتوکاڵی هەموو وولات ، بەڵام ئەو زەوییانە ٥٪ی بەرهەمی سۆڤییەتییان لە سەوزە و میوە و پەتاتە و شیر و گۆشت و مەڕ و بزن بەرهەم دەهێنا (جان ایلنشتاین-ترجمة د.مجید راضـي- ظاهرة ستالین- دار المدی-١٩٩٦-ص٢٠٦).

لە ئابوری سۆسیالستی بنیات نراودا ، کارخانە بە گوێرەی پێداویستی دەوڵەت کەل و پەلی بەرهەم دەهێنا ، کێڵگە بە گوێرەی پێداویستی دەوڵەت دانەوێڵە و بەروبومی بەرهەم دەهێنا ئەگەر بیتوانیایە نەخشەکانی بپێکێت ، بازرگانییش بە هەمان شێوە بە گوێرەی لیستی داواکاری دەوڵەت کەل و پەلی داوادەکرد و دەینارده دەرەوە ، پەیماننامە سیاسییەکان بازرگانییان دیاری دەکرد نەک نرخ و پوختی بەرهەم ، بۆیە هیچ کام لەم کەرتانەی ئابوری نایانەتوانی داهێنان بکەن لە کەرتەکان خۆیان لە خزمەتکردن بە ئابوری وولات ، کەلوپەل بەهەرزان دەفرۆشرا بە هاوپەیمانان و بەروبومە پەرپوتەکانییان خۆی لەسەر زبڵدان دەبینییەوە . ئەگەر سۆڤییەت بە ئیمپراتۆریایەک دابنێین ئەوا یەکەم ئیمپراتۆریا بوو لە مێژوودا لەو دیو سنورەوە لە جیاتی خێرو بەرەکەت زیانی بۆ دەگەڕایەوە .■

ماویەتی

laparakan.qxd 4/24/2005 11:02 AM Page 11



# شانۆی پۆست مۆدێرنیتی

**نیهاد جامی**

□ دوان لەو دۆخەی کە ئەمڕۆ شانۆ تێی کەوتووە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا باسێکە هەڵگریی بۆچوون و تێڕوانینی جیاوازە، کە ئەو نووسینەش دیدێک نیە بۆ سەپاندنی ئەو گریمانانەی کە ئەو نووسینە لەخۆی دەگرێت، بەڵکو دەنگێکی تری نێو جیاوازی ئەو بۆچوونانەیە کە لەدیدێکی تایبەتمەندەوە دەیەوێ قسە لەو بێدەنگیەی شانۆ لە کۆمەڵگەی کوردیدا بکات، بۆ ئەوەی بتوانین قسە لەئایندە بکەین پێویستە گومان لە دوێنێ بکەین و پرسیار لە ئێستا بوونی خۆمان بکەین، بەوەی بەڕاست ئێمە ئەوەی تا ئەو ساتەوەختە پێی هەڵساوین دەتوانین ناوی بنێین شانۆ، لەکاتێکدا سەدەی ڕابردوو سەدەی بانگەشەکاری شانۆکاری



کورد بوو لەژێرناوی "شانۆی ڕەسەنی کوردیی" و "شانۆی ئەزمونگەری کوردیی".

بۆئەوەی ڕەخنە ئاراستەی ئەو دوو زەمەنە بکەین وخەونی ئایندەیەکی گەشمان هەبێت دەبێت خۆمان بەوە فریو نەدەین کە خاسیەتەکانی هەوڵە شانۆیەکانمان هەوڵدانی زەمینەیەکن بۆ دامەزراندن، بەڵکو خەونی ئایندە دەکرێت لەوێوە سەیری بکەین کاتێک گومان و پرسیار ورەخنەمان کرد بە پڕۆژەی کارەکانمان، بۆیە خەوشی ئێمە لەوەدا نیە گەر هەست بکەین کۆتایی سەدەی بیستەم کۆتایی وەهمی شانۆی کوردیی بوو، بەڵکو خەوش ونەنگی لەوێدایە ئەووەهمە بە خاسیەتەکانی شانۆی کوردیی ناو بەرین، ئێمە بۆ ئەوەی بە دوای ئەلتەرناتیڤێکی شانۆیی بگەڕێین دەبێت خۆمان لە هەمووئەووەهمانە بە دوور بگرین ولە بری ئەوە تیۆر و میتۆد بکەینە زەمینەی قسەکردنەکانمان، بۆیەئەونووسینە لەڕێگەی شانۆی پۆست مۆدێرنیتی دەیەوێ لە ئەزمونێکی جیاواز بدوێت ، ئەزمونێک کە ڕوانینێکی میتۆدیانەیە بۆ ڕەخنە گرتن لەو ڕابردووەی کە لەناو گوتاریی شانۆییمان قسەی لە مۆدێرنیتی کردووە، مەبەستیش گەڕانە بەدوای ئەزمونی جیاواز.

ئێستا با بپرسین لەکوێوە بۆ شانۆی پۆست مۆدێرنیتی بگەڕێین؟ ئەوکاتەی ئەو پرسیارەمان لەخۆمان کرد ناشێ تەنها بۆ ئەو دۆخە هەنوکەییە بگەڕێینەوە کە قسە لەو شانۆیە دەکرێت، بەڵکو پێویستمان بە لەدایکبوونی ئەوگۆڕانە هەیە کە ئەمڕۆ ناو زەدیی دەکەین بە شانۆیەک لە دژی شانۆی مۆدێرنیتی، ئەوکارەش ئەنتوان ئارتۆ پێی هەڵسا لە ڕێگەی شانۆیەک کە بە دژی ئاخاوتن بووەستێتەوەو جەستە تیایدا نووسین بەرهەم بێنێتەوە، ئەو شانۆیە بەلای (دریدا)وە بە شانۆیەک سەیر دەکرێت کە دژی سێنترالیزمی لۆگۆسیە(١) چونکە بەلایەوە هەڵوەشاندنەوەی دەنگ بەشێکە لەناو هەڵوەشاندنەوەی لۆگۆس، ،شانۆی ئارتۆ ناو دەبات بە شانۆیەک کەتیایدا گەڕانەوەیە بەرەو نووسین وهەڵوەشاندنەوەی سێنترالیزمی دەنگە، هەڵوەشاندنەوە لەلای ئارتۆ بەرەنجامی سەرەونخونکردنی تەواوی بزاڤە شانۆیەکە نیە، بەڵکو ئەوەی دریداش ئاماژەی بۆ دەکاتەوە ئەو دێرەی ئارتۆیە کە بڕوای وایە تاکو ئێستا هەریەکە لەشانۆوسەما بوونیان نیە، بە مانای ئەوەی بۆ ئارتۆ ئەوەی پێی دەووترێ شانۆ لەڕاستیدا شانۆ نیە چونکە کۆمەڵێک گوتاری خستۆتە ناو خۆی بوونی ئەو گوتارانە وایان کردووە ڕۆڵی شانۆ ون بێت، یەکێک لەو گوتارانەی کە شانۆی ئارتۆ دەیکاتە دەرەوە، دەرکردنی یەزدانە لەشانۆدا، دەرکردنی یەزدان لەشانۆدا بە مانای شانۆیەک بڕوای بە بوونی سێنترالیزمی لۆگۆس نیە لەناو خۆیدا، شانۆیەک کە بوونی نەبووە پەیوەستە بە بوونی لۆگۆس، لێرەدا دەکرێ بەشی هەرە زۆری ئەو ڕەخنەیە بەر شانۆی یۆنانی بکەوێت کە دواجار تەواوی شانۆکە و گوتاری بیرکەرەوە گوتارێک نەبووە لەدەست دەرهێنەروئەکتەرەکان هێندەی گوتارێک بووە لە ڕێگەی وشەی دەنگیەوە چارەنووسی شانۆگەریەکان یەزدان دەست نیشانی کردووە، ئەگەر بمانەوێ نمونەیەکی زیندوو لەناو ئەو شانۆیە بێنینەوە با ئاماژە بە ئۆدیپۆسی سۆفۆکلیس بکەین، ئەوە نە ئۆدیبە لە ڕێگەی زمانەوە کارەکتەر دەباتە ناو تراژیدیا، وە نە نووسەری دەقەکەشە، بەڵکو تەسلیم بوونی هەریەکە لەتەواوی کارەکتەرەکان ونووسەرن بەبڕیاری یەزدان بەوەی زەمەنی تراژیدیا زەمەنێکە یەزدان بەرهەم هێنەریەتی، کاتێ ئارتۆ ئەو گوتارە میتافیزیکیە لە شانۆکەی دوور دەکاتەوە، هەمان ستراتیژی دریدا مەبەستیەتی لەو شانۆیە بوونی هەیە، چونکە لای ئارتۆ وێنەی دەنگی وشە شتێک نیە توانای دەسەڵات وەرگرتنی هەبێت، کە لای دریداش دەنگ بەشێکی بە سێنترالیزم بوونی لۆگۆس بەرهەم دێنێت، دەرکردنی وشەی دەنگیش لای ئارتۆوگۆڕینی بە وێنەی جوڵاوی جەستە پرۆسەی لەدایکبوونی نووسین دێنێتە بوون بەڵام نووسینێک بێلایەن نەبێت لە ڕووی ئامادەبوونی دەرهێنەروئەکتەران، ئەوە دواجار جەستەیە دەقێک دەنووسێتەوە تیایدا لەبری ئامادەبوونی میتافیزیکی ڕووی ئەودیوی ئەوترسە میتافیزیکیە دەتەقێنێتەوە کە وەک تاعونێک دەردەکەوێت هەموو ئەو پیسیەی ناو جەستە دێنێتە دەرەوە وپڕۆسەی کاتاریسی جەستە دەست پێدەکات، ئەگەر بەزمانی دریدا قسە بکەین، دەڵێین نووسین جەستە پاک دەکاتەوە لەهەموو ئەو پیسیەی دەنگ تیایدا دەسەڵاتی تۆقێنەری لەناومان خوڵقاند بوو،

## بیرۆکەی کوشتنی یەزدانی نیچە تەواو هاوڕایە، بەوەی ئەگەر نیچە بەدوای مرۆڤی سۆپەرمان بگەڕێت، ئەوا ئارتۆ بەدوای جەستەدا دەگەڕێت

چونکە شانۆ بۆ ئارتۆ دەسپێکێکی نوێیە، شانۆی کلاسیکی بەلایەوە تووشی وەستانی ئەو خوێنە بووە کە لە شوێنی خۆی پیس دەبێت و دەیکات بەگرێیەک، ئەو گرێیە پەتایەکە هەریەکە لە میتافیزیکیا وەدەنگ خوڵقاندویانە، جەستە لە بەرەنجامی نووسینەوەی خۆی ئەو گرێیە دەتەقێنێتەوە، ئەو خوێنە پیسە دەردەکات و جەستە لەو پیسیە ئازاد دەکات، ئەوەش پڕۆسەیەک نیەکە تەنها ئەکتەرو دەرهێنەر تیایدا ئازاد بن، هێندەی وەرگر بە هەمان شێوە بەشداری لە پرۆسەی پاکبوونەوە دەکات، بەوەی بەشداریی لە پڕۆسەی بینین دەکات، ئەو پڕۆسەیە لە شانۆی ئارتۆ ساتەوەختی بەشداریی پڕۆسەی نمایش وکردەی وەرگرتنە.(٢)

ئەوکاتەی یەزدان دەکرێتە دەرەوە مانای وایە مرۆڤ شوێنی دەگرێتەوە، بۆیە ئەو شانۆیە لەتەک بیرۆکەی کوشتنی یەزدانی نیچە تەواو هاوڕایە، بەوەی ئەگەر نیچە بەدوای مرۆڤی سۆپەرمان بگەڕێت، ئەوا ئارتۆ بەدوای جەستەدا دەگەڕێت، کەهەموو ئەو ترس و پیسیەی لەناو مرۆڤدا هەیە بیتەقێنێتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی لەدایکبوونی کۆمەڵێک جیاوازی لەناو ئەو شانۆیە کە چیتر مرۆڤ سێنتەر نیە، چونکە ئەو سێنتەرە هەڵدەوەشێنێتەوەو دەیخاتەوە سەر(جەستە/ ڕۆح) ئەوەش بە سێنتەرکردنی جەستە نیە، چونکە جەستە نایەوێت سێنتەر دابمەزرێنێتەوە، هێندەی لەو جیاوازیەوە هەوڵی نووسینەوە دەدات، ئەوەش هێندەی هەوڵێکە بۆ نووسین و دەرکردنی دەنگ هێندە سەرقاڵی بنیاتنانەوەی سێنتەرنیە، چونکە دواجار ئەو هەوڵە دەبێتەوە جیاوازیەکی تر بۆ پەیوەندیی نێوان(نووسەر/ئەکتەر).

ئەگەر لەپێشوودا نووسەر سێنتەری بیرکردنەوەی ناو شانۆ بوو ئەوا بەدوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو سێنتەرە، ئەکتەر لە ڕێگەی جەستەوە دەیەوێت گۆڕان لەخودیی مرۆیی بەرپا بکات، بەمانای ئەوەی ئەوکارە تەنها لە پێناو خودیی شانۆ نیە هێندەی بەگژداچوونەوەی سێنتەری عەقڵیەتی باوی مرۆییە، کە ئەوکارەش دواجار بۆ ئەو ڕۆژگارەمان بووبە زەمینەی شانۆیەکی نوێ کە بە شانۆی پۆست مۆدێرنیتی ناوی دەبەین(٣)

بۆچی ئەو شانۆیە بە پۆست مۆدێرنیتی ناو دەبەین؟ ئایا مۆدێرنیتی بێلایەنە لەو شانۆ نوێیە؟ زەمینەو هۆکاری ئەو شانۆیە چیە کە مۆدێرنیتی نەیتوانی بەشداریی تیا بکات؟ ئایا بە ڕاست مۆدێرنیتی بەو ڕادەیە گوناهبارە کە چەمکی شانۆیی گۆڕیبێتە سەر پڕۆژەیەکی عەقڵانی؟

مۆدێرنیتی لە شانۆدا نەک تەنها بەشداریی کردووە، بەڵکو گۆڕانی لەناو چەمکی شانۆبوون کردووە بۆ لەکارخستنی ئەکتەر وەک کائینێکی مرۆیی، بۆئەوەی وەکو گۆڕانە تەکنەلۆژیی و عەقڵیەکانی تر ئەو دامەزراوە بکات بە دامەزراوەیەکی عەقڵانی بەوەی ئەوەی لە ناو پڕۆژەی گەشەسەندنی مۆدێرنیتی نەبوو نەیەتە ناو شانۆ، هەربۆیە بەشداریی پێکردنی ئامێرەکانی دەرەوەی شانۆ لە جۆری سینەما بۆ پتەوکردنی پەیوەندیەکانی شانۆ نەبوو، بەڵکو بۆ خۆ جێکردنەوەی تەکنەلۆژیا بوو لەناو شانۆدا، کە ئەو کارەش نەخزمەتی بە شانۆ دەگەیاند نە بە سینەماش، بەڵکو تەنها بۆ دڵنیابوونی ئەو پڕۆژە مۆدێرنیتیە بوو، ئێستا ئێمە لە ڕۆژگارێکداین چیدیی ناکرێ دەستەوەسان چی لە دووتوێی کتێبەکان و تیۆرەکان بوو بە ڕاستیان بزانین، چونکە ئیدیی بسکاتورو برێخت کە دوو شانۆکاری مۆدێرنیتین ناکرێت نەخرێنە ناو ئەو پڕۆژە ڕەخنەییە، ئەوە(بروک)ە کەبەدژی ئەو تەکنەلۆژیایە دەیەوێ شانۆ زیندوویەتی خۆی ڕابگرێت، بۆیە کاتێ ڕەخنەگرتن لەشانۆی مۆدێرنیتی دەبێت بە پڕۆژەیەکی هەنوکەیی شانۆییمان، بەتایبەت بە دوای ئەوەی ڕۆحی شانۆ لە (ئارتۆ)وە وەک ئاماژەمان بۆ کرد ڕۆحێکی ڕەخنەگرانەیە لەدژی هەوڵی نا شانۆبوون، ئێستا پێویستمان بە پرسیارە لە شانۆ ڕەخنەییەکەمان:

بەدوای پڕۆژەی ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیتی لەلایان فەیلەسوفانی وەکو(فۆکۆ، دریدا، لیوتار، بۆدریار، ئیهاب حەسەن، کریستیڤا) کە ئەو فەیلەسوفانە دواتر بە فەیلەسوفانی پۆست مۆدێرنیتی ناسران، بەتایبەت بەدوای کتێبەکەی لیوتار بەناونیشانی "هەلومەرجی پۆست مۆدێرنیتی" ئیدیی پۆست مۆدێرنیتی توانی مۆدێرنیتی ناوبنبات بە پڕۆژەیەکی تەواوبوو، بەتایبەت بەدوای ئەو گۆڕانانەی لە بیناسازیی و سینەماو ڕۆمان وفەلسەفەو فیمێنیزمدا هێنایە ئاراوە، بوونی لە شانۆدا نەک هەربووبە پێویستی، بەڵکو ڕەخنەگرتن لە شانۆی مۆدێرنیتی بابەتێک بوو دەبوو زوو پێشنیار بکرابوایە بۆ بوونی قۆناغێکی جیاوازی شانۆ بەڵام دواخرا.

بوونی بارباو بروک و گرۆتۆفسکی لەژێرناوی شانۆی ئەزمونگەریی هەوڵێکی بەردەوامی ئەو شانۆیە بووکەبوونە زەمینەی شانۆی پۆست مۆدێرنیتی، ئەو شانۆیە بەتاڵکردنەوەی یادەوەریە لەتەواویی ئەو ڕێسا باوانەی کە بەدوای یەکدا دێن لەنمایشی شانۆیی، هەرلەبوونی یەکەی (شوێن/کات)وبنیاتی گێڕانەوە لەناوشانۆ تادەگات بە بنیاتنانی ڕەگەزە پێکهاتووەکانی تر کە بە بنەماکانی کاری دەرهێنان ناسراون.

ئەوەش مانای وایە زمانی وتراو زمانێکە توانای بەخشینی ماناوچێژیی نیە، بەڵکو زمانێکە لە سێنتەری بوونیەوە ڕەخنەی ئاراستە دەکرێت، زمانێکە بەتەواویی هەڵدەوەشێنرێتەوە، نەک تەنها سێنتەری ئەو زمانە دەکەوێتە ناو پڕۆسەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی، نەخێر بەڵکو بونیادە پێکهاتووەکانیش دەچنەوە ناو ئەو پڕۆسەیە، زمانی نمایش.. زمانی بینین و دیدگایە، نەوەک زمانی وتراو.

مۆدێرنیتی کارێکی زۆری بە وتراو بوو بەوەی هەیمەنەکردن بۆسەرگوتاری عەقڵانی هەیمەنەیەکی بە زۆر سەپێنراو بوو، کەوایکردبوو دەنگ توانای بینین لە شانۆکار وەرگرێتەوەو ئەو گوتارە نەیەڵێت خود تیایدا ئازاد بێت، ئۆدیب و دکتۆر ستۆکمان و نوراوئەڤگینیاو.....گریمانەیەکی نووسراوی نووسەر بوو بۆسەر دەرهێنەرو ئەکتەر، گریمانەیەک کە دەبوو لە ژێر ئەو ڕێنوماییە شانۆ بە ئەنجام بگات.

هەڵوەشاندنەوەی ئەو گریمانەیە مانای وایە کە (کردار)لە ڕێگەی سێنتەری دەقەوە نایەت، بەوەی تەواوی کردارەکان گرێ چنی درامی نووسەر پێکی بێنێت، بەڵکوئەوسێنتەرە بەتەواویی هەڵدەوەشێتەوە، بە هەڵوەشاندنەوەشی گرێ چنی درامی ڕۆژانی مەشق و ڕاهێنان دەست نیشانی دەکات کە شتێک هەیە بەو ناوە، چونکە دواتر دەشێ جەستە کۆدەکانی خۆی لەدیمەنێکدا بکاتەوە پرسیار کە کۆدەکان نەبنە گرێ چن بۆ دیمەنی دواتر، بەمانای ئەوەی گرێ چنی درامی مۆنتاژێکە وابەستەیە بە یادەوەریی وەرگرەوە.

ئەوەش مانای وایەکە دەق ڕەگەزێکی سەرەکی نیە، هێندەی وەک هەر ڕەگەزێکی تری شانۆ مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت، ڕەگەزی سەرەکی یادەوەریی گشتی شانۆکاری ناو مەشقە، بۆیە دەشێ ئەو شانۆیە وا لەنووسەری شانۆیی بکات چیتر دەقی شانۆیی وەک ڕەگەزێکی ئەدەبی نەنووسێت، بەڵکو وەک ڕەگەزێکی هونەریی سەیریی بکات، و بەمانای ئەوەی هەوڵی نووسینی دەقی بینراو بدات، ئەوەش پێشنیارکردنە بۆ جۆرە دەقێک کە هەموو کەسێک توانای نووسینی نابێت، چونکە پێویستی بە پاشخان ومەعریفەی شانۆیی و فیکریی دەبێت، بەمانای ئەوەی دەبێت کەسێک بێت لە دەرەوەی پڕۆسەی شانۆ بیر لە شانۆ نەکاتەوە، بەڵکو لەناو شانۆوە بیر بکاتەوە، ئەوکاتە دەبێت دەقەکە بۆ ئەوە نەنووسێت کە لەگۆڤارێکدا بڵاو بکرێتەوە، هێندەی خەمی نمایش کردنی هەبێت، چونکە دەقی شانۆیی ئێمە ژمارەیان کەم نیە، بەڵام دەگمەنن ئەو دەقانەی کە توانای زیندەگیو مانەوەیان هەیەو ڕۆحی شانۆ تیایاندا زیندووە، کە دیارترین دەقەکانی ئەو بوارەش نووسەرەکانیان شانۆکارن و توانیویانە لەناو پڕۆسەی نمایش بیر بکەنەوە.

ئەوەش مانای وایە ئەو شانۆیە شانۆیەک نیە شاعیر و نووسەروچیرۆکنووس بەرهەمی بێنن بەڵکو شانۆی خودیی شانۆکارە، کەوایە با پرسیارێکی تر بکەین ئاخۆ ئەو شانۆیە لای شانۆکاری کورد بە هیچ چەشنێک کاری بۆکراوە؟

بۆ ئەوەی بەلاریدا نەڕۆین پێویستە ئاوڕ لەو ئەزمونانە بدەینەوە،وکەپڕۆژەی شانۆی پۆست مۆدێرنیتی لەناو خۆیدا هەڵگرتبوو لە ژێرناوی شانۆی ئەزمونگەری، ئەو ئەزمونە ئەگەرلەساتەوەختی خۆیدا نەیتوانی زەمینەو گوتارێکی سەربەخۆ بۆ شانۆی پۆست مۆدێرنیتی بەرهەم بێنێت بەڵام توانی زەمینەیەکی زانستی بۆ ئەو شانۆیە دروست بکات کە ئەمرۆ دەبێت هەوڵەکانی ئەو بوارە بەو دەسپێکە ناو بەرین.

کەئەزمونەکانی دواتر توانیویەتی درێژە بەو شانۆیە بدات، لێرەدا ئەوەی مەبەستی ئێمەیە ناوبردنی نمایشەکان نیە هێندەی گرنگی لەوەدایە ئیدیی تاکە ستایل و تاکە مۆدێک لە شانۆی ئێمەدا نابێتە مۆدیی باو ئیدیی ئەو سەردەمە کۆتایی هات هەموومان بەیەکەوە پابەندبین بە ستانسلافسکی یا مایەرهۆڵد یا گرۆتۆفسکی، گرنگیەکی تریشی لەوەدایە کە ئیتر شانۆکاری کورد بە درەنگ بە ئاگا نایەتەوە، چونکە نەوەیەک هەیە دڵنیایی ئەوەمان پێ ببەخشێت کەتوانای ئەوەی هەیە لەتەک ڕەوتەکەدا بڕوات، ئومێدی ئەوەمان ماوە لەکۆتایی ئەو کورتە وتارەدا ئەوە بڵێین کەتەواویی ئەو ئەزمونەی دەساڵەی دوایی بە پێی پێویست لە نزیکترین دەرفەتدا بگەڕێینەوە سەری بۆئەوەی ئاستی پێشڤە چوون و شکستی کارەکانمان لە ڕووبەری گوتارە شانۆیەکەمان دەست نیشان بکەین، ئەوەلەپاڵ ئەوەی بزانین ئەو گوتارەی ڕەخنەییەش تاچەند توانیویەتی لەتەک ئەزمونەکاندا گوتارێکی ڕەخنەیی جیاواز بێنێتە ئاراوە.(٤)

**پەراوێزەکان**

١- سەبارەت بە تێڕوانینی دریدا بە شانۆی ئارتۆ لە وتارێکدا بەناوی(شانۆی توند وتیژیی وسنوری نواندن) دریدا ئەو شانۆیە ناو دەبات بەشانۆیەک لەدژی سێنترالیزمی لۆگۆسی شانۆیەک کەتیایدا ڕەخنەی ئاراستەی سێنتەر کردووە، دواتر هەوڵ دەدات لەنێوان بەیاننامە شانۆیەکانیئارتۆو کتێبی ڕاڤەکردنی خەونی فرۆید قسە لەپەیوەندیی نێوان چەمکی نەستو شانۆی توندو تیژیی بکات، لەو بارەیەوە بڕوای وایە کە شانۆی توندوتیژیی شانۆی خەونە، بەلایم خەونێکی زەحمەت بۆیە ئەو شانۆیە شانۆیەکی نەستی نیە بەڵکو شانۆی ئاگاییە و چونکە توندوتیژیی ئاگاییە، بۆئەوەش پشت دەبەستێتەوە بە پەڕەگرافێکی ئارتۆ کە دەڵێت" توندو تیژیەک نیە بەبێ ئاگایی؟، بەبێ جۆرێک لە ئاگایی" بۆ تێگەیسشتنی زیاتر لەبارەی تێڕوانینی دریدا بۆ شانۆی ئارتۆ بڕوانە: الكتابه و الاختلاف/جاك دريدا، ترجمه(كاڤم جهاد)دار توبقال للنشر، الگبعه الاولى، ١٩٨٨، ص٧٥-١٠١

٢-گراماتۆلۆژیا/نیهاد جامی، ماڵپەری دەنگەکان

٣- سەبارەت بە ناونانی ئەو شانۆیە ئەوە یەکێکە لەو سیما نوێیانەی ئەمڕۆی شانۆ، نەک هەر لەئاستی ولایتێکدا بەڵکو لەدوا خولی ڤیستڤاڵی شانۆی ئەزمونگەری قاهیرە ئەو شانۆیە سیمیناری تایبەت و کۆڕو لێکۆڵینەوەی زۆری لەبارەوە نووسراو دوانی لەبارەوە کراوە، ئەوەش مانای وایە شانۆیەکە لەو سەردەمەداکە گفتوگۆ لەنێوان مۆدێرنیتیو فەیلەسوفانی پاش مۆدێرنیتی هەر تەنها لە ناو هونەری بیناسازی شوێنی خۆی نەگرتەوە بەڵکو بۆ شانۆش پەڕیەوە، بەلایم بۆ ئەوەی وەک ئەو هەموو ئەو ئەزمونەی لە ڕابردوودا شانۆی ئێمە بە درەنگ پێی ئاشنا نەبێت، ئەگەر هەوڵێکی بچووک و بێتواناش بێت ویستمان لە ڕێگەی ئەو نووسینەوە بەشداریی لەو شانۆیە بکەین، بۆئەوەی ئەگەر بکرێت بتوانین لە ئایندەدا ئەو ئەزمونە نەخەینەخانەی بێئاگایی خۆمانەوە، یان بە بیانوی ئەوە لە ئەوروپا باوی نەماوە، ئەو بیانووە نەک هەر هێندە بێمانایە کەکەس گوێی لێ ناگرێت، بەڵکو بێمانایەکەی لەوێوە دەست پێدەکات، کە ئەو ئەزمونە ئەمرۆ گفتوگۆی زۆری شانۆکارانی لەسەرەو ئەوە تەنها نەگبەتی ئێمەیە کە پێمان وایە سەردەمی نەماوە، کەلەڕاستیدا سەردەمی بیانووە بێهێزەکانی شانۆکاری کورد کۆتایی هات.

٤- ئەو کورتە وتارە بەرەنجامی کارە بانتۆمیمەکانە کە لەهەریەک لەنمایشەکانی "لەماڵێکدا، ئەفسانەی ڕێگای هاتو نەهات، سەفەرەکانی پەشیمانی، عەبا، یادەوەریی جەستە" وەک دەرهێنەرکارمان تیادا کردووە. ■



### مۆزیک ژەنە ناودارەکانی جیهان

## ■ کارلۆس دۆسیکساس

**(١٧٠٤-١٧٤٢)**

**ئا: باران**

□ دانەرێکی پورتوگالییەو ژەنیارێکی بەتوانای ئۆرگ بوو، لە کوامبرا لەدایک دەبێت، باوکی هاندەرێکی باشی بووە لەفێربوونی وانەکانی لەمەر ئۆرگ، لەساڵی ١٧١٨دا دەبێت بەژەنیاری ئۆرگ، لەکلێسەی کوامبرا، ساڵی ١٧٢٠ لەلایەن جۆنی پێنجەمەوە بانگ دەکرێت، وەک ژەنیارێکی ئۆرگ لەکۆشکی پاشادا دەست بەکار دەبێت، هەر لێرەشەوە، چاوی بە دۆمینیکۆ سکالارتی دەکەوێت، ناوبراو کاریگەرییەکی زۆر لەسەر کارلۆس جێدەهێڵێت، لە ساڵی ١٧٣٧دا پاشا لەقەبی سوارچاکی پێ دەبەخشێت، ئەمیش دەرەنجامی بەخشیش و تواناکانی بوو. ساڵی ١٧٤٢کۆچی دوایی دەکاتو لەدوای خۆیشی چەندین بەرهەمی پڕ لەداهێنان جێدەهێڵێت، لەوانە ٧٠٠ دانە تۆکات کلامنسان، واتە بۆ ئۆرگ، بەڵام بەداخەوە ئەو بومەلەرزەیەی کەساڵی ١٧٥٥ لە لشبۆنە دەدات، ئەو شوێنەی بەرهەمەکانی کارلۆسی تیادا دەبێت، زۆربەی بەرهەمەکانی دەکەوێتە ژێر زەوی و تیادەچێت. ئەو دانەرە خاوەن بەهرەیە، بەگەورەترین دانەری سەدەی هەژدەهەمی پورتوگالی دادەنرێت.

بەرهەمەکانی:

یەک سەمفۆنیا، کۆنشرتۆیەکی زۆر جوان بۆ کلامنسان. زیاتر لە ٦٤ سۆناتا بۆ کلامنسان. ■

## ■ جان بابتیست سینایلیە

**(١٦٧٧-١٧٣٠)**

□ دانەرێکی فەرەنسییە، خۆی ژەنیارێکی کەمانچەی بەتواناو، باوکیشی ژەنیاری کەمانچە بووە، لای ئنیت، لەدواییدا لای أ.فیتالی، وانەکانی موزیکی خوێندووە. دوای گەڕانەوەی بۆ پاریس، لەتیپی کۆشکی پاشا کاری کردووە. هەر لێرەشەوە، بەهۆی ئاهەنگەکانی توانیویەتی لە ساڵی ١٧٢٨-١٧٣٠ بەرهەمە موزیکیەکانی خۆی پێشکەش کات، لەهەرە گرنگەکانیشی، هەندێک لەسۆناتاکانە،کەبۆ ئامێری کەمانچەی دانابوون، کەپڕاوپڕ بووە لەتواناو داهێنانی جان.

بەرهەمەکانی:

پێنج جلدی گەورە، کەپێک هاتووە لە پەنجا سۆناتا بۆ کەمانچە، لەگەڵ باص کۆنتینیو. ■

laparakan.qxd 4/24/2005 11:03 AM Page 12



# ڕەنج ڕووەو لوتکە هەنگاو دەنێت..؟

## × ئەم ڕاهێنەرە عەرەبانە، هەر کێشەمان بۆ دەنێنەوە.

## × یاریکەری خۆمان لەعەرەبەکان دڵسۆزانەتر یاری دەکەن.

**محەمەد عەلی سەعید**

□ ئەو گرنگیەی بە یاریکەرە عەرەبەکان دەدرێ لەیانەکانی کوردستاندا، ئەگەر نیوەی ئەوە گرنگی بەیاریکەرەکانی شارەکەی خۆمان بدرایە، ئێستا قسەیەکی ترمان دەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا فوتبۆڵی کوردستان بەگشتی و سلێمانی بەتایبەتی لەقەیرانێکی کەم وێنەی فوتبۆڵدا دەژی، بەڵام هێشتا لاوی بەهرەمەندمان لە فوتبۆڵدا هەیە، ئەگەر پشتگیری بکرێن و زەمینەیان بۆ خۆش بکرێت، ئەوا هیچیان لە یاریکەرە عەرەبەکان کەمتر نییە.

(ڕەنج محەمەد عەلی)، یاریکەری فوتبۆڵی یانەی وەرزشی سلێمانی، لاوێکی بەهرەمەندە، لەهێڵی



ناوەراست و هێرشدا یاری دەکات، تەکنیکێکی باشی هەیە، بەگۆشە نیگایەکی گەورە یاریگا دەبینێت، ئەقڵێکی وای هەیە کەبتوانێت یاری بەرێکوپێکی بخوێنێتەوە، خێرایی بەتۆپ و بەبێ تۆپ باشە، یاریکەرێکە کە ماوەیەکە سەرنجی جەماوەری بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، کاکە (ڕەنج)یش بۆچوون و داخوازی و ڕای خۆی لەفوتبۆڵدا هەیە، حەزمان کرد لە دەرفەتێکدا ئەوەی لەناخیدایە دەربارەی خۆی و فوتبۆڵی ئەمشارەو کوردستان بۆ لاپەرەی وەرزشی (چاودێر)، ڕاشکاوانە دەریبرێت و هەر لەرێگەی لاوێکی وەهاوە بەرپرسانی وەرزش و جەماوەری فوتبۆڵ و خواست و نارەزایی و لایەنە پەسەندو نا پەسەندەکانی فوتبۆڵی سلێمانی و کوردستان بزانن:

چاودێر: سەرەتای دەست پێکردنی وەرزشت دەگەڕێتەوە بۆکەی و کێ هاندەرت بووە؟

ڕەنج: سەرەتای دەست پێکردنی وەرزشم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٦-١٩٩٧ لەتیپی تازە پێگەیشتوانی (یۆهان)، لەژێر دەستی ڕاهێنەر (ئالان تایەر). هاندەری یەکەمیشم بەڕێزان باوکم و کاک (سەرکەوت حەسەن)ی سەرۆکی یانەی وەرزشی سلێمانی بوو، لە ساڵی ١٩٩٧-٢٠٠٠ بۆ تیپی پلە دووی یانەی (یۆهان) یاریم کرد، لە ساڵی ٢٠٠٠یشەوە بۆ تیپی پلەیەکی یانەی وەرزشی سلێمانی یاری دەکەم و ئێستا بەڕێز (سەلاح شێخ ئەمین) مەشقم پێدەکات.

چاودێر: جگەلە فوتبۆڵ حەزت لە چ وەرزشێکی ترە؟

ڕەنج: حەزم لەیاری تۆپی دەستە.

چاودێر: جگەلە وەرزش، کاتەکانی ترت بەچییەوە بەسەر دەبەیت؟

ڕەنج: حەزم لەخوێندنەوەیە، بەتایبەتی چیرۆکی درێژو ڕۆمان.

چاودێر: ڕات چییە بەرامبەر هێنانی ڕاهێنەرو یاریکەری عەرەب بۆکوردستان؟

ڕەنج: ڕاهێنەرە عەرەبەکان هەر کێشەمان بۆ دەنێنەوەو سودمان لێوەرنەگرتوون. یاریکەرە کوردەکانیش زۆر دڵسۆزانەتر یاری دەکەن بۆ یانەکانیان، تا ئێستا عەرەبەکان سودیان نەبووە.

چاودێر: ڕات چییە، بەرامبەر ڕاگەیاندنی وەرزشی کوردستان؟

ڕەنج: تا ئێستا ڕاگەیاندنی وەرزشی کوردستان لە ئاستی پێویستدا نییە.

چاودێر: کام ڕاهێنەر کاریگەری باشی لەسەرت هەبووە؟

ڕەنج: بەڕێز (سەلاح شێخ ئەمین).

چاودێر: حەز دەکەیت بگەیتە ئاستی کام یاریکەری کوردستان؟

ڕەنج: حەز دەکەم بگەمە ئاستی هەردوو یاریکەری یانەی سلێمانی (هونەر عومەر، کوردستان زاهیر).

چاودێر: کام یانەی جیهانی و کام هەڵبژاردەی فوتبۆڵی جیهانیت خۆش دەوێت؟

ڕەنج: لە یانەکاندا (ئەنتەر میلان)و لەهەڵبژاردەکانیشدا، هەڵبژاردەی (ئەرجەنتین).

چاودێر: جوانترین گۆڵت لەکام تیپ کردووە؟

ڕەنج: جوانترین گۆڵی خۆمم لە تیپی یانەی (ئارارات)کردووە.



چاودێر: بەکام یاریکەری جیهانی سەرسامیت؟

ڕەنج: (ڕۆناڵدینۆ)ی بەرازیلی سەرسامم دەکات.

چاودێر: ئاستەنگەکانی بەردەمی فوتبۆڵ لە سلێمانیدا چییە؟

ڕەنج: نەبوونی یاریگا.

چاودێر: ئایا ئەو زەمینەیەی بۆ ڕاهێنەرو یاریکەری عەرەب و دەرەوەی ئەم شارەی خۆش دەکەن، بۆ ڕاهێنەرو یاریکەری ناوشاری سلێمانی خۆش دەکەن؟

ڕەنج: نەخێر.. هەرگیز بەچارەکی ئەوان بۆ ڕاهێنەرو یاریکەری ناو شاری سلێمانی زەمینە خۆش ناکرێت!

چاودێر: ئاواتی وەرزشیت چییە؟



ڕەنج: هیوادارم ئاستی هونەریم بەرز بێتەوە، تاکو بتوانم باشتر خزمەتی یانەکەم و شارەکەم بکەم.

دواجار، بەرای من، (ڕەنج) ئایندەیەکی گەش چاوەروانی دەکات، ئەگەر بەردەوام بەحەزو ئارەزووەوە مەشق بکات و کەمێک پێویستی بەمەشقی هێز (القوه) هەیە، لەسەرو ئەمەشەوە هەلی ئەوەی بۆ برەخسێنن کەلە یاریدا بەرامبەر بەتیپە بەهێزەکان یاری بکات و بەتەواوەتی قاڵ بێت، ئەوا ڕووەو لوتکە هەنگاو دەنێت.

پێناسەی کەسێتی:
ڕەنج محەمەد عەلی.
لەدایک بووی ساڵی ١٩٨٣.
گەرەکی ڕزگاری شاری سلێمانی.■

پەیامی لاپەرە

# بۆ وەرزشکار بەکەمتر سەیر دەکرێت؟

**حەمە بچکۆل**

□ تا ئێستا لەو نهێنییە تێنەگەیشتووم، کە بۆچی بەدرێژایی مێژووی ئەم شارەو لەهەموو قۆناغەکاندا، وەرزش پلەوپایەو نرخی ڕاستەقینەی خۆی پێینەدراوە، هەمیشە وەرزشکار بەچاوی چەند پلەیەک خوارتر لە چین و توێژی هونەرمەندان و ئەدیبان سەیرکراوە.

من هەرگیز ڕێگە بەخۆم نادەم بڵێم چینی ئەدیبان و هونەرمەندان چینێکی کەمن، یاخود خوانەخواستە لە ڕێزو بایەخیان کەم بکەمەوە، بەڵکو جگەلەوەی کەپیشەکەیان یاخود ئارەزووەکەیان ئارەزوویەکی زۆر گەورەو پیرۆزە، چەندین مرۆڤی گەورەو نیشتمان پەروەریشیان تیادا هەڵکەوتووەو، چەندین شەهیدیشیان پێشکەش بەرێگەی ڕزگاری کوردستان کردووە، بەڵام لەهەمان کاتدا، وەرزشکارانی کوردستان وەک نیشتمان پەروەر هەرگیز درێغیان نەکردووەو بەدەیان شەهیدیان لە ڕێی ڕزگاری کوردستاندا بەخشیوە، جگەلەمەیش وەرزش لەهەموو دنیادا ئەگەر لەئەدەب و هونەر ڕۆڵی زیاتر نەبێت، ئەوا هەرگیز کەمتر نییە، بەتایبەتی لەبواری ناسینی گەلان بەیەکتری، چونکە زمانی وەرزش، زمانێکی یەکگرتووی جیهانییەو هەموو کەسێک لەجیهاندا لەهەر نەتەوەو ئایین و ڕەگەزو تیرەو وڵاتێک بێت، لە ڕاکردن و خۆهەڵدان و بازدان و تەقلە لێدان و شوت لێدات و خۆ خلیسکاندن و مەلەکردن و... هتد دەگات.

لێرەدا، ئەوەی دەمەوێ بەراشکاوانە بیڵێم، ئەوەیە:

(بۆچی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم، موچەی ڕێزلێنان بۆ ئەو هەموو هونەرمەندو ئەدیبە دەبڕێتەوە، کەچی موچەی ڕێزلێنانی کۆمەڵێک وەرزشکاری کەم، کەهەموو تەمەنیان لە خزمەتی وەرزشی کوردستاندا بەسەر بردووە، ڕەت دەکاتەوە)؟.■

# هەواڵی وەرزشی جیهانی

**سامان دوکانی**

## زیدان ئارەزوو دەکات بگەڕێتەوە هەڵبژاردەی فەرەنسا

□ زەینەدین زیدان یاریزانی ناوداری جیهان و یانەی ریاڵ مەدرید، یاریزانی پێشوی هەڵبژاردەی فەرەنسا لەلێدوانێکی دا بۆ ڕۆژنامەی "فرانس سپۆرت"ی فەرەنسی ئارەزوی خۆی دەربڕی بگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردەی فەرەنسا لەیاری نێوان "فەرەنساو ئیرلەندای باکوور" کە یەکێکە لەیاریەکانی پاڵاوتنی کیشوەری ئەوروپا بۆ مۆندیالی (٢٠٠٦) لەئەڵمانیا. بەڵام زیدان باسی ئەوەی نەکرد کەئاخۆ تەنها لەو یاریە یاری دەکات یان بەردەوام دەبێت لەیاری بۆ فەرەنسا. شایەنی باسە "زیدان"ی ناوداری فەرەنساو جیهان، چەندین نازناوی بەدەست هێناوە لەگەڵ هەڵبژاردەکەی.

لەوانە بەدەستهێنانی مۆندیالی (١٩٩٨)، کاسی ئەوروپای (٢٠٠٠)، بەدەست هێنانی (دوو) کاسی کیشوەرەکان لە (٢٠٠١، ٢٠٠٣) ئەم دەستکەوتانە بەسەردەمی زێڕینی فەرەنسا ناودەبرێن لەوەرزشی فەرەنسادا.■

## مۆرینۆ بۆندەکەی لەگەڵ چێلسی تازە کردەوە

□ (خافی مۆرینۆ) ڕاهێنەری یانەی (چێلسی) ئینگلیزی بڕیاری دا کەبۆندەکەی لەگەڵ یانەی (چێلسی) تازە بکاتەوە. ئەم بۆند تازەکردنەوەی (مۆرینۆ) لەگەڵ چێلسی تا (پێنج) ساڵی ترە. مۆرینۆ لەوەرزی ڕابردوو لەیانەی (پۆرتۆ)ی پاڵەوانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپاوە هاتە یانەی (چێلسی) لەم وەرزەدا لەیانەی چێلسی بۆ وەرزی ئەمساڵ بەبڕی (سیانزە) ملیۆن یۆرۆ ڕاهێنەری چێلسی کردووە.

شایەنی باسە لەوەتەی (مۆرینۆ) ڕاهێنەری چێلسی گرتۆتە دەست یانەی (چێلسی) لەخولی ئینگلیزیدا هیچ یاریەکی نەدۆڕاندوە، لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپاشدا تەنها یەک یاری دۆڕاندوە.■

## ریاڵ مەدرید لەبەرشلۆنەی بردەوە، کێ بڕکێ لەبەدەستهێنانی خولی ئیسپانیا بەردەوامە

□ ڕۆژی ٢٠٠٥/٤/١٠ بەهێزترین یاری خولی یانەکانی ئیسپانیا ئەنجام درا لەنێوان (ریاڵ مەدرید و بەرشلۆنە) یاریەکە لەیاریگای (سەنتیاگۆ بەرنابۆ) ی تایبەت بەیانەی ریاڵ مەدرید ئەنجام درا.

یاریەکە یاریەکی زۆر ئاست بەرزبوو. چەند گۆڵێکی جوانی تێدا تۆمار کرا. ریاڵ مەدرید چوار بەدوو لەبەرشلۆنەی بردەوە. گۆڵەکانی ریاڵ مەدرید هەریەکە لە(زیدان و ڕۆناڵدۆ و ڕائول و مایکڵ ئۆین) تۆماریان کرد گۆڵەکانی بەرشلۆنەش (سامیۆل ئیتۆو ڕۆناڵدینۆ) تۆماریان کرد بەم بردنەوەیەش ریاڵ مەدرید خاڵەکانی بوو بە (٦٣) خاڵ لەپلەی دووەم مایەوە بەرشلۆنەش بە (٦٩) خاڵ لەپلەی یەکەمدایە بەجیاوازی تەنها (شەش) خاڵ.

بەم شێوەیەش کێ بەرکێ لەبەدەست هێنانی خولی ئیسپانیا لەنێوان (ریاڵ و بەرشلۆنە) بەردەوامە.■





ڕۆنالدۆ: ئێمە فشارمان هێناوە بۆ بەرشەلۆنە



ئێلینا دیمینتیڤا بەر لەبردنەوە



ئەگاسی دووبارە دەدۆڕێ بە ڕۆدیک